# کارابوونی زمان
# له پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا



بسم الله الرحمن الرحيم

{وَمِنْ ءايَاتِه خَلْقُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَاخْتِلَافُ أَلْسِنَتِكُمْ
وَأَلْوَانِكُمْ إِنَّ فِي ذَالِكَ لأَيَاتٍ لِّلْعَالِمِينَ}

سوره الروم: الآية: ٢٢

# کارابوونی زمان
# لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا

a

## شیلان عوسمان عەبدولرەحمان



دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی

- **کارابوونی زمان لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا**
- نووسینی: شیلان عوسمان عەبدولرەحمان
- نەخشەسازی ناوەوە: گۆران جەمال رواندزی
- بەرگ: ئاسۆ مامزادە
- ژمارەی سپاردن:
- نرخ: ١٥٠٠ دینار
- چاپی یەکەم ٢٠٠٩
- تیراژ: ٥٠٠ دانە
- چاپخانە: چاپخانەی هاوسەر (هەولێر)

زنجیرەی کتێب ()

هەموو مافێکی بۆ دەزگای موکریانی پارێزراوە

ماڵپەڕ: www.mukiryani.com
ئیمەیل: info@mukiryani.com

## ناوەڕۆک


| | |
|---|---|
| پێشەکی | ١١ |
| **بەشی یەکەم : پرۆسەی پەیوەندیکردن** | ١٥ |
| ١-١- زمان و پرۆسەی پەیوەندیکردن | ١٧ |
| ١-٢- چەمك و پێناسەی پەیوەندیکردن | ١٩ |
| ١-٣- شێوەکانی پەیوەندیکردن | ٢٣ |
| ١-٣-١ پەیوەندیکردنی گوتەیی | ٢٤ |
| ١-٣-٢ پەیوەندیکردنی ناگوتەیی | ٢٤ |
| کۆدە دەربڕاوەکان | ٢٥ |
| کۆدەدروست کراوەکان | ٢٦ |
| کۆدەکانی ڕاگەیاندن | ٢٦ |
| کۆدەکانی بارودۆخ | ٢٦ |
| ١-٤- تیۆرەکانی پەیوەندیکردن | ٢٦ |
| ١-٤-١ کردە مۆدێل | ٢٧ |
| ١-٤-٢ مۆدێلی کارلێککردن | ٢٨ |
| ١-٤-٣- مۆدێلی ئاڵوگۆڕکردن | ٢٩ |
| ١-٤-٤- مۆدێلی دارێژەر | ٢٩ |
| ١-٥- جۆرەکانی پەیوەندیکردن | ٣٠ |
| ١-٥-١ پەیوەندیکردنی خودی | ٣٠ |
| ١-٥-١-١-ئاگایی | ٣٢ |
| ١-٥-١-٢-بێ ئاگایی (نەستی) | ٣٢ |





| | |
|---|---|
| ١-٥-٢ پەیوەندیکردنی ناوەندی | ٣٣ |
| ١-٥-٣- پەیوەندیکردنی جەماوەری | ٣٣ |
| ١-٥-٤- پەیوەندیکردنی کەسی | ٣٤ |
| پەیوەندیکردنی دووانە | ٣٥ |
| پەیوەندیکردنی بەگروپ | ٣٥ |
| ١-٥-٤-١-تایبەتمەندی پەیوەندی کەسی | ٣٦ |
| ١-٥-٤-٢-ئەرکی پەیوەندیکردنی کەسی | ٣٧ |
| ١-٥-٤-٢-١- هاوسۆزی | ٣٧ |
| ١-٥-٤-٢-٢-قەدەغەکردنی پەیوەندی | ٣٨ |
| ١-٥-٤-٢-٣-تۆمارکردن و گواستنەوە | ٣٩ |
| ١-٥-٤-٢-٤-پەیوەندیکردنی بەسوود | ٣٩ |
| ١-٥-٤-٢-٥-ئەرکی سۆزداری | ٣٩ |
| ١-٥-٤-٢-٦-پاکبوونەوە | ٤٠ |
| ١-٥-٤-٢-٧-سحر | ٤٠ |
| ١-٥-٤-٢-٨- بەکارهێنانی زمان لە جێبەجێکردنی نەریتەکان | ٤١ |
| ١-٥-٤-٣- پێویستییەتی پەیوەندی کەسی | ٤١ |
| ١-٥-٤-٤- کردەی رازیکردن | ٤٢ |
| ١-٥-٤-٤-١- رازیکردن لەڕێگەی هۆشەوە | ٤٣ |
| ١-٥-٤-٤-٢- رازیکردن لەڕێگەی سۆزەوە | ٤٣ |
| ١-٥-٤-٤-٣ رازیکردن لەڕێگەی ترسەوە | ٤٤ |
| ١-٥-٤-٤-٤- رازیکردن لەڕێگەی دووبارەکردنەوە | ٤٧ |
| ١-٦- ڕەگەزەکانی پەیوەندیکردن لە پەیوەندی کەسی دا | ٤٨ |

| | |
|---|---|
| ١-٦-١- قسەكەر | ٤٨ |
| ١-٦-٢-گوێگر | ٤٩ |
| ١-٦-٣-پەيام | ٥١ |
| ١-٦-٤-كۆد | ٥٢ |
| ١-٦-٥-ژاوەژاو | ٥٣ |
| **بەشی دووەم: هۆكارەكانی كارابوونی زمان** | ٥٧ |
| ٢-١- پێوەرە كۆمەڵايەتييەكانی قسەكردن | ٥٩ |
| ٢-١-١- زۆرگوتن | ٦١ |
| ٢-١-٢- قسەپێبڕين | ٦٢ |
| ٢-١-٣- كەم دوويی | ٦٣ |
| ٢-١-٤- دەنگ بەرزكردنەوە | ٦٤ |
| ٢-١-٥- پرسياركردن | ٦٥ |
| ٢-١-٦- گوێگرتن | ٦٦ |
| ٢-١-٧- ڕاستگۆيی | ٦٧ |
| ٢-١-٨- درۆكردن | ٦٧ |
| ٢-٢- كاريگەری پێگەی كۆمەڵايەتی لەسەر كارابوونی زمان | ٦٨ |
| ٢-٢-١- پێگەی سياسی | ٦٩ |
| ٢-٢-٢-پێگەی ئايينی | ٧٠ |
| ٢-٢-٣- پێگەی ئابووری | ٧١ |
| ٢-٢-٤- پێگەی رۆشنبيری | ٧٢ |
| ٢-٢-٥- پێگەی كۆمەڵايەتی | ٧٣ |
| ٢-٣- كاريگەرييە گوتييەكان | ٧٥ |





| | |
|---|---|
| ٢-٣-١- بەكار هێنانی دەربڕينە قەدەغەكراوەكان | ٧٥ |
| ٢-٤- كاريگەرييە ناگوتەييەكان | ٧٩ |
| ٢-٤-١-بەكارهێنانی كۆدە ناگوتەييەكان | ٧٩ |
| ٢-٤-٢- كۆدە دەربڕاوەكان | ٨١ |
| ٢-٤-٢-١- پارازمانی | ٨١ |
| ٢-٤-٢-٢- زمانی جەستە | ٨٦ |
| ٢-٤-٢-٢-١- دەربڕينەكانی جوڵەی سەر | ٨٧ |
| ٢-٤-٢-٢-٢- دەربڕينەكانی جوڵەی چاو | ٩٠ |
| ٢-٤-٢-٢-٣- دەربڕينەكانی ڕوو | ٩١ |
| ٢-٤-٢-٢-٤- دەربڕينەكانی جوڵەی دەست | ٩٣ |
| ٢-٤-٢-٢-٥- دەربڕينەكانی جوڵەی پێ | ١٠٥ |
| ٢-٤-٢-٣- مەودا و ئاراستەی جەستە | ١٠٧ |
| ٢-٤-٢-٣-١- دەست لێدان (بەريەك كەوتن ) | ١٠٧ |
| ٢-٤-٢-٣-٢- مەودا و دووری جەستە | ١٠٩ |
| ٢-٤-٣- كۆدە دروستكراوەكان | ١١١ |
| ٢-٤-٤-كۆدەكانی بارودۆخ | ١١٢ |
| **بەشی سێيەم: كارابوونی زمان لە پەيوەندييە كۆمەڵايەتيەكان** | ١١٥ |
| ٣-١- دانەزمانييەكان لە پەيوەنديكردن | ١١٧ |
| ٣-٢-كارابوونی زمان لە پەيوەندييە كۆمەڵايەتييەكان | ١١٩ |
| ٣-٣- نموونەكان | ١٢٠ |
| ئەنجامی لێكۆڵينەوە | ١٣٦ |
| ليستی سەرچاوەكان | ١٣٨ |

| | |
|---|---|
| ملخص البحث | ١٤٣ |
| Abstract | ١٤٤ |


## فەهرستی هێڵكارییەكان


| هێڵكاری | ژمارەی هێڵكاری | |
|---|---|---|
| پەیوەندی نێوان زمان، مرۆڤ، پەیوەندیكردن | ( ١ ) | ١٩ |
| كردە مۆدێل | ( ٢ ) | ٢٧ |
| مۆدێلی كارلێككردن | ( ٣ ) | ٢٨ |
| مۆدێلی ئاڵوگۆڕكردن | ( ٤ ) | ٢٩ |
| كار و بەرهەمی پرۆسەی پەیوەندیكردن | ( ٥ ) | ٥٦ |
| چەرخەی پلوتیچك بۆ دابەشكردنی هەڵچوونەكانی سەر ڕوو | ( ٦ ) | ٩٣ |

# پێشەکی

**ناونیشانی لێکۆڵینەوەکە :**

( کارابوونی زمان لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا ) ناونیشانی ئەم لێکۆڵینەوەیە، مەبەست لە (کارابوونی زمان ) واتە لە ڕێگەی زمانەوە کاریگەری دروستکردن لەکردار و ڕەفتار و گوفتاری بە شداربووانی قسەکردن، ئەم کاریگەرییەش ببێتە هۆکاری پچڕانی پەیوەندی کۆمەڵایەتی یا لاواز بوون و بەکەم سەیرکردن، یا بەپێچەوانەوە دروست بوون و بەهێز بوونی پەیوەندی کۆمەڵایەتی .

لەڕێگەی ئەم ناونیشانە هەوڵدەدرێ وەڵامی ئەم پرسیارانە بدرێتەوە :-

کەی زمان لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان کاریگەری بەجێ دەهێڵێ ؟چۆن ئەو کاریگەرییە دروست دەبێ ؟ ئەو هۆکارانە چین کەوا دەکەن زمانی کەسێك لە کەسێکی دی کاراتربێت ؟ زمان چ کاردانەوەیەکی هەیە لە ڕێکخستن و تێکدانی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان ؟ ...؟...؟ ..

**سنووری باسەکە :**

کارەکە لە سنووری زمانەوانی کۆمەڵایەتی دا ئەنجام دراوە، بەڵام هەندێ جار پەل دەهاوێ بۆ زمانەوانی کارەکی ( Functional Linguistics ) کەبریتییە لە چۆنیەتی بەکارهێنانی زمان لە پەیوەندییەکاندا .

**هۆی هەڵبژاردنی بابەتەکە:**

هۆکاری سەرەکی بۆ هەڵبژاردنی ئەم بابەتە دەگەڕێتەوە بۆ :-

١- ڕوونکردنەوەی جێکاری زمان لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا، چونکە زۆربەی زمانەوانان پێیان وایە پەیوەندی و دیاردە کۆمەڵایەتییەکان کار لەزمان دەکەن.

٢- کەمی لێکۆڵینەوە لەسنووری زمانەوانی کۆمەڵایەتی و زمانەوانی کارەکی .

٣- نەبوونی لێکۆڵینەوەی تایبەت بە پەیوەندی کەسی .



**کەرستەی لێکۆڵینەوەکە:**

لێکۆڵینەوەکە بەکەرستەی زمانی کوردی زاری کرمانجی ناوەراستە، نموونەکان لە قسەکردنی ناو فلیم و تەمسیل وەرگیراون، چونکە لە نموونەکاندا پێویستە جەخت لەسەر ئەو خاڵە بکرێتەوە، کە زمان دەبێتە خاڵی وەرچەرخانی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، فلیم و تەمسیلەکانیش ئازادی بڵاوکردنەوەیان زیاترە، لەزۆرباردا پەیوەندییە لە مێژینە و پێشینەی قسەکەر و گوێگر دەبێتە بنەمای کارابوونی یا کارانەبوونی پەیامی قسەکەر، کە لە فلیم و تەمسیلەکان ئاسانتر دەستنیشان دەکرێ.

**ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە:**

لەم نامەیەدا پێڕەوی ( پەسنیی شیکاری ) گیراوەتەبەر بۆخستنەڕوو و ڕوونکردنەوەی بابەتەکانی لێکۆڵینەوەکە بۆ زیاتر بەرجەستەکردنی زانستێتی لێکۆڵینەوەکە کاری مەیدانی ئەنجامدراوە .

**گرنگی لێکۆڵینەوەکە:**

دەشێ گرنگی ئەم لێکۆڵینەوەیە لەم خاڵانەی خوارەوە بخرێتەڕوو :-

١- ڕوونکردنەوەی چۆنییەتی بەکارهێنانی زمان لەبار و کەسە جیاوازەکان لە پەیوەندی کەسیدا.

٢- ڕوونکردنەوەی گرنگی زمان بۆ پتەوکردن و لەباربردنی پەیوەندی کۆمەڵایەتی نێوان تاکەکان.

٣- نیشاندانی گرنگی کۆدی ناگوتەیی لە پەیوەندییە کەسییەکان .

٤- دەرخستنی گرنگی جوڵە و مەودای جەستە لە گۆڕین و ئاڕاستە وەرگرتنی مەبەست لە لایەن پەیوەندیکەران .

## گرفتی لێکۆڵینەوەکە:

١- کەمی سەرچاوە بە زمانی کوردی، بەتایبەتی لەبارەی پەیوەندییە کەسی و زمانی جەستە.

٢- زەحمەت دەست کەوتن و تۆمارکردنی داتاکان، چونکە کاریگەری و کاردانەوەی زمانی دەشێ یەکسەر ڕوونەدات، وەك رك و کینە پەنگ بخواتەوە تا کات و شوێنی گونجاو. ئەو ئاخاوتنانەی تابۆ تۆمارکردن و نوسینیان ئاسان و لە بارنییە .

٣- دەستنەکەوتنی فلیم و زنجیرە تەمسیلییەکان ، چونکە کەناڵە تەلەفیزیۆنییەکانیش ڕێگەیان بەچوونە دەرەوەی ئەم بەرهەمانە نەدەدا.

ئەم نامەیە لە پێشەکی وسێ بەش و ئەنجامی لێکۆڵینەوەو لیستی سەرچاوەکان و دووپاشکۆ و کورتەی باس بەزمانی عەرەبی و ئینگلیزی پێکهاتووە:

### بەشی یەکەم:

ئەم بەشە تەرخان کراوە بۆ ڕوونکردنەوەی پرۆسەی پەیوەندیکردن، گرنگی زمان لە پەیوەندیکردن باسکراوە، کە ئامێری سەرەکی پەیوەندیکردنە، باس لە پێناسە و چەمکی پەیوەندیکردن و شێوەکانی پەیوەندیکردن، پەیوەندییە گوتەیی و ناگوتەیی و تیۆرەکانی پەیوەندیکردن کراوە، کە بریتین لە کردە مۆدێل و مۆدێلی کارلێکردن و مۆدێلی ئاڵ و گۆڕکردن و مۆدێلی داڕێژەر .

جۆرەکانی پەیوەندیکردن باسکراوە، کە بریتین لە پەیوەندیکردنی خودی و ناوەندی و جەماوەری و کەسی، جەخت کراوەتەوە سەر پەیوەندی کەسی، ئەرکی پەیوەندی کەسی و پێویستییەتی پەیوەندی کەسی و کردەی رازیکردن و ڕەگەزەکانی پەیوەندیکردن لە پەیوەندی کەسی خراونەتە ڕوو.



### بەشی دووەم:

لەم بەشەدا ئەو هۆکارانە دەستنیشان کراون، کە لە پەیوەندی کەسییەوە کاردەکەنە سەر پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، کە بریتین لە پێوەرە کۆمەڵایەتییەکانی قسەکردن و پێگە کۆمەڵایەتییەکان، هەروەها باس لەو کاریگەرییانەش کراوە، کە لە ڕێگەی زمانەوە کار لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان دەکەن وەك : وشەی تابۆ، پارازمانی و زمانی جەستە و جوڵەی جەستە چەند وێنەیەك بۆ ڕوونکردنەوەی کاریگەری جوڵەی جەستە لەسەر پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان خراونەتە ڕوو هەروەها کاریگەری مەودای فیزیکی پەیوەندیکەران لەسەر پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان ڕونکراوەتەوە، باس لە کۆدە دروستکراوەکان و کۆدەکانی باروودۆخ کراوە و کاریگەرییان لەسەر پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان ڕوونکراوەتەوە .

### بەشی سێیەم:

کە بەشە پراکتیکییەکەیە، نموونەکان نیشان دراون و ڕوون کراونەتەوە . نموونەکان لە ڕۆمان و فلیم و تەمسیل وەرگیراون، ئاشکرایە، کە ( فلیم و تەمسیل ) لەڕووی کاریگەرییەوە دەچنە بواری پێوەندەی جەماوەرییەوە، بەڵام باسی کاریگەری ئەم نموونانە نەکراوە لەسەرجەماوەر یا خوێنەر، بەڵکو باسی کاریگەری و کاردانەوەی کارەکتەری ناو فلیم و تەمسیلەکان کراوە لەسەر یەکدی، کە ئەمەش دەچێتە ناو بواری پەیوەندی کەسییەوە.

کۆمەڵێ بڕگە لەچەند فلیم و تەمسیل و زنجیرەی تەلەفزیۆنی وەرگیراون نموونەکانیان لێ هەڵێنجراوە، کە هەموویان سەر بە زمان و کولتووری کوردین.

# بەشی یەکەم

# پرۆسەی پەیوەندیکردن

## ١-١ -زمان و پرۆسەی پەیوەندیکردن:

زمان، بریتییە لەو هۆکارەی کومەڵگای مرۆڤایەتی بنیاتناوە و چالاکی بەخشیوەتە کارەکانی، مرۆڤەکانی بۆ هاوکاری و یارمەتیدانی یەکدی بەیەکەوە پێوەند کردووە، یارمەتی دەربڕین و گوزارشتکردن و گەیاندن و گواستنەوەی بیری بە مرۆڤ داوە، ئەم گەیاندن و گواستنەوەیە هاوبەشی لەنێوانیان دروست کردووە، کەواتە مرۆڤ هەمیشە لە پەیوەندی دایە، جا چ ئەو کاتە بێت، کە زانیاری خۆی دەبەخشێتە هاوڕەگەزەکانی یا زانیاری وەردەگرێ، یا بیر و ڕێز و خۆشەویستی دەگوێزێتەوە یا دەیەوێ شەڕ و ئاژاوە بنێتەوە، یا هەوڵدەدات بوونی خۆی بسەلمێنێت یا پێگە داگیردەکات یا لە پێگە بەرزەکان دادەبەزێنرێت.. هتد.

هەموو ئەم ئەنجامانە بەرهەمی زمانە ((سەرتاپای ژیانمان دەگەڕێتەوە بۆمەسەلەی قسەکردنمان، چونکە هۆکاری پەیوەندیکردنمانە))[1].

لای (جۆن لایەنز) زمان ئامێرێکە لە خزمەتی پەیوەندیکردن دایە [2]، کەواتە پەیوەندیکردن ئەو پرۆسە ئاڵۆزەیە، کە بەبێ زمان ئەنجام نادرێت، چونکە ((زمان گرنگترین ئامێری پەیوەندیکردنی نێوان ئادەمیزادە، بێ زمان پەیوەندی لە نێوان ئادەمیزاد پەیدانابێت، بێ پەیوەندی کۆمەڵ ساز نابێ)) [3]، جا ئەو زمانە زمانی نوسراو یا گوتراو گوتەی و ناگوتەیی بێت.

زمان ئەو تۆڕە تێکچڕژاوەیە، تاکەکانی کۆمەڵ و کۆمەڵەکانی جیهان پێکەوە دەبەستێتەوە زمان کەسایەتی و تەمەن و ڕەگەز و شوێن و ئاستی ڕۆشنبیری و بیروڕا و مەبەستی مرۆڤ ئاشکرادەکات، کەواتە ((زمان کاریگەرییەکی کارای هەیە لە سەر ژیانی تاک و کۆمەڵ، سەبارەت بە (تاک) هۆکاری پەیوەندیکردنە بەدەوروبەرەکەی

١- جمال حسين العتابى (٢٠٠٦، ٤٩).

2- Rasul(2006, 7)

٣- ميديا (١٩٩٨، ٦٠).



لەڕێگەی ئەم پەیوەندیکردنەشەوە درک بە مەبەستەکانی خۆی دەکات و (...) دەگاتە مەرامەکانی))[1].

لەم ڕووەوە سێ ئەرک بۆ زمان دەستنیشان کراون، کە بریتین لە (گوزارشت کردن، پەیوەندیکردن و کاریگەری، واتە گوزارشتکردن لە بیروڕاو هەست ، گەیاندنی بە کەسانی دی و کاریگەری دروستکردن)) [2] هەر گوزارشتێک ئەگەر نەچێتە پرۆسەی پەیوەندیکردنەوە کارا نابێت و کاریگەری دروست نابێت،چونکە ((ئەرکی پەیوەندیکردن سەرچاوەی هەموو ئەرکەکانی دی زمانە، ئەگەر بێتو لە ئەرکە جیاجیاکانی زمان وردبینەوە، دەبینین پەیوەندیکردن هاوبەشی هەموو ئەرکەکانی ترە و زمانیش ڕۆڵی بالای تێدادەگێڕێ))[3] ، کەواتە دەتوانین بڵێین پەیوەندیکردن، بریتییە لە گواستنەوەی بیروڕا و زانیاری و هەست و سۆز و کاریگەری دروستکردن لە وەرگرانی لە ڕێگەی زمانی هاوبەش لە نێوان بەشداربووان.

ئاخاوتن کە بریتییە لە بەکارهێنانی زمان لای فێرث تەنها ((بریتی نییە لەجوڵەی زمان (لسان) و لەرینەوەی ژێکانی قورگ و بیستن، بەڵکو زیاتر لەوە بەرهەمی کاری بیرە، ئەرکەکانی جێبەجێ دەکات وەک بەرێوەبەرێک بۆ بیرکردنەوەکانمان هەنگاوەکانمان دەپارێزێت لەو دەوروبەرەی کە تێیدا دەژین))[4]

زمان پەیوەندییەکانی تاک ڕێکدەخات و کارەکانی ئاسان دەکات هەر ئەمەشە هانی دەدات، کە هەمیشە حەزبکات لەگەڵ ئەو کەسانە پەیوەندی بکات، کە لە زمانی تێدەگەن و لەزمانیان تێدەگات.

١- سميع ابو مغلى (١٩٧٨، ٩).


٢- سميع ابو مغلى (١٩٧٨، ١٠).

٣- ئازاد ڕەمەزان عەلی(٢٠٠٥، ٦٣).

٤- هادی نهر(١٩٨٨، ١٩).

ئەم پەیوەندییە توند و تۆڵەی نێوان زمان و مرۆڤ پاڵنەرە بۆ ئەوەی وا بیربکرێتەوە، کە مرۆڤ زمانە(...)مرۆڤایەتی بێ زمان بوونی نییە[1]، ئەمەش هاوکێشەیەکی هاوسەنگ پێکدەهێنێ (زمان=پەیوەندیکردن=مرۆڤ)، چونکە مرۆڤ تەنها لەچوارچێوەی پەیوەندییەکاندا بوونی خۆی دەسەلمێنێت، پەیوەندییەکانیش تەنها بەهۆی زمانەوە ئەنجام دەدرێن.

هێڵکاری (١) ئەم پەیوەندییە لێکنەترازاوە ڕووندەکاتەوە:




هێڵکاری(١) پەیوەندی نێوان مرۆڤ و زمان و پەیوەندیکردن

## ١-٢-چەمك و پێناسەی پەیوەندیکردن:

زاراوەی پەیوەندیکردن (Communication) دەگەڕێتەوە بۆ وشەی (communis) ی لاتینی، کە بەواتای (هاوبەش) یا (گشتی) دێت. بەم شێوەیە پەیوەندیکردن پرۆسەی هاوبەشیکردن یا تێگەیشتن لەبارەی شتێ یا بیرۆکە و هەست و ئاڕاستە و ڕەفتارێ یا کردارێ دەگرێتەوە[2].

١- سەرچاوەی پێشوو (١٩٨٨، ١٩).

٢- حسن مکاوی(٢٠٠٥، ٢١).



وشەی (هاوبەش) هەموو ئەم بیر و هەست و زانیاری و شارەزاییانە دەگرێتەوە، کە قسەکەر و گوێگر لەسەری ڕێککەوتوون. زمانی هاوبەش (گوتەیی و ناگوتەیی) زانیاری و شارەزایی لە کەلتوری هاوبەش خاڵی سەرەکی پەیوەندیکردنی سەرکەوتووە و بنەمای تێگەیشتنە.

لەڕاستیدا هاوبەشیەتی تەواو لە نێوان بیروڕای گوێگر و قسەکەر بوونی نییە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو هۆکارانەی پێوەندن بە زمان و واتا، هێماکان بۆ هەموو مرۆڤێك هەمان واتا (کاریگەری)یان نییە بە جیاوازی شارەزایی تاکەکان لەگەڵ هێماکان و جیاوازی چوارچێوەی گەڕانەوەیی Feed back [1].

ڕێژەی شارەزایی هاوبەش لەنێوان تاکەکان لەیەکێکەوە بۆیەکی دی دەگۆڕێت، وەك ئەوەی کە, ((ڕستەیەك کار لە گوێگرێك دەکات بەڵام هەمان کاریگەری لەسەرگوێگرێکی تر نییە بەهۆی دابونەریت))[2] و جیاوازی بیرکردنەوە و تەمەن و ڕەگەز و بۆماوە و پەروەردە و ئاستی ڕۆشنبیری.

هەر هۆکارێك کاربکاتە سەرباری دەروونی و کۆمەڵایەتی مرۆڤ کاردەکاتە سەر پەیوەندیکردنی ئەو مرۆڤەش، ئاشکرایە ئەوانەی لە وڵاتی خۆیان کۆچ دەکەن بۆ وڵاتێکی زمان و کەلتورجیا بەجۆرێك، کە کۆچکردنیان کاربکاتە سەر باری کۆمەڵایەتی و کەسایەتی تاك بەمەش کاردەکاتە سەر پەیوەندیکردنیان، چونکە پێویستە ئاڕاستەی پەیوەندییەکانیان بگۆڕن، نەریتی پەیوەندیکردنی ئەو وڵاتە وەربگرن.

ئاسان نییە پەیوەندیکردن تەنها تایبەت کرێت بەمرۆڤ، چونکە ئاشکرایە گیانلەبەرانیش لەگەڵ یەکدا لە پەیوەندییدان، سنووردارێتی هۆش و نەبوونی سیستەمێکی دەنگی پەیوەندییەکانی ئەوانی سنووردار و لاوازکردووە، کەواتە پتەوی

١- عصام سليمان الموسى (٢٠٠٣، ٦٢).

٢- ساجیدە عەبدوڵا فەرهادی (٢٠٠٣، ١٢).

پەیوەنـدی لەلایـەن مرۆڤـەوە  دەگەڕێتـەوە بـۆ بـوونی  بـیر و هۆشـیاری مـرۆڤ و سیستەمێکی زمانی پێشکەوتوو، سیفەتی کۆمەڵایەتی مرۆڤ.

فراوانی ئەو بوارانەی، کە پەیوەندیکردنی تێدا بـەکاردێت بۆتـە فاکتـەری زۆری و بڵاوی پێناسەی پەیوەندیکردن، کە وەك کۆڵکەیەکی هاوبەش وایـە لـە نێـوان پیـشە و بوارە جیاجیاکاندا بۆیە (لێکۆڵەرەوەکان) لێکۆڵینەوەکانیان بۆ ئەم بابەتـە تـەنها لـە چوارچێوەی پیشەیەکی دیاریکراودا نـەبووە و هەریەکـە لـە بـواری پسپۆڕی خۆیدا تەماشای بابەتەکەی کردووە[1]، لەگەڵ ئەمەشدا زۆربەی هەرە زۆری پێناسەکان لەچەند ڕەگەزێکی سەرەکیدا هاوبەشن ((پەیوەندیکردن بەرلە هەرشتێ بریتییە لە پرۆسەیەکی دەروونی و کۆمەڵایەتی تایبەت بە مرۆڤ، وەك زانستیش لێکۆڵینەوەیە لە گۆڕینەوەی واتا لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵ لە ڕێگەی دەستەیەکی هاوبەش لەڕەمز))[2].

ئەوەی لە پێناسەکانی پەیوەندیکردن بەدیدەکرێ جەختکردنەوەیە لەسەر ڕەگەزەکانی ((گوێزانەوە و کاریگەری و کارلێککردن و زانیاری هاوبەش...هتد)) لەڕێگەی سیستەمێك لە ڕەمز، کە بریتییە لە زمان، هەروەك لەم پێناسانەدا دیارە:-[3]

لای **ریچاردز** : ((پەیوەندیکردن کاتیك ڕوودەدات کە بیرێك کاریگەری دەبێت لەسەر بیرێکی دی، بەمەش شارەزاییەك لە هۆشی وەرگر دروست دەبێ لەو شارەزاییە دەچێ کەلە هۆشی نێرەردایە)).

**کارل هوفلاند:** پێیوایە ((پەیوەندیکردن پرۆسەیەکە، کە نێرەر  پێی هەڵدەستێ بەناردنی پەیام بەمەبەستی چاککردنی یان گۆڕینی ڕەفتاری کەسێکی دی (وەرگر))).

١- ئازاد ڕەمەزان عەلی (٢٠٠٥، ٥٣).

٢- عصام الموسی (٢٠٠٣، ١٣).

٣- سەرچاوەی پێشوو (٢٠٠٣، ١٧-١٨).



لای **شانوون و ویفر:** ((پەیوەندیکردن هەموو ئەم ڕێگا و شێوازانە دەگرێتەوە، کە هۆشێك بەهۆیەوە کار لە هۆشێکی دی دەکات بە بەکارهێنانی هێما و ئاماژەی دیاریکراوی)).

**فرانك دانس** پێیوایە: ((پرۆسەیەکە بە هۆیەوە نێرەر و وەرگر کارلێك دەکەن لەچوارچێوەیەکی کۆمەڵایەتی دیاریکراو دا)).

**ولبرشرام:** پێیوایە ((پەیوەندیکردن بریتییە لە هاوبەشیکردن لە معریفە لەڕێگای بەکارهێنانی کۆمەڵێك هێما، کە هەڵگری زانیارین)).

پێناسەکردنی پەیوەندیکردن وەك پرۆسە ئەوە دەگەیەنێ، کە پەیوەندیکردن کۆمەڵێك کردەی بەدوایەك هاتوو دووانەهاتووە ((شتێکی وەستاو و نەگۆڕنییە لەجیهانی شوێن و کاتدا، بەڵکو پرۆسەیەکی دینامیکییە بۆ گواستنەوەی واتا و بەها کۆمەڵایەتییەکان و شارەزاییە هاوبەشەکان بەکاردێت))[1]، گۆڕانی ڕەفتار و کاریگەری و کارلێککردن، کە ئامانج و بەرهەمی پەیوەندیکردنە، گەر نەبێتە هەڵوێست و کاردانەوە لە ڕەفتار و گوفتاری قسەکەر و گوێگر، کەواتە پەیوەندیکردنەکە بێ ئەنجامە، ئەمەش لە چوارچێوەیەکی کۆمەڵایەتی هاوبەش ڕوودەدات بەهۆی بوونی سیستەمێکی پەیوەندیکردن کە بریتییە لە زمان.

زمان لە پەیوەندیکردن زمانی گوتەیی و ناگوتەیی دەگرێتەوە بەم پێیە هەردەنگ و ئاماژە و جوڵەیەك یا هەرشتێك، کە هەڵگری واتا بێت بەئامێری پەیوەندیکردن دادەنرێت.

کەواتە پەیوەندیکردن پێوەستە بە :-[2]

١- بەکارهێنانی سیستەمێکی  هێمایی هاوبەش، کە خەڵك لەسەر بەکارهێنانی هێمای دیاریکراو ڕێککەوتوون، کە هەڵگری  واتان بۆ شتە دیاریکراوەکان، بە

١- ئازاد ڕەمەزان عەلی،(٢٠٠٥، ٥٥).

٢- عصام الموسی(٢٠٠٣، ١٥).

دەربڕینێکی دی پێویستە هێماکان هەڵگری واتای تایبەتی بن ( significant symbols) کە لەلایەن کۆمەڵگاوە ناسراون.

زمان بە باشترین سستەمی واتایی دادەنرێت، کە مرۆڤ بایەخی پێداوە، وشەکانی زمان واتای دیار و سنووردرایان هەیە بۆ هەموو تاکەکانی کۆمەڵگە، کە بەزمانێکی دیاریکراو دەدوێن.

٢- پەیوەندیکردن پەیوەستە بە ئاڵوگۆڕکردنی واتا. تاکەکانی کۆمەڵ بەهۆی ئەو هێمایانەی لەسەری ڕێککەوتوون و ڕاهاتوون، بیرۆکە و زانیارییەکانیان ئاڵوگۆڕدەکەن بۆ گەیشتن بە تێگەیشتنی نێوانیان، دروستبوونی کاریگەری و کاردانەوە لە پێوندییەکان، بەومەبەستەی کە پرۆسەی تێگەیشتن لەنێوانیان دروست بێت، بەمەش کاریگەری و کاردانەوە لەو پەیوەندیکردنە بەرجەستەبێت، کەواتە تێگەیشتن مەرجی سەرەکییە بۆ بوونی کاریگەری و کاردانەوە.

### ١-٣-*شێوەکانی پەیوەندیکردن:*

ئەو هۆکارەی پرۆسەی پەیوەندیکردن بەڕێوەدەبات پەیوەندیکردن بۆ دوو شێوە جیادەکاتەوە (گوتەیی، ناگوتەیی)، ئاشکرایە ئەم هۆکارەش بریتییە لە هێما و ئاماژەی دیاریکراو جا ((گوتەیی بێت یا ناگوتەیی هەریەکەیان هەڵگری واتان (meaning) کە لە ڕێگەیەوە هاوبەشی کەسانی دی دەکرێت، بەڵام ئەم هاوبەشیکردنە، کاریگەرە بەتایبەتی واتای بەرهەم هاتوو لە پەیوەندی هێما بەمرۆڤ، ئەم پەیوەندییەش دەگەڕێتەوە بۆ تاقیکردنەوەی کەسایەتی کەسەکە لەگەڵ ڕووداوێك یاشتێك))[1].

ئەم شێوانەی پەیوەندیکردن لە زۆربباردا تەواوکەری یەکن لە زۆرباری دی تەواو پێچەوانەی یەکن کاریگەری زۆریان هەیە لە دیاریکردنی ئاڕاستەی پەیوەندییەکان، کەسایەتی قسەکەر لەڕووی کۆمەڵایەتی و دەروونی و جەستەیی و ئاستی ڕۆشنبیری و ماددی ڕووندەکەنەوە:

١- حسن مکاوی و سامی شەریف (٢٠٠٠، ٢٦).



### ١-٣-١- پەیوەندیکردنی گوتەیی:Verbal Communication:

لەڕێگەی بەکارهێنانی زمانەوە ڕوودەدات، لەم شێوەیەدا بۆ گەیاندنی پەیام وشەی گۆکراو و ئاماژەی دەنگی بەکاردێت [1]، کە لە ڕێگەی پرۆسەی گوتن و بیستنی دەنگە گوتراوەکان و لەڕێگەی پرۆسەی نوسین و خوێندنەوەی وێنەی دەنگە نوسراوەکان، کە هەریەکەیان هەڵگری واتایەکی دیاریکراون بە گەیشتنیان بە وەرگر کاریگەری دروست دەکەن و دەبنە هۆی کاردانەوە، لەڕێگەی بیستن و بینینەوە دەگەن بەمێشکی وەرگر((مێشك ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە پرۆسەی ئاخاوتندا بەشی (برۆکا) بەرپرسیارە لە بەکارهێنانی زمان و بەشی (ڤێرنیکا)ش کە بە (برۆکا)وە نوساوە بەرپرسیارە لە تێگەیشتنی زمانی نوسین و قسەکردن. مێشك پاش تێگەیشتن و لێکدانەوەی دەیەوێت هەڵوێستی خۆی بنوێنێت، بۆیە ڕوو لە فەرهەنگی مێشك دەکات و پێویستییەکانی هەڵدەبژێرێت لە وشە و ڕستە بەپێی یاسا مۆرفۆلۆجی و سینتاکسییەکان))[2] ئەم پرۆسەیە پرۆسەیەکی ئاڵۆزە، چونکە لە هەردووباردا پێویستە مێشك ئامادەیی تەواو وەرگرێ.

ئەم جۆرە پەیوەندیکردنە زیاد لە پەیوەندییەکانی دی لەڕووی یاساییەوە جێی بایەخە، لە بەڵگەی یاسایی بەپلەی یەکەم پشتی پێدەبەسترێت. تاك لەژیانی ڕۆژانەیدا هەمیشە لە چوارچێوەی ئەم جۆرە پەیوەندییە دایە لە هەمان کاتدا ئەم جۆرە پەیوەندییە لە هەندێ باردا پشت دەبەستێ بە هەندێ هێما و ئاماژەی ناگوتەیی.

### ١-٣-٢- پەیوەندیکردنی ناگوتەیی: Nonverbal Communication:

لەڕووی مێژووییەوە لە زمانی گۆکراو (گوتەیی) و زمانی نوسراو کۆنترە، بنچینەی دروستبوونی زمانە، هەموو ئەو پرۆسانەی لێکگەیشتن دەگەڕێتەوە، کە

١- صالح ابواصبع (١٩٩٩، ٤٢).

٢- عەبدو لواحێد موشیر دزەیی(٢٠٠٥، ٥٤).

ناکرێ بە نوسین یا قسەکردن دەربڕێن یا بارودۆخ لە بارنییە بۆ دەربڕینیان بە نوسین و قسەکردن ، گوێگر لەم جۆرە پەیوەندیکردنەدا بەزۆری پشت دەبەستێت بە هەستی بینین و شیکردنەوەی بە یاسا کۆمەلاَیەتی و دەروونییەکان.

لەپێناسەی پەیوەندیکردنی ناگوتەیی دەگوترێت : بریتییە لەو ئادگار و ڕەفتارانەی (جگە لە قسەکردن)، کە لە کۆمەڵدا واتای جیاوازیان هەیە، جا ئەو ڕەفتارانە بە مەبەست بنێردرێن یا بەمەبەست لێك بدرێنەوە، یا بە بەئاگاییەوە بنێردرێن یا بە بەئاگاییەوە وەربگیرێن، لای وەرگر شاراوەیی لە کاردانەوە( potential for feed back) یان هەبێت .(١)

ئەم شێوە پەیوەندیکردنە لە جۆرێکەوە بۆ جۆرێکی دی دەگۆڕێت، راندال *هاریسۆن* چەندجۆرێکی لێك جیاکردۆتەوە:-

١- کۆدە دەربڕاوەکان.
٢- کۆدە دروستکراوەکان.
٣- کۆدەکانی ڕاگەیاندن.
٤- کۆدەکانی بارودۆخ.(٢)

**١–کۆدەدەربڕاوەکان :**

هێما ناگوتەییەکان دەگرێتەوە، کەتایبەتن بە دەربڕینەکانی جەستە و ئاوازە و جۆری دەنگ لەڕووی بەرزی و نزمی، پێکەنین و گریان، کە (Simith&Eisenberg) بۆ سێ جۆریان دابەش کردووە:

ا- پاراِزمانی : ئەو پێکهاتە دەنگییانە دەگرێتەوە، کە ناچنە ناو چوارچێوەی فۆنیمەکان.

ب- زمانی جەستە Kinesies.

ج-(Proxemics):مەودا و شوێنی جەستەی پێوەندیکەران لەڕووی دووری و نزیکیەوە(٣).

1- Pearson and et all..,(2003,102)

٢- صالح ابواصبع (١٩٩٩، ٤٣).



**٢– کۆدە دروستکراوەکان :**

ئەم کەلوپەل و جل وبەرگە دروست کراوانە دەگرێتەوە، کە هەلگری واتان، بۆ نموونە بینینی خاچ لای کەسێك ئەوە دەگەیەنێ، کە ئەم کەسە باوەڕی بەئاینی مەسیحی هەیە ئەمەش یارمەتی قسەکەر دەدات ئامادەیی خۆی وەرگرێت لە پەیوەندیکردن لەگەڵیدا، یا نیشانەی سەربازی و پۆلیسی، یا خانووی بەرز و جۆری خانوو و جۆری ئۆتۆمبێل، تەرِناش لێدان بەئۆتۆمبێل یا هەرشتێ کە پلە و پایەی ئەو کەسە دیاردەکات یان هەر کەلوپەلێکی دی کە هەلگری واتابێت.

**٣–کۆدەکانی ڕاگەیاندن :**

تایبەتە بە پەیوەندیکردنی جەماوەری ، وەك بەکارهێنانی وێنە و ڕەنگ و مۆسیقای تایبەت و کاریکاتێر.....هتد

**٤–کۆدەکانی بارودۆخ :**

بارودۆخی پەیوەندیکردن وەك شوێن، کات....هتد، چۆنیەتی پەیوەندیکردن ڕوون دەکەنەوە وەك چاوەڕوانیکردنی کەسێك بۆماوەیەکی زۆر بێ بەڵگە، کە بڕیارە لەکاتێکی دیاریکراو ئامادەبێت یا ڕوو وەرگێڕان یاپشت تێکردن لەکەسێك کە لەتەنیشتتەوە دانیشتووە یا ڕاوەستاوە لەگەڵ ئەوەشدا دەیناسیت .

**١–٤– تیۆرەکانی پەیوەندیکردن :**

زانستی پەیوەندیکردن لەڕووی گەشەسەندنەوە بە زانستێکی زۆر خێرا دادەنرێت، هۆیەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ خێرایی گەشەسەندنی تەکنەلۆژیای پەیوەندیکردن، جیاکردنەوە و دەستنیشانکردنی تیۆرەکانی پەیوەندیکردن کارێکی ئاسان نییە، لەبەر ئەوەی ئەم پرۆسەیە ڕۆژ لەدوای ڕۆژ لەگۆڕان دایە.

3- ((Shams and Wiig 1982,2))

بەگشتی تیۆرەکانی پەیوەندیکردن لە پرۆسەی پەیوەندیکردن بۆ دوو تیۆری سەرەکی دابەش دەبن (تیۆری پەیوەندیکردنی یەك لایەنە) (تیۆری پەیوەندیکردنی دوولایەنە) کە لەسەر بنەمای بەشداری کردن و بەشداری نەکردنی وەرگر تیۆریزە کراو. لەسەر ئەم بنەمایە چوارمۆدێل جیاکراوەتەوە : [1]

١- کردە مۆدێل(Action model)

٢- مۆدێلی کارلێککردن (Interaction modael)


٣- مۆدێلی ئاڵوگۆڕکردن (گۆڕینەوە) (Trasaction model)

٤- مۆدێلی داڕێژەر (Constrctivist model)

### ١-٤-١- کردە مۆدێل (Action model):

بەمۆدێلی یەك لایەنە دادەنرێت کە تێیدا نێرەر پەیام دەنێرێت و وەرگر پەیام وەردەگرێت بێ ئەوەی کاردانەوەی هەبێت، کارپێکردنی ئەم مۆدێلە لە کۆمەڵگایەکەوە بۆیەکی دی دەگۆڕێ لەکۆمەڵگای رۆژهەلاتی دا بەگشتی بەکۆمەڵگای کوردیشەوە ئەم مۆدێلە هێشتا لە کاردایە، چونکە لەم مۆدێلە دا زیاتر خۆسەپاندن و دەسەلات دەرخستن دەبینرێ، نەك پرس و ڕا گۆڕینەوە و ڕا وەرگرتن ئەمەش هەر لە منداڵییەوە تاك لەسەر ئەوە ڕادێت، کە پێویستە زیاتر گوێگربێت نەك قسەکەر، بێگومان ئەم یاسایە لەسەر ڕەگەزی مێینە کاراترە لەڕەگەزی نێر.

ئەم هێڵکاریە ئەم مۆدێلە ڕووندەکاتەوە: [2]




هێڵکاری (٢) کردەمۆدێل


1- Pearson,(2003,21-23)
2- Rasul (2006,19).



### ١-٤-٢-مۆدێلی کارلێککردن (Interaction modael)

لەم مۆدێلەدا نێرەر بەم ئاڕاستەیە پەیام دەنێرێت، کە کاردانەوە (feed back)، لە وەرگر بەدی بکات، جا ویستی نێرەر ئایی بێت یا نایی، لێرەدا پەیام لە هەڵبژاردنی نێرەرە بۆیە دەشێت کاردانەوەی وەرگر ئایی یا نایی بێت، نەریتە کۆمەڵایەتیەکان و کەلتوری کۆمەڵگا کاریگەری هەیە لەسەر نێرەر، کە چ پەیامێك بنێرێت، هەروەها کاریگەری هەیە لەسەر وەگر، کە چ کاردانەوەیەکی هەبێت.


هێڵکاری (٣) ئەم مۆدێلە ڕوون دەکاتەوە




هێڵکاری (٣) مۆدێلی کارلێککردن

### ١-٤-٣-مۆدێلی ئاڵوگۆڕکردن (گۆڕینەوە) (Trasaction model)

لـەم مۆدێلـەدا پڕۆسـەی پەیوەنـدیکردن لەسـەر بنـەمای بـیرو ڕاو زانیـاری گۆڕینەوەیـە، مـۆدێلێکی دوولایەنەیـە، نێـرەر و وەرگـر هاوبەشـن لـە هەڵبـژاردن و دیاریکردنی پەیام، لێرەدا نێرەر پێویستی بە بیروڕاو زانیاری وەرگر هەیە بۆیـە لەیـەك کات نێرەر وەرگرە و وەرگر نێرەرە. وەك لەم هێڵکاریە دیارە:




هێڵکاری (٤) مۆدێلی ئاڵ وگۆڕکردن

### ١-٤-٤-مۆدێلی داڕێژەر (Constrctivist model)

لـەم مۆدێلـەش هەرچـەندە وەك مۆدێلـەکانی دی نێـرەر پـەیام دەنـێرێ، بـەڵام لێکدانەوە و کاردانەوەی گوێگر بەویستی ئەم واتایەنییە، کە پەیامەکە هـەڵیگرتووە، چونکە وەرگر پەنادەباتە بەر واتای پشت واتای حەرفی وشـەکان و بەسـتنەوەی بـەبارە فیزکی و کۆمەڵایەتی و دەرونییەکانی نێرەر هەروەك (بیرسـۆن(٢٠٠٣))پێـی وایـە لـە مۆدیلی داڕێژەر، وەرگر واقعێك لەمێشکی خۆیدا دروستدەکات، وشە و ئاماژەکانی



نێرەر لێکدەداتەوەو واتایەکی تایبەت بەخۆی دادەڕێژێ، هەرچـەندە ئـەم لێکدانەوەیـە لەوانەیـە لەگـەڵ مەبەسـتی نێرەرەکـە یـەك نەگرێتـەوە [١]، لـەم مۆدێلـە وەرگـر زۆر وریایانـە مەبەسـت و ویـستەکانی نێـرەر هەڵدەسـەنگێنێ لێکدانـەوە و کاردانـەوەی بۆدەکات. ئەم مۆدێلە بەمۆدێلکی نوێ دادەنرێت لەبواری پەیوەندیکردندا.

زمان بەڕێوەبـەر و هۆکـاری جێبـەجێکردنی هـەموو مۆدێلەکانـە (ئـەم مۆدیلانـە دەکرێ لە هەموو کۆنتێکستەکانی پەیوەندیکردندا جێبەجێ بکرێن خودی، دوولایەنە، گشتی (جەماوەری)، بەڵام هەموویان پەیوەستن بە کەلتورەوە. ئەم مۆدیلانە لەوانەیە لەگەڵ کەلتورە رۆژئاواییەکان دا ڕێك بڕۆن، بەڵام لەکەلتورە ڕۆژهەڵاتییەکاندا تووشـی کێشەو گرفت و بەربەسـت بـن، چـونکە ئەمانـە لەبنـچینەدا بـۆ فۆڕمـەکانی ڕۆژئـاوا دانـراون ئەمـە لەلایـەك. لەلایـەکی تریـشەوە لەڕۆژهـەڵات دا پەیوەندییـەکان و لێکدانەوەی واتاکان و بگرە هەمووشتەکان بەتەواوی جیاوازن[٢].

## ١–٥–جۆرەکانی پەیوەندیکردن :

بـەپێی گـۆڕان و جیـاوازی ڕێـژەی ڕەگـەزەکانی پەیوەنـدیکردن ، هـەروەها بەشداریکردن و نەکردنی ڕەگەزەکان لەڕووی چۆنیەتی چـەندیەتیەوە چـەندجۆرێکی لێ جیادەبێتەوە:-

### *١-٥-١- پەیوەندیکردنی خودی:*

ئەم جـۆرە پەیوەندیکردنـە پێویـستی بـە کـەناڵ نییـە. نـاردن و وەرگرتنـی پـەیام لەلایەن تاکەکەس ئـەنجام دەدرێـت زۆربـەی کـات بـێ دەنگـە، ئەگـەر هـاتوو دەنـگ لەپێکهاتەی ئەم جۆرە پەیوەندییەدا هەبوو ئەگەری تێکچوونی باری دەروونی کەسەکە دەکرێ، کە پێی دەگوترێ (وڕێنەکردن) یا (لە بەرخۆدوان).

1- Pearson and et al (2003, 23).
2- Rasul (2006, 22)

پێوەندیکەر بەو زمانەی کە هەیەتی بیردەکاتەوە خەیاڵ دەکات، لە هەمان ئەم ڕەمزانە بەکاردێنێ کە لە پەیوەندیکردن بەکەسانی دی بەکاری دێنێت[1].

مرۆڤ لەکاتی بیرکردنەوە یاخەیاڵکردن ئاماژەکانی ڕوو و چاویش بەکاردێنێ بۆ نموونە، کە((قسە لەگەڵ خودی خۆیاندا دەکەن ڕوانینی چاویان بۆخوارەوەیە پاشان بۆلای چەپ)) [2] کەواتە هەرگیز ناکرێ پرۆسەی بیرکردنەوە بەبێ زمان بەڕێوەبچێ.

کەسی پێوەندیکەر بەخودی خۆی زۆربەی جار ئەم پەیوەندیکردنە لەبارودۆخی هێمن ئەنجام دەدات بۆئەوەی ڕوو بەڕووی ژاوەژاوی جۆرەکانی دیکەی پەیوەندی نەبێتەوە.

((پەیوەندیکردنی مرۆڤ بەخودی خۆیەوە ئەوەیە کە لەناوەوەی کەسایەتی مرۆڤدا ڕوودەدات، یا ڕێگای پەیوەندیکردنە بەخۆمانەوە جا ئیتر ئەو پەیوەندیکردنە بە بیرکردنەوەبێت یان بەدرك و پێزانین بێت یا بەجەختکردنەوە و پێداگرتن بێت یان بەبیر و باوەڕ و نرخ بێت. ئەمەش بەراستی ئەو جیهانە ناوخۆییەیە، کە بۆ یەکەمجار هەموو شتێکی تێدا ڕوودەدات پێش ئەوەی لەجیهانی دەرەکیدا بەتەواوی دەربکەوێت بۆ ئەوەی ببیتە کەسێکی شایستە و پەیوەندیداری سەرکەوتوو، ئەوە پێویستە یەکەم جار بە هەستکردن و فێربوون زاڵبوون بەسەر شارەزاییەکانی پەیوەندییە ناوەکیەکان دەستپێبکەیت))[3]، چونکە پەیوەندی خودی سەرچاوەی سەرەکی جۆرەکانی دیکەیە، ئاشکرایە تاك بەرلەوەی لەگەڵ کەسانێك قسەبکات بەتایبەتی لەبابەتی گرنگ و گوێگر و بارودۆخی تایبەت، ڕووبەڕووی خۆی دەبێتەوە بۆئەوەی ئامادەیی تەواو وەربگرێت ئەمەش زیاتر لە فیلم و دراما هەستی پێدەکرێت. پەیوەندی خودی دابەشدەبێت بۆ دووجۆر :

---

١- صالح ابواصبع(١٩٩٩، ١٤)

٢- ابراهیم فقی(٢٠٠٦، ١٥٥)

٣- سەرچاوەی پێشو (٢٠٠٦، ٦١)



**١-٥-١-١-ئاگایی :**

لەکاتی هۆشیاری دا ڕوودەدات ئەوکاتەی مرۆڤ بەویستی خۆی دەگەڕێتەوە بۆناخی دەکرێ بەسێ جۆر:

*أ- بیرکردنەوە:*

بریتییە لە گەڕانەوەی مرۆڤ بۆ ناوەوەی خۆی بۆ گەڕان بە دوای چارەسەری کێشەیەك، یان بیرهێنانەوەی شتێك یا ڕووداوێك، وڵامدانەوەی پرسیارێ یا بیرکردنەوە لە داهێنان و نوێکاری.....هتد.

*ب-خەیاڵکردن:*

مرۆڤ لە هەندێ باردا خەیاڵ لە هەندێ شت دەکات کە بیرکردنەوە نییە، چونکە لەم جۆرە خەیاڵکردنەدا خەیاڵ بۆ هەندێ شت دەچێت دەستەبەر و بەرجەستەنین، لە یاسای ژیان بەدەرن ئەمەش زیاتر لای منداڵ ڕوودەدات، بەڵام خەیاڵ لای شاعیر دەشێ ببێتە داهێنان.

*چ- پەیوەندی ڕوحی (دوعاکردن):*

پەیوەندی مرۆڤە بە خوای خۆی ئەم پەیوەندییە لە بیر و ڕای مرۆڤەکە سەرچاوە دەگرێت بۆیە دەچێتە چوارچێوەی پەیوەندی خودی.

**١-٥-١-٢-بێ ئاگایی (نەستی):**

ئەم جۆرە پەیوەندیکردنە بەخود بێ ویستی کەسەکە یا لە نەست (لاشعور) ی ڕوودەدات:

*أ-خەوبینین :*

لەبێ ئاگایی مرۆڤ ڕوودەدات، مرۆڤ خەو بەم شت و ڕووداوانەوە دەبینێ، کە پێشبینیان دەکات یا لێیان دەترسێت یا بیریان لێدەکاتەوە بۆیە دەچێتە بواری پەیوەندی خودیەوە.

*ب- خەیاڵبردن :*

مرۆڤ دەخاتە بارێکی بێ ئاگایی کاتێك خەیاڵی دەڕوات بۆ رووداوێك یـا کارەسـاتێك یاشتێك. زیاتر ئەو کەسانە خەیاڵیان دەڕوات که خەم و کێشەی گەورەو ...هتد هەیە.

### ١-٥-٢- پەیوەندیکردنی ناوەندی:

لەم جۆرە پەیوەندیکردنە ئاراستەی قسەکەر (نێرەر) کاراترە لە ئاراسـتەی گـوێگر (وەرگر) کاردانەوە و کاریگەری زۆربەی کات ڕاستەوخۆ دەرناکـەوێت نێـرەر جگـە لـە کۆدی گوتەیی پەنا دەباتە بەر(کۆدی ناگوتەیی) زمانی جەستە و پارازمانیش.

پەیام یا بابەتی قسەکردن کات و شوێن ڕۆڵی باڵایـان هەیـە لـە چـالاککردنی ئـەم جۆرە پەیوەندییە، بۆ نموونە مەلایەك لە مزگەوت لەرۆژی هەینی توانای چالاککردنی ئەم پەیوەندییەی هەیە بەشێوەیەکی کاریگەر، بەڵام هەمان مەلا ناتوانێت لـە هـەمان بابەت ئەم کاریگەرییە دروست بکات و گوێگر بۆ خۆی ڕاکێشێ ئەگەر لـە مزگـەوت، یا لە ڕۆژی هەینی یا ڕۆژیکی دی لەم جۆرە نەبێت.

لە بەرنامە ڕاستەوخۆکانی تەلەفزیۆن یا ڕادیـۆ، خـاوەن بەرنامـە ڕۆڵی کاریگـەری هەیە، هەروەها بابەت و کاتی پێوەندیدار بە بابەتەکـە ڕۆڵیـان هەیـە لـە دیـاریکردنی ڕێژەی بەشدار بووان بە تەلەفۆن.

ئەم پەیوەندییەش وەکو ئەوانی دی (ژاوەژاو) دەوردەبینێ لە ئاراستەی گەیشتنی پەیامەکـە. لە ڕووی ڕێژەی گوێگرانی (تاڕادەیەك) دەکەوێتە نێوان پێوەندی کەسی و جەماوەری.

### *١-٥-٣-پەیوەندیکردنی جەماوەری:*

پەیوەندیکردنـە بـە ڕێژەیـەکی زۆری جـەماوەر، کـە نەناسـراون لەلایـەن نێـرەرەوە بەپێچەوانەشەوە، هەروەها ((بەوە جیادەکرێتەوە، کە تواناداره لە گەیاندنی پـەیام بـۆ ڕێژەیەکی زۆری جەماوەر کە جیاوازن لەئاست و ئاراستەی هزرییان )).[1]

١- صالح ابو اصبع (١٩٩٩، ١٨).



**چارلس راین** : پسپۆر لەبواری میدیا، پەیوەندیکردنی جەماوەری لەم سـێ خاڵـەی خوارەوە کورت دەکاتەوە:

١- ئاراستەی جەماوەرێکی زۆر و هەمەچەشن و نەناسراو و دەکرێت.

٢- پەیامەکە بەشێوەیەکی ئاشکرا دەگوازرێتەوە لەیـەك کاتـدا دەگاتـە تاکـە تاکـەی جەماوەرەکە.

٣- پەیوەندییەکی ئاڵۆزە چانسی پەیوەندیکردنی دوولایەنەی نییە[1].

لەدنیای ئەمڕۆدا ئەم جۆرە پەیوەندییە ئاراسـتەیەکی دیـاری هەیـە لـە سـوود و زیـان گەیانـدن بەکۆمـەڵ ئـەم جـۆرە پەیوەندییـە لەپەیوەندییـە دەوڵەتییـەکانیش لەبڕیاردانی شەڕو ئاشتی ڕۆڵـی هەیـە، لـەڕوخان و بەرزکردنـەوەی ورەی خـەڵك ڕۆڵـی کارای هەیە.

لەبەرئەوەی ئەم پەیوەندییە بەئاسانی دەچێتە هـەموو ماڵێـك ڕووبـەڕووی هـەموو ئاست و تەمەن و ڕەگەزێك دەبێتەوە، بۆیە پێویستە چـاودێری لەسـەر ئـەم پەیامانـە هـەبێت، کـە لـە ڕێگـای ڕۆژنامـە و گۆڤـار و ڕادیـۆو تەلـەفزیۆن و ئەنتەرنێتـەوە بڵاودەکرێنەوە بۆ پاراستنی بەها کۆمەڵایەتی و مرۆییەکان.

لەکۆمەڵگادا ئەم جۆرە پەیوەندییـە کاریگـەری کـارای هەیـە لـە وروژانـدنی ڕای گشتی ئەمـەش وای کردووە ڕاگەیاندن دەسەڵاتی چـوارەم وەربگرێـت، پێویـستییەکی زۆری بەبودجـەی مـاددی هەیـە بـۆ بـەرەو پێشـچوون و کاریگـەربوونی لەکۆمـەڵگا. هەروەها کاریگەری زۆری هەیە لەسەر دروستبوونی کەسایەتی تاك.

### ١-٥-٤- پەیوەندیکردنی کەسی (ڕاستەوخۆ):

بـە بـەراوردکردن لەگـەڵ پەیوەندییـەکانی دی لـەڕووی دەرکـەوتنی کاریگـەری بەباشـترینیان دادەنرێـت ئـەم پەیوەندییـە ڕووبـەڕووە بەمـەش دەرفـەت بـۆ قـسەکەر دەڕەخسێنێ، کاریگەری پەیامەکەی ڕاستەوخۆ لە سەر گوێگر بەدی بکات، لە هەمان

١- کاوە عەبدولکەریم ڕەسول(٢٠٠٧، ١٥٩).

کات قسەکەر ناتوانێ ڕاستی تاڕادەیەکی زۆر بشارێتەوە، چونکە گەر لەئاخاوتنیش توانا داربێت ڕوخسار و جەستەی یارمەتیدەر نابن ئەمەش ڕوونییەك دەبەخشێت بەمەبەستی قسەکەر و بەرچاو ڕوونیشە بۆ گوێگر. بواری ڕاگۆڕینەوە و بەرپەرچدانەوە(کاردانەوە) (feed back) یەکجار زۆرە لەبەرئەوە دەشێ ئاڕاستەی ئایی یا نایی لە ئەنجامی کاردانەوەو بەرپەرچدانەوە وەربگرێ و ئاڕاستەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بگۆڕێت.

ئەم جۆرەپەیوەندییە لەپەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا تاك بەشێکی زۆری کاتی تێدا بەسەردەبات هەمیشە لەسنووری ئەم جۆرە پەیوەندییەدایە، بەهۆی فراوانی بەکارهێنانی دەبێتە ژاوەژاو بۆ جۆرەکانی دی پەیوەندی (خودی، ناوەندی، جەماوەری).

ئەم شێوە پەیوەندیکردنە بۆ دوو شێوە دابەش دەکرێت: (1)

**١- پەیوەندیکردنی دووانە (Dyadic communication):**

ئەو پێوندی کردنەیە, کە تەنها لەنێوان دوو کەسدا دەبەسترێ وەك چاوپێکەوتن و قسەکردنی کرێکار لەگەڵ خاوەنکار و دایك و باوك، قوتابی و مامۆستا......یا مامەڵەکردنە لەنێوان ئاشنا و نائاشنا و هاوڕێیان.

**٢- پەیوەندیکردنی بەگروپ (گروپی بچوك)**
**(Small-groupcommunication):**

بریتییە لەمامەڵەکردنی گروپێکی بچوك لەخەڵك یا زیاتر لە دوو کەس، بۆ بەدەستهێنانی ئامانجە پێکەوەییەکانیان، وەك کۆبوونەوەی خێزان یا کۆمەڵێ قوتابی......

1- Pearson,and et al(2003,25-26)



لە پەیوەندیکردنی دووانە و پەیوەندیکردنی بەگروپ بە بوونی مەبەست و ئامانج و بیرۆکەی هاوبەش تایبەتمەندی ڕازیکردن زیاتر دەبێ، هەرچۆنێبێ ڕازی نەبوونی لەناکاو دەردەکەوێ لەبارەی زۆری ژمارەی بەشداربووانی بەگروپ.

پەیوەندی کەسی، کە ئامانجی کاری ئێمەیە ئەرکە کۆمەڵایەتییەکانمان هەمیشە لەڕێگەی ئەم جۆرە پەیوەندییەدا ڕادەپەڕێنین. لەم جۆرە پەیوەندییە قسەکەر (نێرەر) دەتوانێ ڕاستەوخۆ پێکان یا نەپێکانی مەبەستی پەیامەکەی لە گوێگر(وەرگر) بەدەست بهێنێ بەمەش دەتوانێ ئاڕاستەی پەیام لە بەرژەوەندی خۆی بەکاربهێنێ، پەیوەندی کەسی خاوەنی کۆمەڵێ تایبەتمەندییە، کە بە هۆیانەوە لە جۆرەکانی دی جیادەکرێتەوە.

**١-٥-٤-١- تایبەتمەندییەکانی پەیوەندی کەسی :**

*دین بارلند* پێنج تایبەتمەندی جیا کردۆتەوە:- (1)

١- ئەم پەیوەندییە لەنێوان دوو کەس یا زیاتر ڕوودەدات، کە لەیەك شوێن بن نزیك بن لەیەك ئەگەر دوو کەس سەربە دوو کەلتور و زمانی جیابن ناتوانن ئەم جۆرە پەیوەندییە ببەستن، با لە یەك شوێنیشبن، لەهەمان کاتدا دوو کەسی سەر بە هەمان کەلتور و زمانی هاوبەش لە دوو شوێنی جیا (لەڕووی فیزیکییەوە دوور) ناتوانن ئەم جۆرە پەیوەندییە ببەستن.

٢- هەڵسوکەوتی پەیوەندیکردن لەلای کەسێك پێوەستە بە هەڵسوکەوتی پەیوەندیکردن بەکەسەکەی دی واتە هەڵسوکەوتی پەیوەندیکردن لەلایەن گوێگر پابەندەبە هەڵس و کەوتی قسەکەر بەپێچەوانەوەش.

٣- پەیوەندیکردن لەسەر بنەمای ئاڵ وگۆڕکردنی پەیامە. لەم ئاڵوگۆڕکردنەدا هەر یەك لە بەشداربووان بە هۆی کۆدی پەیوەندیکردن، ئاماژە و جوڵە دەنوێنێت

١- صالح ابو اصبع (١٩٩٩، ١٤).

بەمەش دڵنیادەبن لەوەی، کە کەسی بەرامبەر لە مەبەستی دەگات، چونکە ئەم ئاماژانە پەیامی مەبەستدار دەگوێزنەوە.

٤- لەبەرئەوەی کارلێکردنەکە لەسەر بنەمای ڕووبەڕووە بۆیە دەکرێت هەموو هەستەکان تێیدا بەشداربن هێما و ئاماژەی گوتەیی و ناگوتەیی بەکاربێت .

٥- باری پەیوەندیکردن، کە لەچاوپێکەوتنی ڕووبەڕوو ئەنجام دەدرێ بارێکە لەپێشتر ئامادەباشی تێدانەکراوە.[1]

ئەو یاسا زمانییانەی کە لەپەیوەندی (جەماوەری و ناوەندی) پێویستە ڕەچاوبکرێ پەیوەندی کەسی پابەند نییە پێیانەوە، بۆیە لە پەیوەندی کەسی دەشێ بەزمانی ستاندارد یا زمانی بازار یا شێوەزاری (ناوچەیی، پیشەیی، کۆمەڵایەتی)..هتد قسە بکرێ.

### ١-٥-٤-٢- ئەرکی پەیوەندیکردنی کەسی:

جۆرەکانی پەیوەندیکردن لەڕووی ئەو ئەرکەی دەی بینن جیاوازن، هەرچەندە لەڕووە گشتییەکاندا یەك دەگرنەوە:-

*کۆندون* Condon لە وتارێك دا بەناوی (کاتێك خەڵك لەگەڵ یەك دەدوێن) هەشت ئەرکی بۆ پەیوەندیکردنی کەسی دیاری کردووە:- هاوسۆزی، قەدەغەکردنی پەیوەندی، تۆمارکردن و گواستنەوە، پەیوەندیکردنی بەسوود، ئەرکی سۆزداری، پاکبوونەوە، سحر، پیرۆزی[2] :

### ١-٥-٤-٢-١-هاوسۆزی phaticcommunion:

ئەم ئەرکە (کە بریتییە لە ئەرکی هەواڵپرسین) کاریگەری زۆری هەیە لەپتەوی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، کلیلی کردنەوە و دەستپێکردنی پەیوەندییەکانە لەپاڵ

١- عصام الموسى(٢٠٠٣، ٥١).

٢- ا صالح ابو اصبع (١٩٩٩، ١٥).



ئەمەش پێوەرێکە بۆ زانینی لەباری و نالەبار پەیوەندی نێوان کەسەکان ، هەرچەندە لە پەیوەندییەکانی (جەماوەری و ناوەندی) بوونی هەیە، بەڵام تارادەیەکی زۆر یەك لایەنەیە، لە پێوەندی کەسیشدا لە پەیوەندییەکەوە بۆیەکی دی بەپێی جۆری پەیوەندی کۆمەڵایەتی نێوان کەسەکان دەگۆڕێت، بە بەکارنەهێنانی ئەم ئەرکە لای قسەکەر و بەپێچەوانەوە وەرنەگرتنەوەی وەڵام یا نەبوونی کاردانەوە لەلایەن گوێگرەوە ڕێژەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان دیاری دەکرێت، ئەمەش بە ئەرکێکی گرنگی زمان دادەنرێت لە سنووردانانی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان.

### ١-٥-٤-٢-٢- *قەدەغەکردنی پەیوەندی* **:prevention of communication**

بەپێچەوانەی پەیوەندی (هاوسۆزی) کۆتایهێنانە بەقسەکردن ئەم کۆتایهێنانەش لەئەنجامی :-

أ- لە بەرژەوەندی دانەبوونی ئاراستەی پەیام بۆ قسەکەر یا گوێگر.

ب- خوێندنەوەی هەڵچوون لە گوفتار و ڕەفتاری گوێگر لەبەر هەر هۆیەك بێت.

ج- نەبوونی دەرفەتی قسەکردن بۆ (گوێگر، قسەر) لەبەر نەبوونی کات، نەگونجاوی شوێن....هتد

د- دەرکەوتنی کەسێك یا چەند کەسێك، کە قسەکەر و گوێگر نایانەوێت ئاراستەی پەیام بگات بە کەسی سێیەم لەبەر هەر هۆیەك بێت.

و- بەتەواوی گەیشتنی ئەو مەبەستەی کە قسەکەر و گوێگر پێوەندییان بۆی بەستووە.

**١-٥-٤-٢-٣- تۆمارکردن و گواستنەوە :**
**record –trasmitting functions)**

لە پەیوەندی کەسیدا ئەرکی تۆمارکردن و گواستنەوە بەیەکەوە ئەنجام دەدرێت بەشێوەیەك کە لەم جۆرە پەیوەندیکردنەدا ئامادەکردنی پێش وەختە نییە، کە لە پێوەندی جەماوەری و ناوەندی دا دەبینرێت.

لەپەیوەندی کەسیدا زۆرجار بارودۆخ پەیام دروست دەکات لەهەمان کاتدا تۆمار دەکرێت و دەگوازرێتەوە هەر ئەوەش وادەکات، کە هەندێکجار تاك توشی هەڵە بێت، لە قسەکردنی پەشیمان ببێتەوە یا بێدەنگ بێت لەهەندێك هەڵوێست، کە توانای خێرا ئامادەکردنی پەیامێکی گونجاوی نییە. ئەم جۆرەپەیوەندییە کارا نابێت ئەگەر بە ئامێری تەکنیکی تۆمار بکرێت و بگوازرێتەوە لە سنووری پەیوەندی کەسی دەردەچێت.

**١-٥-٤-٢-٤-پەیوەندیکردنی بەسوود institution :**

(جەختکردنەوەیە لەسەر کارابوونی زمان لە دەوروبەردا)[1]، کە تاك هەوڵدەدات زمان بەکاربێنێ وەك ئامێرێك بۆ بەدەستهێنانی ویستەکانی لە کۆمەڵدا.

**١-٥-٤-٢-٥-ئەرکی سۆزداری Affective communication:**

هەموو ئەم شێوازانە دەگرێتەوە کە قسەکەر خۆشەویستی و رِك و کینەی خۆی پێ دەردەبڕێت، لێرەدا رەچاوی ئەوەش دەکرێت ، کە هەندێ وشە بۆهەندێ کەس دەبێتە هەڵچوون بۆ هەندێکی دی ئاساییە، یا لە ناوچەیەکەوە بۆناوچەیەکی دی دەگۆڕێت زمان و شێوازی دەربڕین دووری و نزیکی (مەودای) قسەکەر و گوێگر و بارودۆخی قسەکردن رۆڵی کارای دەبێت لە کاریگەری دروستکردن و دیاریکردنی ئاراستەی پەیوەندیکردن، چونکە زۆر وشە هەڵگری واتای رێزە، بەڵام شێوازی دەربڕین

1- Crystal (2003, 237)



ئاراستەی پێچەوانەی هەیە یا (قسەکەر لەشوێنێك رستەیەك بەکاردێنێ، کە دەرئەنجامی پێکهاتەکانی بریتیە لەرستەیەکی بریندارکەر یان سەرزەنشتکردن، بەڵام دەبینین قسەکەرەکە مەبەستی گاڵتە و نوکتەبازییە لەم کاتەدا)[1].

بۆ کارابوونی ئەم ئەرکە و پێکانی مەبەستی قسەکەر، پێویستە قسەکەر رەچاوی باری دەروونی و ژینگەی کۆمەڵایەتی و ئاستی تێگەیشتنی گوێگر بکات.

**١-٥-٤-٢-٦- پاکبوونەوە:**

مەرجی سەرەکی ئەم ئەرکە بوونی کاریگەریەکی زۆرە ((بریتییە لە بەرهەمی توڕەیی و ئێش و ئازار کە مرۆڤ تووشی دەبێت، جا جەستەیی یا هۆش یا هەست و سۆز بێت)) [2]وەك:

أ- سەر سوڕمان (ئاه، ئاخ، ئۆف) دەربڕین.
ب- ناڵە و گریان.
ج- پێکەنین.
د- سوێند خواردن.

**١-٥-٤-٢-٧-سحر (جادوو).magic.**

(هەندێ وشە هێزی سحرییان هەیە).[3] لە دروستکردنی کاریگەری، ئاراستەی ئەم هێزەسحرییە دەشێ بۆ خۆشەویستی (ئاینی) بێت یا بۆ دژایەتی دروستکردن و کێشەنانەوە بێت. لە پەیوەندی کەسی کاردانەوەی راستەوخۆی هەیە وشەکان ئەم هێزە کاتێك وەردەگرن، کە هەڵگری بەهای (کۆمەڵایەتی، دەروونی، زمانی، ئاینی) بن کە دەبنەهۆی هەڵچوون یا دامرکانەوەی هەڵچوون، ئەم هێزە سحرییە لە حوکمدان

١- ساجیدە عەبدوڵا فەرهادی(٢١،٢٠٠٣).
٢- صالح ابو اصبع(١٩٩٩، ١٦)
٣- سەرچاوەی پێشو (١٩٩٩، ١٦)

و تەڵاقدان و نزاكردن و توك لێكردن..هتد دادەبینرێت، كە دەبێتە هـۆی دامـەزرانـدنی پەیوەندی یاپچڕانی پەیوەندی، یاخۆشەویستی و تووڕەیی....

**١-٥-٤-٢-٨- بە كارهێنانی زمان لە جێبەجێكردنی نەریتەكان rituals:-**

زمان لە پەیوەندی كەسیدا ڕۆڵی پیرۆزی (مقدس) دەبینێ وەك لە ئەڵقەی زكری دروێش دا لە پێداهەڵدانی دروشمەئاینییەكان و پیرۆزبایكردن لە بۆنەكان.

**١-٥-٤-٣-پێویستییەتی پێوەندی كەسی:**

پەیوەندی كەسی زیاد لە پەیوەندییەكانی دی پێویستییەكی بەردەوامی تاكەكانی كۆمەڵـە لـەڕووی دەروونـی و كۆمەڵایـەتی...هتـد تاكـەكان لـە ڕێگـەی ئـەم جـۆرە پەیوەندییـەوە بـاری دەروونـی خۆیـان هاوسـەنگ دەكـەن. لـە ڕێگـەی ئـەم جـۆرە پەیوەندییەوە ئەركە كۆمەڵایەتییـەكانیان ڕادەپـەڕێنن، چـونكە ((پەیوەنـدیكردن واتـە بەدەستهێنانی تواناكانی ژیان و گەشەكردن و سەركەوتن نزیـك بوونـەوە و كاریگـەری لەگەڵ كەسانی دی، ژیان لەگەڵیان بەتێگەیشتن و ڕێككەوتن، هاوبەشی كردنـی بـیر و هیواكانیان، بەڵام سەرنەكەوتن لە پەیوەندیكردن واتە تۆران و دوودڵـی و ڕك و كینـە. دابڕان لە كەسانی دی دووركەوتنەوە لەجیهانیان، كە پڕە لە ژیانی گەشەسەندن))[1].

بۆیە دەشێ پێویستی تاك بۆ پەیوەندیكردنی كەسی لەسێ خاڵ كورت بكرێتەوە [2]:

١- پێویستی مرۆڤ بۆ كاریگەری و تێكەڵاوی بەكەسانی دی و ڕاكیشانی سەرنجیان.

٢- پێویستی مرۆڤ بەوەی كاریگەری هەبیت لەسەر كەسـانی دی بـۆ بـەدیار خستنی دەسەڵات و كونترۆڵ كردنیان.

٣- پێویستی مرۆڤ بەوەی كاریگەرە بەهەست و سۆز و هاوڕێیەتی. ئەم پێویسـتیانە كاتێك دەستە بەر دەبن ئەگەر هات و پەیوەندییەكە كارابێت.

١- عصام الموسی(٢٠٠٣، ٢٠)

٢- سەرچاوەی‌پێشو(٢٠٠٣، ٥١)



چەند فاكتەرێك كاردەكەنە سەر كارابوونی پەیوەندی كەسی[1]:

١- ڕوونی بابەت بۆ بەشدار بووان بەشارەزاییان بۆچوارچێوەی گەڕانەوەیی.

٢- توانستی هەست كردن بەهەست و سۆز ی بەرامبەر.

٣- قسەكەر بتوانێ وابكات بەرامبەر متمانەی پێ هەبێت.

٤- ڕاست گۆیی و ڕەسەنی و دەرخستنی گرنگی ڕاستەقینە بەوەی كە دەیڵێ.

٥- تێگەیشتن لەهەستی بەرانبەر بە تێپەڕین لەواتای حەرفی وشەكان بە دركردنی دروست.

**١-٥-٤-٤- كردەی ڕازیكردن:**

پرۆسەی پەیوەندیكردن كارا نابێت ئەگەر كاریگەری و كاردانەوە لای گوێگر بەدی نـەكرێ ئـەم كاریگـەری و كاردانەوەیـەش لـە كـردەی ڕازیكردنـی (الاقنـاع)دا خـۆی دەبینێتەوە.

كردەی ڕازیكردن هەر لەگەڵ مێژوی مرۆڤایەتیدا بوونی هـەبووە, چـونكە مرۆڤـە لەسەر ئەم بنەمایە درێژەیان بەپێكەوە ژیان داوە.

هەمیشە مرۆڤ لە پەیوەندییەكانی هەڵدەستێت بـە پرۆسـەی ڕازیكردنـی گـوێگر ، ڕازیكـردن بـەوەی، كـە دژایـەتی بكـات یـا هاوكـاری بكـات ئەمـەش دەبێتـە هـۆی دیارخستنی ڕێژە و چۆنیەتی ئەو كاردانەوەیەی كە لە گوێگر بەدی دەكرێت .

زانایانی بواری پەیوەندیكردن چوار ڕێگەیان بۆڕازیكردن داناوە :-

١-٥-٤-٤-١-ڕازیكردن لە ڕێگەی هۆشەوە :

١-٥-٤-٤-٢- ڕازیكردن لە ڕێگەی سۆزەوە :-

١-٥-٤-٤-٣- ڕازیكردن لە ڕێگەی ترسەوە :-

١-٥-٤-٤-٤- ڕازیكردن لەڕێگەی دووباركردنەوە:-

١- سەرچاوەی‌پێشو (٢٠٠٣، ٥١)

### ١-٥-٤-٤-١-ڕازیکردن لەڕێگەی هۆشەوە (Covincing):

هۆش بنەمای جیاکردنەوەی مرۆڤە لە زیندەوەرانی دی هەر ئەم بنەمایەش داهێنەری زمانە. زمان و هۆش دوو ڕووی یەك شتن هیچیان بەبێ ئەوی دییان هەڵناکات.

وڵبرت و ڕۆئیل (Roell&Woolbert) ئاماژە بە ڕازیکردن لەڕێگەی هۆشەوە((Covincing بەوە دەکەن کە بریتییە لە بەکارهێنانی ستراتیجیەتە هێماییەکان بۆ دەستەمۆکردنی هۆش و ژیری گوێگر.[1] لە ڕێگەی بەڵگە و یاسای ڕاستەقینە و یاسای سروشتی ژیان و ئامار...، کە قسەکەر بەکاری دینێ بۆ سەلماندنی بیرۆکەکانی بۆ گوێگر لە ڕێگەی کۆدێك، کە هەڵگری واتان، لێرەدا پێویستە ڕەچاوی کەسایەتی و ئاستی زانیاری و لێکدانەوەی گوێگر بکرێت.

شیکردنەوەی کۆد لە لایەن گوێگر لەڕێگەی هۆشەوە لەسەربنەمای سوود و زیان گەیاندن دەبێت بەو واتایەی، گوێگر هۆش بە کار دەهێنێ بۆ ئەوەی قسەکەر زیانی لێ نەدا لە هەمان کات دا بتوانێ سوودی لێ وەرگرێ ئەم سوود و زیانەش دەبێتەهۆی پاراستنی پێگەی کۆمەڵایەتی و ئابووری و.......هتد یان بەپێچەوانەوە زیان لێ دان لەو پێگەیە. بۆیە گوێگری پێگەیشتوو هەوڵدەدات قسەکەری هەڵخەڵەتێنەر و درۆزن جیا بکاتەوە.

زۆربەی ئەو زیانانەی لە پەیوەندیکردندا لە گوێگر دەکەوێت هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ بەشداری پێنەکردنی (هۆش) لەلایەن گوێگرەوە لە کردەی ڕازیکردندا.

### ١-٥-٤-٤-٢- ڕازیکردن لە ڕێگەی سۆزەوە :

سۆز لە ناخی هەموو مرۆڤێك دا بوونی هەیە ووروژێنەری زۆرێك لە مەبەست و هەڵوێستەکانی مرۆڤە. ڕێژەکەی لەهەر مرۆڤێك دەگەڕێتەوە بۆ ڕەگەز و تەمەن و باری ژیانی و بیروڕای کەسەکە. ڕازیکردن لەڕێگە سۆزەوە بەپێی پەیوەندی

١- منی سعید الحدیدی وسلوامام علی(٢٠٠٦، ٦٨)



کۆمەڵایەتی نێوان قسەکەر و گوێگریش دەگۆڕێت قسەکەر هەوڵدەدات دەست بگرێ بەسەر کەناڵەکانی سۆز لە گوێکر وەك خۆشەویستی و بەزەیی ڕك وکینە و توڕەیی.

کاتێك لە پەیوەندیکردن پەنا بۆ سۆزی گوێگر دەبردرێت پێویستە بەو خاڵە دەست پێ بکرێت، کە سۆزی گویگر لێیەوە سەرچاوەدەگرێت، وەك ئاین و نەریتی کۆمەڵگا و هەستی نەتەوایەتی....هتد.

(ولبرت ١٩١٧ و رویل ١٩٣٢) پێیانوایە، پێویستە جیاوازی لەنێوان واتای :

١- ڕازیکردن لەڕێگەی سۆزەوە(Persuading).

٢- ڕازیکردن لەڕێگەی هۆشەوە(Covincing)بکرێت.

کاتێ زاراوەی (Persuading) بەکاردێت واتە ڕازیکردن بەپشت بەستن بە ستراتیجیەتە ڕەمزیەکان بۆ ورژاندنی سۆزی گوێگر (وەرگر).[1] ڕازیکردن لەڕێگەی سۆزەوە هەموو ئەو ڕێگایانە دەگرێتەوە، کە وا لە گوێگر دەکرێت پەنا بۆ سۆز بەرێت بۆ شیکردنەوەی ئەو کۆدەی پێی دەگات. هەرچەندە (لەڕووی زانستییەوە دەگمەنە ڕازیکردنی تاکە مەبەست دارەکان (گوێگر) تەنها لە ڕێگەی سۆزەوە یا تەنها لەڕێگەی ژیربێژی (منطق)ئەنجام بدرێت [2]چونکە لە هەموو تاکێك دا سۆز و هۆش دوو لایەنی تەواوکەری یەکن.

### ١-٥-٤-٤-٣-ڕازیکردن لە ڕێگەی ترسەوە :

ڕێژەیەکی زۆرکارەکان لەسەر بنەمای ترس ئەنجام دەدەرێن، لەڕەوتی ژیانی هەر تاکێك ئەوە هاتۆتە پێش، کە پێویست بووە لەهەندێ بار چەند ڕەفتار گوفتار ئەنجام بدات، بەڵام لە ترسان ئەنجامی نەداوە، بە پێچەوانەشەوە.

هەرچەندە ترس لەکەسێکەوە بۆکەسێکی دی دەگۆڕێ، بەڵام بەگشتی لە هەموو تاکێك بوونی هەیە بەو کەسانەشەوە، کە خاوەن پێگەی بەرزی ئابووری و

١- منی سعید الحدیدی وسلوامام علی (٢٠٠٦، ٦٨).

٢- سەرچاوەی پێشو (٢٠٠٦، ٦٨).

کۆمەڵایەتی و سیاسین ئەمەش وادەکات ، ترس ببێتە تەوەرێك بۆ ڕازیکردنی تاکەکان.

جانس و فیشباك١٩٥٣(Janis and Feshback) جیاوازی نێوان تەوەرەی ترسی بەرز و تەوەری ترسی نزم یان کردووە، ئەمەش لە هەندێ هەڵویستی ئەم قوتابیانە بوو کە ڕازی کران بەوەی هەڵبستن بەپاککردنەوەی ددانەکانیان، ئەنجامەکە ئاماژەی بەوە کرد، کە ئاستی ترسی نزم لەپەیام سەرکەوتووترە بۆ گۆڕینی ئاڕاستەکان لە ترسی بەرز، لەگەڵ ئەوەش لێکۆڵینەوەکان ئاماژە بەپێچەوانەکەی دەکەن، کە تەوەرەی ترسی بەرز کاریگەری و کاردانەوەی یەکجار زیاترە [٣]، ئەوەی پێویستە بگوترێت زێدەڕۆیی لە هەرشتێ ناڕاستی و کاڵبوونەوەی تێدەکەوی زێدەڕۆیی لە ترسیش واتە ترسی زۆر، دەچێتە بواری ئەفسانە و خورافیات، کە لەوانەیە کاریگەری زۆری نەبێت لەسەر مرۆڤی پێگەیشتوو.

گۆڵدستین 1959(Goldstin) پێشنیاری ئەوەی کرد، کە ئاستەکانی تەوەری ترس دەشێ پابەندبن بە :

١- جۆری کەسایەتی.
٢- گرنگی بابەت.
٣- ڕاستگۆیی سەرچاوە [١].

**جۆری کەسایەتی گوێگر و قسەکەر:**

بۆچوونی گۆڵدستین ڕاستی زیاتر هەڵدەگرێ کەسایەتی قسەکەر و گوێگر دەستی باڵایان هەیە لە ڕازیکردن و ڕازیبوون، بەجۆرێك زۆرجار دەکەوینە ژێر باڵی مەرامەکانی قسەکەرێك و ڕازی دەبین بە داواکانی لەگەڵ ئەوەش دا لەوانەیە بە زیانی ئێمە تەواوبێت ئەمەش بەهۆی جۆری پەیوەندی کۆمەڵایەتیمان لەگەڵی یا بە

٣- سەرچاوەی پێشو (٢٠٠٦، ٦٨).

١- منی سعید الحدیدی وسلوامام علی (٢٠٠٦، ٦٨).



هۆی پێگە و دەسەڵاتی کۆمەڵایەتی، سیاسی، ئابووری قسەکەر، ئەم کاریگەرییەش بۆ هەموو گوێگرێك وەك یەك نییە، ئەمەش بەهەمان شێوە دەگەڕێتەوە بۆ جۆری پەیوەندی کۆمەڵایەتی و پێگەی سیاسی و ئابووری گوێگرەکە، کە ئەم پێگەیە ناچاری ناکات دەستەمۆی ئەو ترسە بێت، کە قسەکەر بۆ ڕازیکردنی بەکاری دێنێ.

**گرنگی بابەت :**

گرنگترین بابەت بۆ گوێگر و قسەکەر، کە ڕازی نەبوون یا دژایەتیکردنی ترسی زۆر هەڵدەگرێت، ئەو بابەتانە، کە کۆمەڵگا قەدەغەی کردوون، یا ئەو بابەتانەی بیروڕای گوێگر یاقسەکەر پێك دەهێنن، بۆیە زۆرجار دەشێ بابەت بەشێك نەبێ لە بیرو ڕای گوێگر، کەچی گوێگر دەستەمۆی دەبێ لەترسی یاساکانی کۆمەڵگا و داب و نەریت وئاین و یاسا و ئابووری و دەسەڵات...هتد، یا بەپێچەوانەوە دەشێ بابەت بەشێك نەبێت لە بیروڕای قسەکەر کەچی قسەکەر وەك بەشێك لە بیروڕای خۆی لێی دەدوێ.

**ڕاستگۆیی سەرچاوە:**

ئەگەر هاتوو سەرچاوە پێشینەیەکی ترسێنەری هەبێت و دەسەڵاتی باڵای هەبێت، ناسراوبێت لای گوێگر ، یا ڕەزامەندی سەرچاوە لە لایەن گوێگر گرنگ بێت ئەمانە کاریگەرییان دەبێت لە وروژاندنی ترس لەلایەن گوێگر و هاتنە ژێر باڵی گوێگر بۆ ویستەکانی سەرچاوە، هەروەها پێویستە سەرچاوە پێشینەیەکی ڕاستگۆیی هەبێت لەزەینی گوێگر، چونکە بوونی پێشنەیەکی ناڕاست لەڕابردووی قسەکەر دەبێتە هۆی کاڵبوونەوەی هێزی ترس لە هەستی گوێگر.

### *١-٥-٤-٤-٤-ڕازیکردن لە ڕێگەی دووبارکردنەوە:*

مەبەست لە دووبارەکردنەوە: دووبارەکردنەوەی پەیامە لەلایەن قسەکەر بۆ ڕازیکردنی گوێگر. هەرچەندە دووبارەکردنەوە بەمەبەستی ڕازیکردن (قەناعەت پێهێنان) زیاتر لە بواری ڕیکلام و پەروەردە و فێرکردن کارادەبێت، لەگەڵ ئەوشدا لەهەندی بار دا لەپەیوەندی کەسی ڕۆڵی کارای هەیە.

دووبارەکردنەوەی پەیام لەلایەن قسەکەر دەبێتەهۆی وروژاندنی هۆش و سۆز بەمەش کردەی رازیکردن لە ڕەفتار و گوفتاری گوێگر ڕوودەدات، دووبارەکردنەوە بەشێوەیەکی یەك لەدوای یەك لەناخی مرۆڤ جۆرێك لە باوڕە دروست دەکات [١]، بەمەش ڕازیکردن ڕوودەدات. ئاشکرایە، دووبارەکردنەوەی پەیام بەڕێژەیەکی زۆر دەبێتەهۆی دروستبوونی گومان لای گوێگر بۆیە پێویستە لەدووبارەکردنەوەدا ڕەچاوی گۆڕانی شێوازی دووبارەکردنەوەکە بکرێت واتە گواستنەوەی یەك مەبەست لە پەیام بەشێوازی جیا.

هەندێ لە زانایانی بواری پەیوەندیکردن (ڕێکخستنی پەیام) بەیەکێ لەڕێگاکانی ڕازیکردن دادەنێن، بەڵام پێویستە بزانرێ ڕێکخستنی پەیام لە کۆدێك پێویستییەکی گرنگە لە هەموو ڕێگاکانی ڕازیکردن، واتە ڕازیکردن لەرێگەی سۆز و هۆش و دووبارەکردنەوە و ترس بەرهەم نایەت، ئەگەر لە پەیامێکی وروژێنەر و شێوازیکی کاریگەر دا نەڕژابێت، بێگومان ئەم ڕێکخستنەش لە چۆنیەتی ڕیزکردنی ڕستەکان و جوڵەی جەستەوە، ئاوازە و مەودای نێوان قسەکەر و گوێگر خۆی دەبینێتەوە.

---

١- علی الوەردی(١٢٨،٢٠٠٥).



## ١-٦- ڕەگەزەکانی پەیوەندیکردن لە پێوەندی کەسیدا:

### ١-٦-١ قسەکەر (نێرەر) (Speaker)

هەڵگری واتا و مەبەستە شاراوەکانی پەیامە، توانستی قسەکردن و شارەزایی لەبنەمای ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و نەریتی کۆمەڵگا کاریگەری دەبێت لەسەر کارابوونی پەیامەکەی ئەمەش هۆکارە، کە کەسێك لە کۆمەڵگا بە قسەزان بناسرێت و کەسێکی دی بەدەم شڕ. لە پێناسەی قسەکەردا دەگوترێ ((ئەو کەسەیە، کە هەڵدەستێت بە ئاڕاستەکردنی پەیام بۆ کەسێك یان چەند کەسێك)).[١] قسەکەر هەڵدەستێت بە ئاراستەکردنی پەیام هەرچەندە مەبەستی پەیام پێویستە پەیوەست بێت بەئاستی گوێگر، بۆیە قسەکەر ((بریتییە لەو سەرچاوەیەی کاردەکاتە سەر بەرهەمهێنانی پەیام، کە هەڵگری واتایە لەڕێگەی هۆکاری پەیوەندیکردنەوە ئاڕاستەی گوێگرانی دەکات))[٢].

قسەکەر بۆ ئەوەی مەبەست بپێکێ پێویستە ڕەچاوی کەسایەتی گوێگر لەڕووی تەمەن، ڕەگەز و پێگەی کۆمەڵایەتی بکات، هەروەها ڕەچاوی کات و بارودۆخی قسەکردن بکات.

قسەکەر بریتییە لە ڕەگەزە هەرە سەرەکییەکانی پەیوەندیکردن، هەرچەندە قسەکەر بوونی نابێ بەبێ بوونی پەیام و گوێگر و کۆد، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پێگەی باڵای هەیە، چونکە دەتوانێ کاریگەری کارا دروست بکات، سەربەستە لە هەڵبژاردنی پەیام و بارودۆخی پەیام لەبەرژەوەندی خۆی. هەروەها قسەکەر بەهۆی توانستی زمانی خۆی هەردوو جۆری پەیوەندیکردن: گوتەیی و ناگوتەیی بەکار دەهێنێت بۆ ئاڕاستەکردنی پەیام.

(ئۆستن) پێیوایە قسەکەر (نێرەر)، کە قسەدەکات خۆی لەسێ کردەدا دەبینێتەوە:

---

١- صالح ابو اصبع (١٩٩٩، ١٢).

٢- عصام الموسی(٢٠٠٣، ٧٠).

١- كردەی گوتن: لێكدانی وشەكانە بە شێوەیەكی ڕێزمانی و دیاریكردنی هاوبەشەكان و شێوەی گەراندنەوەی جێناوەكان.

٢- كردەی مەبەست : واتای سەرزاری ڕستەكان وەسفین، بەلآم كە دەیانخەینە دەوروبەر مەبەستی دیكەدەگەیەنن، كە لەگەڵ واتا فەرهەنگییەكانیان یەك ناگرنەوە.

٣- كردەی پاشكار : واتە"ئامانج چیییەلەم گوتنە؟دەتەوێ ترساندن، تۆقاندن، ڕازیكردن، دڵنەوایی...هتد، بەگوێگر بگەینی، كە ئەمەش دوای هەڵوێستی(وەرگر)، دەبێ بەسەركەوتنی گوتنەكە.[1]

لە پەیوەندی كەسی دا قسەكەر بەسەرچاوەی پەیوەندیكردنیش دادەنرێت، چونكە پەیام لەخەزێنەی زانیارییەكانی قسەكەر سەرچاوەدەگرێ، هەرقسەكەریش لەرێگەی كۆدەوە هەڵدەستێت بەگواستنەوە و ناردنی پەیام بۆخەزێنەی زانیارییەكانی گوێگر.

### ١-٦-٢ گوێگر:

بریتییە لەئامانجی پەیوەندیكردن لەڕووی ژمارەوە لەپەیوەندی كەسیدا پێویستە ژمارەیان ئەوەندەبێت ، كە بواری وڵامدانەوە یا كاردانەوە (feed back)یان هەبێت لەگەڵ قسەكەر. پەیوەندیكردن، كاتێ دێتە ناو بازنەی جێبەجێكردنەوە ئەگەر هات و كاردانەوە لە هەڵسوكەوتی زمانی یا ڕەفتاری گوێگر بەدی بكرێت، هەڵبەتە گوێگر لەپەیوەندی كەسی دەبێتە دووجۆر :

### گوێگری هەڕەمەكی:

ئەم گوێگرە هەڕەمەكی گوێبیستی پەیامی قسەكەر دەبێت ئەگەری ئەوەهەیە ئاڕاستەی پەیام لەویش نەبێت دەشێ قسەكەر ڕازیش نەبێ بەگەیشتنی پەیام بەم جۆرە گوێگرە لەبەر هەر هۆیەك بێت، بەلآم ئەو هەوڵی وەرگرتنی پەیامەكە دەدات

١- عەبدولواحید مشیردزەیی(٢٠٠٥، ١٣٠).



زۆرجار بەدواداچوونیش دەكات بۆ وەرگرتنی، ئەم جۆرە گوێگرە لەكۆمەڵدا بە(گوێ هەڵخەر یا گوێ قوڵاغ) لەقەڵەم دەدرێ كۆمەڵ بەنزم لەم جۆرەگوێگرە دەڕوانێت، دەربڕینەكانی (جاسوسە، قسە دێنی و دەبا،...) بۆبەكاردێت.

زۆرجار قسەكەر بەئاڕاستەی جەستەی بۆ كەسێك قسەدەكات، كەچی مەبەستی پەیامەكەی ئاڕاستەی كەسێكی دی دەكات، كە لەوێ ئامادەیە، ئەمەش لە توانج گرتن و بەوێڵ قسەكردن دا دەبینرێ.

### گوێگری دیاریكراو:

ئەم گوێگرە راستەوخۆ ڕووی لە پەیامە قسەكەر پەیام ئاڕاستەی ئەو دەكات.

گوێگر هەوڵدەدات واتای كۆدكراو شیبكاتەوە و بیرۆكەكان بەیەكەوە پێوەند بكات بەلێكدانەوەی واتا و ئاڕاستەی پەیام كاردانەوە لە گوێگر دروست دەبێت بەجۆرێك بەزۆری دەبێتەهۆی ئەوەی، كە گوێگر بگۆڕێت بەقسەكەر، بەپێی شیكردنەوەی ئەو كۆدەی كەپێی دەگات گوێگر دوو ئاڕاستەی ڕووبەڕووی قسەكەر وەردەگرێت:-

١- پتەوكردنی پەیوەندییە لەگەڵ قسەكەر.

٢- لاوازكردن یا نەمانی پەیوەندییە لەگەڵ قسەكەر.

ئەمەش پەیوەستە بەو بار گەیەی، كە پەیام پێی بارگاوی كراوە گوێگر هەڵگری كۆمەڵێ نەریت و بەهای كۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیرییە وروژاندنی هەریەك لەم بەهایانە بە ئاڕاستەی ئایی كاردانەوەی ئایی دروست دەكات و بەپێچەوانەوە كاردانەوەی نایی دروست دەكات ئەم جۆرە كاردانەوە كار لەقسەكەر دەكات، كە لەسەر چ بنەمایەك گوێگری خۆی هەڵبژێری، هەروەها كار لە گوێگر دەكات، كە چ هەڵوێستێك بنوێنێ لەبابەتی دیاریكراودا، زانای ئەمەریكایی (تۆم بێفەر) لە كتێبەكەیدا بەناوی (the cognitive basis for linguistic structures) پێیوایە گوێگر گوێبیستی ئەوەدەبێ، كە چاوەڕوان دەكات گوێبیستی ببێت، ئەوەی

یارمەتی ئەوەدەدات زانیاریتی لەبارەی دەنگ و ڕێزمان و واتای وشەکانی زمانەکەی، هەروەها زانیاری لـەبارەی جیهـان بەگـشتی، ژیـاری نەتەوەکـەی بەتایبـەتی. گـوێگر ئەگەر ڕەگەزێکی ئیجابی کارابێت لەگوێگرتنی بۆئاخاوتن دەبێ سوود لەم زانیاریانـە وەربگرێت بۆ وێنەکردنی ستراتیجیەتی دیاریکراو [1]. زۆرجار گوێگر لە قسەی نەشیاو و نەگونجاو لەگەڵ بارودۆخی پەیوەندییەکە و کەسـایەتی قـسەکەرەکە و..... دەربڕینـی (چاوەڕێی ئەو قسەم لێنەدەکردی، نەدەبوا ئەو قسەبکەی،....) دەردەبڕێ.

### ١-٦-٣- پەیام: message

بریتییە لە زانیاری و بیرو هەست، کـە قـسەکەر هەڵدەسـتێ بـە گواسـتنەوەی بـۆ گوێگر لەڕێگەی هێماوە، کە دەشێ دەنگـی بێـت وەکـو قـسە، یـا وێنـەیی بێـت وەك نوسین یا جوڵە و ئاماژە و ڕەنگ یا تێکەڵی هەمـوو ئەو پێکهاتانەبێت [1]، ئاشـکرایە لەپەیوەندی کەسی دا هەر دەنگ و ئاماژەیەکی جەستەیی هەڵگری پەیامێکە جا ئـەو ((پەیامە لەبیرەوەبێت یا بۆی بچێت، هەڵگری زانیاری (Information) پێویـستە یارمەتی مرۆڤ دەدات بۆ تێگەیشتنی ئەگـەرە چاوەڕوان کراوەکـان ئـەو لێڵیانـە ڕوون دەکاتەوە ، کە بەمەسەلە جیاوازەکان دەورەدراون))[2].

گوێگر و بارودۆخی قسەکەر کاریگەری هەیە لەسـەر ئـەو پەیامـەی دەریـدەبڕێت، هەمیشە هەوڵدەدرێت پەیام لە ئاستی تێگەیشتنی گوێگر و قسەکەر دابێت بۆئەوەی کاردانەوە (feedbak) ڕوودات.

پێگەی قسەکەر و گوێگر کاریگەری زۆری هەیە لەسەر دیاریکردنی بابـەتی پـەیام بـەجۆرێك هەنـدێك بابـەت بـۆ هەنـدێ قـسەکەر و گـوێگری دیـاریکراوە باسـکردنیان ئاسـتەمە لەهـەمان کـات دا، هەڵـسەنگاندنی قـسەکەر پەیوەنـدی زۆری هەیـە بـەو

١- نایف خرما(١٩٧٨، ٢٠٣).

١- صالح ابو اصبع (١٩٩٩، ١٢).

٢- عصام الموسى(٢٠٠٣،٦٠).



پەیامەی، کە دەیگوازێتەوە بەجۆرێك سەرکەوتوویی پەیام تایبەتمەندیەکە، کە لەسـەر ئەم بنەمایە سەرکەوتوویی یان ناسەرکەوتوویی قسەکەر هەڵدەسەنگێنرێ[3].

پەیام زانیاری زۆر لەبارەی قـسەکەر ڕووندەکاتـەوە بـەجۆرێك لەڕێگـەی پەیامـەوە دەتوانرێت خۆشەویستی و ڕك و کینە, توڕەیی و بیروڕا و مەبەست و شوێن و پێگە و تەمەن و ڕەگەزی قسەکەر تا ڕادەیەکی باش بزانرێت، هەروەها دەشێت تاکە پەیامێك هـەڵگری چـەند مەبەسـتێك بێـت، کـە لـە ویـست و مەبەسـتی قـسەکەرەوە سەرچاوەبگرێ، بە نەبوونی پەیام یان نەگوێزانەوەی پەیام لە نێـوان قـسەکەر و گـوێگر هیچ پەیوەندییەك ئەنجام نەدراوە، چونکە بەنەبوونی پەیام کاردانەوەش نابێت.

### ١-٦-٤-کۆد:Code

کۆد ئەو فاکتـەرە ڕەمزییەیـە، کـە وەك هـەڵگر و گـوێزەرەوەی واتـا و زانیارییـەکان کاردەکات ((کاتێك دوو یا زیاتر لەخەڵك پەیوەندی لەگەڵ یەك دەبەستن بەقسە، دەتوانین ئەو سیستەمەی لە پەیوەندیکردن بەکاری دێنن ناوبنێین کۆد)) [1]، لە پەیوەنـدی کەسـی دا کۆد ئەو سیستەمە زمانییەیـە، کـە لـەنێوان کەسـەکان بـەکاردێت بـۆ گواسـتنەوە و وەرگرتنی پەیام، هەروەها لـەم جـۆرە پەیوەندییـە کـۆد ڕۆڵـی کـەناڵیش دەبینـێ، (وارد وەیگ wardhaugh) پێیوایە ئاماژەکردن بەزاراوەی کۆد لە بـری زمـان و شـێوەکانی، زاراوەیەکی بەسوودە، چونکە زاراوەی کۆد بێ بارگەیە [2]. هەڵبژاردنی زاراوەی کـۆد لـە پەیوەندیکردن دەگەڕێتەوە بۆ ئەو گشتگیرییەی کە شـێوەکانی پەیوەنـدیکردن گوتـەیی و ناگوتەیی لەخۆی دەگرێت، هەروەها لە پەیوەندی گوتەیی (زمانی سـتاندارد، شـێوەزاری کۆمەڵایەتی و ناوچەیی و پیشەیی..) دەگرێتەوە.

٣- صالح ابو اصبع (١٩٩٩، ١١٢).

1- Wardhaugh.(1986,1)
2- Wardhaugh(1986,2)

لە پێوەندیی کەسی دا قسەکەر و گوێگر سەربەستن لە بەکارهێنانی هەرکۆدێك، چونکە ئەم پەیوەندییە بەوە جیادەکرێتەوە، کە نەبەستراوەتەوە بەشێوەیەکی زمانی دیاریکراو (قسەکەری پێگەیشتوو بیرۆکە و زانیارییەکانی لە وشەی دیاریکراو دا ڕێکدەخات، ڕێکخستن و ڕێك و پێك کردنی وشەکان بەخواستی خۆی لەپەیامێك دەیان نێرت، ناردنی پەیام دەکرێ بە شێوەی نوسین یا زارەکی(oral) بێت، هەموو ئەم پرۆسەیە ناودەبرێت بە بەکۆدکردن (Incoding) کاتێك وەرگر (گوێگر) هەست بەم پەیامەدەکات (بەهۆی خوێندنەوەی یا گوێ لێ بوون) بیرۆکە و زانیاریە بەکۆدکراوەکان وەردەگرێت و لە واتاکانیان تێدەگات بەم پرۆسەیەش دەگوترێت (شیکردنەوەی کۆد (decoding)(...) ئەو سیستەمەی بەکاردێت بۆ بەکۆدکردن و شیکردنەوەی کۆد بریتییە لەزمان[1]، کەواتە پەیوەندیکردن بەرهەم دار نابێ بەبێ بوونی کۆد.

کۆد ڕەگەزێکی گرنگی پرۆسەی پەیوەندیکردنە ئەم کۆدەش بە هەموو شێوەکانییەوە لە ناوچەیەك بۆ ناوچەیەکی دی لە وڵاتێك بۆ وڵاتێکی دی جیاوازی تێدەکەوێ، بەڵام ئەمە لەکاری ئێمەدا گرنگ نییە، ئەوەی گرنگە ئەوەیە کۆدی هاوبەش لەنێوان تاکەکان دەبێتەهۆی دروستکردن و گواستنەوەی کاریگەرییەکان لەبەرئەوەی هەڵگری بەها مرۆییەکانە.

### ١-٦-٥- ژاوەژاو: noies

گواستنەوەی پەیام، یا پرۆسەی پەیوەندیکردن بەگشتی، لە بۆشایی دا ئەنجام نادرێت، هەر لەبەر ئەوەشە ئەم پرۆسەیە توشی کۆسپ و بەربەست دەبێتەوە بەمەش بەشێك لە واتا و زانیاری ون دەبێ لە ئەنجامی تێکچوون و شێوانی تەوەرەی پەیوەندی. ئەو هۆکارانەی دەبنەهۆی ون بوون و لەکیسچوونی زانیاری بەژاوەژاو (noies) ناودەبرێن.

1- Shams and Wiig (1982,26)



ژاوەژاو، بریتییە لە هەر خۆتێهەڵقورتاندنێك، کە ببێتە بەربەست یا کاریگەری خراپی هەبێت لەسەر پرۆسەی پەیوەندیکردن [٢]، ((یا هەر شتێ، کە ڕوونکردنەوەی پەیام کەم کاتەوە))[٣]، کەواتە هەربەربەستێك، کە کار لەتەوەرەی پێوەندی بکات یا ببێتە بەربەست لە گەیشتنی پەیام و کاردانەوەی پەیام بەشێوەیەکی دروست بە ژاوەژاو ناودەبرێ.

ئەو هۆکارانەی هۆکاری دروستبوونی ژاوەژاون، دەبنەهۆی دابەشبوونی ژاوەژاو بۆ چەند بەشێك زانایانی بواری پەیوەندیکردن بەگشتی دوو جۆر ژاوەژاویان جیا کردۆتەوە (تەکنیکی و واتایی)، بەڵام پەیوەندی کەسی ئەوە هەڵدەگرێت، کە بەم جۆرەی خوارەوەدابەش بکرێت :ـ

**١- ژاوەژاوی تەکنیکی :**

ئەو هۆکارانە دەگرێتەوە، کە دەبنە هۆی نەگەیشتنی دەنگی قسەکەر (نێرەر) یا شێواندنی، کە هەڵگری پەیامە، وەك بوونی دەنگی بەرز، یا نزمی دەنگی قسەکەر. یا هەر هۆ کارێکی فیزیکی لە دەرەوەی گوێگر و نێرەر، لەژینگەی پەیوەندیکردن کاربکاتە سەر تەوەری پەیوەندیکردن، هەروەها پێی دەگوترێ (ژاوەژاوی دەرەکی).

**٢- ژاوەژاوی واتایی:**

هۆکاری زۆر هەن بۆ دروستبوونی ئەم جۆرە ژاوەژاوە وەك :

**أ-لێڵی واتایی :ـ** بەهۆی ئاستی وشەسازی و ئاوازە و ئاستی ڕستەسازی دروست دەبێ بۆ نموونە گرێیەك یا ڕستەیەك هەڵگری یەك واتا زیاترە.

**ب-جیاوازی کەلتوری :ـ** لەیەك کۆمەڵەی زمانی دا بە هۆی ناوچە و ئاستی کۆمەڵایەتی جیاوە ژاوەژاو دروست دەبێت، بەهۆی نەشارەزایی گوێگر لەم کەلتورە جابە هۆی کۆدی گوتەیی یا ناگوتەیی بێت.

٢- صالح ابو اصبع (١٩٩٩، ٢٩).

3- Rasul(2006،18)

## ٣- ژاوەژاوی دەروونی :


ئەم جۆرە ژاوەژاوە دەگەڕێتەوە بۆ باری دەروونی قسەکەر و گوێگر هەرچەندە ژینگەی پەیوەندیکردن گونجاوبێت. ترس و شەرم جۆرێك لە ژاوەژاو دروست دەکەن بەهۆی پێگەی گوێگر یا قسەکەر, کار لە گوێگر یا قسەکەر دەکەن، کە نەتوانێ ئەوەی دەیەوێ بیگەیەنێ، هەروەها ڕۆیشتنی خەیاڵی گوێگر لەبەر هەر هۆکارێك بێت دەبێتە هۆی نەگەیشتنی پەیام و نەبوونی کاردانەوە.

## ٤- ژاوەژاوی جەستەیی :

دەگەڕێتەوە بۆ نالەباری ئەندامی بیستن یا ئاخاوتن لەهەندێ باریش دا بەهۆی ئازاری زۆری سەرتاپای جەستە مرۆڤ ناتوانێت بەناردنی پەیام یاوەرگرتنی هەڵبستێت بەمەش ژاوەژاو دروست دەبێ، یا نەخۆشی ئەندامانی ئاخاوتن وەك لاڵی یا زمانگرانی و تەتڵەکردنی زمان، نەخۆشی ئەندامی بیستن وەك گوێگرانی، ئەمانە بەژاوەژاوی جەستەیی ناودەبرێت.

بەرئەنجامی کارکردنی ڕەگەزەکانی پەیوەندیکردن لەپرۆسەی پەیوەندیکردنی کەسیدا بریتییە لە بەدوای یەکداهاتنی کردەی کاریگەری و کاردانەوە، کاتێك قسەکەر مەبەستی قسەکردنەکەی لەپەیامێك ڕێك دەخات و بارگاوی دەکات بە بەهای دیاریکراو بە پێی چوارچێوەی گەڕانەوەیی لە دوای دا لە کۆدێك دا دای دەڕێژێت و کاریگەری لە گوێگر دروست دەکات، گوێگر هەڵدەستێ بە شیکردنەوەی کۆدەکە و لێکدانەوەی مەبەستی پەیامەکە گەڕانەوە بۆ چوارچێوەی گەڕانەوەیی و کاریگەر بوون و کاردنەوە. ئەم پرۆسەیەش بەستراوەتەوە بە ژینگەی پەیوەندیکردنەکە و شارەزای قسەکەر و گوێگر لە چوارچێوەگەڕانەوەیی، چۆنیەتی و چەندیەتی ئەم دوو کردەیە کارایی پرۆسەکە ڕوون دەکەنەوە: هێڵکاری (٥) کارکردن و بەرهەمی کاری پرۆسەی پەیوەندیکردن ڕوون دەکاتەوە:






هێڵکاری ( ٥ ) کار و بەرهەمی پرۆسەی پێوەندی کردنی کەسی

# بەشی دووەم

# هۆکارەکانی کارابوونی زمان لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا

## ٢-١ پێوەرە کۆمەڵایەتییەکانی قسەکردن:

هەرکۆمەڵگایەك کۆمەڵێ یاسا و پێوەری قسەکردنی خۆی هەیە، کە لەکۆمەڵگایەکی دی جیاوازە ((لە کۆمەڵێکی دیاری کراویشدا بەپێی تێپەربوونی کات گۆڕانیان بەسەر دادێت، هەشیانە لە زۆربەی کۆمەڵگاکان بەکار دەهێنرێن))[١]، کە قسەکەران پابەندن پێیەوە پەیوەندییەکانیان لەڕێیەوە ڕێکدەخەن، پابەندبوون بەم پێوەرانە کاردانەوەی ئایی دەبێت لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لەهەمان کات دا لادان لەم پێوەرانەدە کاردانەوەی نایی دەبێت، پێوەر و یاساکان لە باکگراوندە کۆمەڵایەتییەکان سەرچاوەدەگرن ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو چوارچێوە گەڕانەوەییە (farm of refrens)ی، کە لە خەزێنەی زانیارییەکانی هەر تاکێکی کۆمەڵگا بوونی هەیە، بریتییە ((لەتەواوی شارەزاییەکانی مرۆڤ، کە بەدرێژایی ڕۆژگار کۆی کردۆتەوە، نۆیندراوە و پارێزراوە بەپێی ئامادەباشی و توانستە کەسایەتی و بۆماوەی و وەرگیراوەکان لەگەڵ چوارچێوەی باری ژینگەی کۆمەڵایەتی و کاریگەری و پەیوەندیەکانی))[٢]..مرۆڤ کاتێك قسە دەکات یا قسەی بۆ دەکرێت واتا و زانیاری و بیرو ڕاکان، کە قسەکان هەڵیانگرتووە بەم چوارچێوە گەڕانەوەییە تێدەپەڕێنێ، بە واتایەکی دی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو یاسا و نەریتانەی کە لە خەزێنەی زانیاریەکانی جێگیربووە و بەشێك لە باوەڕی پێکدەهێنێ، کەواتە چوارچێوەی گەڕانەوەیی، وەك پاڵێوەرێك کاردەکات ئەو واتا و زانیاریانەی، کە لەگەڵ پێوەرە کۆمەڵایەتییەکان دا دەگونجێت ڕێگایان پێدەدات و کاردانەوەی ئایی دەبێت بۆی، ئەوانەی لەگەڵ یاسا و پێوەر و نەریتی دا ناگونجێن ڕێگایان پێنادات و کاردانەوەی نایی دەبێت بۆیان، چونکە چوارچێوەی گەڕانەوەیی ((بەرهەمی هۆکار و کاریگەری تایبەتمەندی بایۆلۆجی و کەسایەتی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیرییەکانە، کە لە کەسێکەوە بۆکەسێکی دی جیاوازی تێدەکەوێ بەهۆی جیاوازی لە توانستە خۆرسك و کەسایەتی

)١- هێمن عبدولحەمید شەمس(٢٠٠٦، ٤٦).

٢- عصام الموسی(٢٠٠٣، ٦٢).



بۆماوەی و وەرگیراوەکان و پیداویستییە دەروونییەکان و پەیوەندییەکانی، کە کەتاك ملکەچیان دەبێ))[١]. بەمەش ئەم زانیاری و لێهاتوییانەی، کە بەدرێژایی ژیانی کۆیکردۆتەوە دەبێتە یاسا و پێوەر، لە پەیوەندییەکان سوودی پێ دەگەیەنێ، کە چۆن قسە بکات ؟ لێکدانەوەی چۆن بێت بۆ ئەو قسانەی کە بۆی دەکرێت ؟ بۆ ئەوەی توشی گلەیی و گەمەی کۆمەڵگا نەبێ، کەواتە زمان تەنها ((شارەزابوون نییە لە زانستەکانی دەنگسازی و وشەسازی و زاراوە بەڵکو زانستی تر دەگرێتەوە و پەیوەستە بەڕەفتاری قسەکردن کە (هایمز)(Hymes 1972) بەیاساکانی قسەکردن ناویان دەبات))[٢].

پابەندێتی تاك بەیاسا و پێوەرەکانی قسەکردن ئاست و پێگەی لەکۆمەڵ دا دیاری دەکات چونکە ((قسەکردن لە گرنگترین وسیلەکانە ، کە تاك لەڕێگەیەوە وێنە و کەسایەتی خۆی بۆ کەسانی دی دەگوازێتەوە، تا کەسانی دی لەڕێگەی ئەوەی دەیڵێ و چۆنیەتی گوتنی هەڵی بسەنگێنێن) [٣]، قسەکەری سەرکەوتوو ئەو کەسەیە، کە لەپەیوەندییەکانی دا بتوانێ زمان وەك پاڵنەر و بەرگریکەر لەبەرژەوەندی کەسایەتی خۆی و دەوروبەری بەکاربهێنێ، بەڕای "گۆفمان" ((ئەو کەسەی لەڕێگەی قسەکانییەوە ئارامی دەوروبەری تێك دەدات ئەو کەسە لە پەیوەندییەکانی سەرکەوتوو نییە، سەر کەوتوو نابێ لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیش بەمەش زیان لەژیانی خۆی و ژیانی دەورو بەری دەدات، ئەنجامێکی خراپی دەبێت بۆ سەر ژیانی کۆمەڵایەتی خۆی و ژیانی کۆمەڵایەتی دەوروپشتی، لەوانەی بە کەسێکی سەرنەکەوتوو کەم سەیر بکرێ ))[٤]، لە ئەنجامی پابەندنەبوونی بە پێوەرەکانی قسەکردن، بۆیە تاك بیەوێ و نەیەوێ کۆتەکانی کۆمەڵگا دەیبەستێتەوە بەیاساکانی

١- عصام الموسی(٢٠٠٣، ٦٢).

٢- عەبدولواحید موشیر دزەیی(١٣،١٩٩٩).

٣- هدسن(١٩٨٧، ١٩٨).

٤- سەرچاوەی پێشو(١٩٨،١٩٨٧).

قسەکردن و ناچاری دەکات پابەندبێت پێیان: " ڤندرس"((پێیوایە کۆمەڵگا سەرپەرشتی سۆز و دابونەریت و ڕەوشتی کەس دەکات و لە قالبێك دای دەڕێژێت، هەرکەسێ لێی لابدات ڕووبەڕووی سزای کۆمەڵگا دەبێتەوە، کە سوکترینی گاڵتە پێکردنە))[1].

کۆمەڵگای کوردی وەك هەر کۆمەڵگایەکی دی خاوەنی کۆمەڵێ یاسا و پێوەری قسەکردنە، زۆربەی پێوەرەکانی لەگەڵ پێوەرەکانی کۆمەڵگا ڕۆژهەلاتییەکان یەکدەگرنەوە ئەم پێوەرانە چۆنیەتی و چەندیەتی قسەکردن ڕووندەکەنەوە ، دەبنە هۆی کارابوونی زمان بەئاڕاستەی ئایی یا نایی:

### ٢-١-١-زۆرگوتن (زۆربلێیی):

لە کۆمەڵگای کوردی وەك ((لە زۆربەی کۆمەڵگاکاندا زۆربلێیی کارێکی پەسەند نییە و خەڵك بێزار دەکات))[2]. ئەمەش دەبێتە کاردانەوەی نایی لە لایەن گوێگر بەئاراستەی قسەکەر تێڕوانینی گوێگر بۆ قسەکەر نەویستراو دەبێت، بەمەش پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لاوازدەبن بە هۆی زەوتکردنی مافی گوێگر، کە قسەکەر بواری ڕاگورینەوە و وەرگرتنی زانیاری گوێگر نادات، بنەمای کایە گرتن (turn - talking ) لە قسە کردن پێشێل دەکات کە بریتییە :((لە سوڕانەوەی قسە لە نێوان دوو کەس یا زیاتر))[3]، بە پێی بنەمای کایەگرتن قسەکەر کاتێك ، کە دەسەڵاتی قسەکردنی دەکەوێتە ژێر کۆنترۆڵ پێویستە ڕەچاوی ماوەی ئەم دەسەڵاتە بکات و بوار بهێڵێتەوە بۆ گوێگریش، کە ببێتە قسەکەر بەتایبەتی لەپەیوەندی کەسی ئەگەرنا قسەکەر بە زۆربلێ وەسف دەکرێت، کە سیفەتێکی بێزراوە.

١- عبدولواحید موشیردزەیی(١٩٩٩، ١٦).

٢- هیمن عبدول حەمیدشەمس(٢٠٠٦، ٤٦).

٣- عەبدولواحید موشیر دزەیی(١٩٩٩، ٢٢).



ئەگەر بڕوانینە پەیوەندی کەسێکی زۆربلێ لەگەڵ گوێگر (گوێگرەکانی) هەست بەناڕەزایی گوێگر دەکەین ئەم ناڕەزاییەش زۆربەی جار لەکۆدی ناگوتەیی بەتایبەتی پارازمانی و زمانی جەستە بەدیار دەکەوێت، کەواتە بەکارهێنانی زمان بەڕادەی زیاد لەپێویست دەبێتە هۆی کاڵبونەوە و لاوازی بوونی یا پچڕانی پەیوەندی کۆمەڵایەتی، "لیچ" پێیوایە، پێویستە تاك خۆی لابدات لە بێدەنگی (avoid silence) لەبارە نەگەتێڤەکەیدا، بەر دەوام بێت لە قسەکردن (keep talking) لەبارە پۆزە تیڤەکەیدا.[1] واتە هاوسەنگییەك لەپرۆسەی قسەکردنی خۆیدا دروست بکات کە لەلایەن کۆمەڵ ویستراو بێت لە کۆمەڵدا بەکەسی زۆربلێ دەگوترێت:

- زۆر وەڕە.
- چەقاوەسووە.
- مەجالی کەس نادا.

### ٢-١-٢- قسە پێ بڕین:

لە زانیارییە کەڵەکەبووەکانی خەزێنەی زانیاری هەر تاکێك یاسایەکی کۆمەڵایەتی هەیە، کە ڕێگەی پێنادات قسە بە بەرامبەر ببڕێت، بەڵام ئەم دیاردەیە واتە قسە پێ بڕین لەکردەی قسەکردندا زۆرجار دەبینرێت زۆر هۆکار هەن، وا لە گوێگر دەکەن چاوەڕێی کایەی خۆی نەکات و قسە بە قسەکەر ببڕێ :-

١- لێنەهاتویی گوێگر لەبواری پەیوەندیکردن دا.

٢- بەرزی دەسەڵات و پلە و پایەی کۆمەڵایەتی گوێگر.

٣- زۆربلێیی قسەکەر، کە کایە نادات بە گوێگر.

٤- بریندارکردنی هەستی گوێگر لەلایەن قسەکەر واتە قسەکانی هەڵگری بەهای دیاریکراوبن، کە خاڵی لاوازی گوێگر بوروژێنن.

١- ئاڤێستا کەمال (٢٠٠٦، ١٣٩).

٥- لەئاخاوتنی ئاساییدا گەر قسە پێبڕینەکە پێویست بێت ئەوا دەوترێ ((قسەی خۆت لە دەما بەشەکربێت)، واتە قسەی خۆت لەبیر نەچێتەوە یارمەتی منیش بدە قسەبکەم))[1] .

ئەم خاڵانە(١، ٢، ٣، ٤) هۆکارن بۆ کارابوونی زمان بەئاڕاستەی نایی، کە لە (یەکەم و دووەم)دا هەستی قسەکەر لەلایەن گوێگر بریندار دەبێت, بەمەش پەیوەندی کۆمەڵایەتی نێوان قسەکەر و گوێگر لاوازدەبێ.

زۆرجار بە قسە پێبڕین دەگوترێ (دەم کوتکرا)، دەم کوتکردنەوە دەشێ بگەڕێتەوە بۆ سێ هۆکار[2]:

١- لەوانەیە گوێگر نەیەڵێ قسەکەر دەم بکاتەوە، یەکسەر قسەی پێبڕێ، ئەمەش لەئەنجامی بێ دەسەڵاتی قسەکەرەوەیە.

٢- قسەکەر درۆزنە و بەدرۆ دەخرێتەوە.

٣- هەڵشەیی دەکات و توند لەجێی خۆی ڕادەگیرێ، واتە لەقسەکردن دەوەستێنرێ.

### ٢-١-٣- کەم دوویی:

واتە بەپێی پێویست بەشداری نەکردنی تاك لە پرۆسەی قسەکردن، لە کۆمەڵدا کەسی (کەم دوو) پەسەندنییە، چونکە تێڕوانینی کۆمەڵگا بۆئەم کەسانە ئەوەیە، کە بەپێی پێویست بە دەنگ خەڵکەوە ناچن، دەشێ تاك لەبەر یەکی لەم هۆیانە کەم دوو دەرچێت :ـ

١- ((کەسی ڤیزاوی، لوتبەرز و لە خوبایی))بن[1]، کە دەکرێت بە پێی جیاوازی پێگە و تەمەنی گوێگر بێت لەگەڵ قسەکەر.

١- هێمن عەبدول حەمیدشەمس (٢٠٠٦، ٤٧(

٢- نەسرین فەخری (١٩٦٧، ٨٥ )

٣- هێمن عەبدول حەمید شەمس (٢٠٠٦، ٤٧ )



٢- کەم قسەکردن دەشێ نیشانەی خەمۆکی و دڵتەنگی بێت، زۆر بەی کات ئەوانەی داخ و خەم لەناخیاندایە بێ دەنگن [1]، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی لە پەیوەندی دان لەگەڵ خود، پەیوەندی خودی دەبێتە ژاوەژاو بۆ پەیوەندی کەسی بەمەش توانای وەڵام دانەوە و کایەگرتن کەمدەبێت بۆ قسەکەر.

٣- لەبەرژەوەندی دانەبوونی ئەو پەیامەی کە قسەکەر لێی دەدوێت، بۆیە گوێگر پێی چاکترە، بێ دەنگ بێت.

٤- زۆرجار کەم دوویی (بێدەنگی) دەبێتە خوو لە گوێگر، ئەمەش لەوانەیە بگەڕێتەوە بۆ چۆنیەتی پەروەردەکردن بەم جۆرە کەسانەدەگوترێ (زمانی لە دەم دا نییە).

کەم دوویی دەبێتە هۆی لاوازکردنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، چونکە قسەکەر ئامادەنییە درێژە بە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی بدات لەگەڵ کەسێك یا کەسانێك، کە وەڵامدانەوە و کاردانەوە و بەدەنگەوە هاتنیان بۆی نەبێ بەمەش پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان کاڵ دەبنەوە.

### ٢-١-٤-دەنگ بەرزکردنەوە (دەنگ هەڵبڕین):

دەنگ بەرزکردنەوە لە کردەی قسەکردندا یەکێکە لەو هۆکارە سەرەکییانەی، کە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لاواز دەکات (بەرەچاوکردنی پەیوەندی نێوان گوێگر و قسەکەر)، چونکە دەنگ بەرزکردنەوە دەبێتە هۆی پێشێلکردنی کەسایەتی گوێگر، ئەو هۆکارانەی دەبنە هۆی دەنگ بەرزکردنەوە دەتوانرێ لەچەند خاڵێك کورت بکرێنەوە :

١- ناجێگیری باری دەروونی قسەکەر .

٢- بەرزی پێگەی قسەکەر لەچاو گوێگر، لەڕووی کۆمەڵایەتی و دەسەڵات و تەمەن و ڕەگەز.

١- هدسن (١٩٨٧، ٢٠٠).

٣- بریندارکردنی هەستی قسەکەر لەلایەن گوێگر لەکایەی خۆیدا، کە قسەکەر بووە.

بێگومان لە هەرسێ باردا دەنگ بەرزکردنەوە دەبێتەهۆی تێکچوونی پەیوەندی نێوان قسەکەر و گوێگر هەر چەندە لە هۆکاری دووەم دا دەشێ گوێگر کاردانەوەی راستەوخۆی نەبێ بە ئاڕاستەی نایی بەهۆی دەسەڵاتی قسەکەر، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا چاوەڕێی دەرفەتێك دەکات بۆ تۆڵەسەندنەوە، بەمەش زمان دەبێتە هۆکاری سەرەکی لاوازبوون و پچڕانی پەیوەندییەکان.

## ٢-١-٥- پرسیارکردن :

ئەم ئەرکە بە گەیاندنی زانیاریش (infromative ) ناودەبرێ واتە هاوکاری کردنی گوێگر بۆ پێدانی زانیاری پێویست بە پرسیارکەر، مەبەست لەزانیاری ئەو زانیارییەیە، کە لەلایەن گوێگر دەست دەکەوێ بە پرسیارکردن لەلایەن قسەکەر (پرسیارکەر).

پرسیارکردن بە یەکێ لەئەرکە سەرەکییەکانی زمان دادەنرێ، بەڵام لێرەدا مەبەست ئەو پرسیارکردنەیە، کە گوێگر دەخاتە هەڵوێستێکی ناخۆشەوە بەهۆی ئەوەی کە نایەوێ ئەو زانیارییە بگات بە پرسیارکەر(پرسا) لەبەرئەوەی :-

١- ئەو زانیارییە زانیاریەکی کەسییە یا نهێنییە، گوێگر نایەوێت کەس بیزانێ، چونکە هەڵگری کۆمەڵێ بەهای کۆمەڵایەتی و دەروونییە، کە بەباسکردنی کەسایەتی گوێگر لاواز و ئاشکرادەبێ یا ئەو زانیارییە تایبەتە بە کەسێك لەوانەیە لەچوارچێوەی پەیوەندییەکە ئامادەنەبێ، پێدانی (زانیارییەکە) بە پرسیارکەر کێشە بۆ گوێگر دروست بکات .

٢- لەترسی ئەوەی، کە زانیارییەکە هێزی شەر نزیك خاتەوە [1]. لە کۆمەڵگای ڕۆژهەڵاتی دا بەکۆمەڵگای کوردیشەوە، زۆر کەم باسی سەر کەوتن و هەنگاوە باشەکان دەکرێت، بۆ نمونە ئەگەر بە دایکێك بگوترێ : کوڕەکەت تەندروست چاك و

١- هدسن (١٩٨٧، ٢٠٣).



زیرەك و چالاکە پەنا بەخوا دەگرێ لەو قسە و هاوار دەکا و دەڵێ (ئەوەی تۆدەیلێی ڕاست نییە.کوڕەکەم لاواز و نەزانە بێخێر و بەدبەختە) ئەم دایکە تەنها لەو قسەیە ناترسێت کەئاڕاستەی دەکرێت، هەروەها لە قسەی خۆشی دەترسێ، ئەو نایەوێ وای بەبیر دابێت، کە کوڕەکەی چاك و زیرەکە، لەترسی ئەوەی بەچاوبچێت (....) تاك راهاتووە، کە بترسێت لە باسکردنی نعمەتەکان (لەماڵ و سامان وزیرەکی و لەشساخی و...)بە هەموو جۆرەکانی ئەم راهاتنەش کۆمەڵێ هۆکاری کۆمەڵایەتی و دەروونی لە پشتە، کە لەژیاری ڕۆژهەڵاتی زۆر بلاوترە لە ژیارەکانی دی[1]. لێرەدا زمان هێزێکی چری هەیە بە پێی بیروڕایی گوێگر، کە باسکردن و لێدوان لەهەندێ شت دەبێتە هۆی لەدەستدانی ئەم شتانە.

٣- زانیاریەکە هەڵگری بەهای دیاری کراوە، کە زیان لە پرسا دەدات وەك لە پەیوەندی نێوان پزیشك و نەخۆش دا دەبینرێ، پزیشك زۆر زانیاری مەترسیدار نادات بە پرسا (نەخۆش) بۆ ئەوەی باری دەروونی نەخۆش تێك نەچێت، لێرەدا زمان وەك هۆکارێك بەکاردێت بۆ لە بارکردنەوەی تەندروستی نەخۆش یا وەك دلّدانەوە و ورەبەرزکردنەوە بەکاردێت.

## ٢-١-٦- گوێگرتن:

بریتییە لە گرنگیدانی گوێگر بە پەیامی قسەکەر ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆچۆنیەتی گوێگرتنی گوێگر، کۆمەڵگا لەسەر تاك پێویست دەکات گرنگی بەو کەسانە بدات، کە دەرگای دڵ دەکەنەوە و قسەدەکەن، بۆیە پێویستە گوێگر تەنها بە گوێ، گوێگر نەبێت بەڵکو ئاراستەی ڕوو و جەستەی لە قسەکەربێت وەك سەیرکردنی قسەکەر و سەر بۆ لە قاندنی یا گوتنی دەستەواژەی (وایە، گوێم لێیە، تێدەگەم، ڕاستەکەی.....)، کەواتە گرنگی دان بەقسەکەر لەکاتی قسەکردن پێوەرێکە، کە ڕێژەی پەیوەندی گوێگر و قسەکەر ڕووندەکاتەوە هەروەها ڕێژەی کاریگەری قسەکانی

١- علی الوردی (٢٠٠٥، ١٢٩).

قسەکەر ڕووندەکاتەوە لە سەر گوێگر. کۆمەڵ لەسەر تاك پێویست دەکات، کاتێك کەسێك لە قسەکردن دابوو چاوەڕێی کایەی خۆی بکات.

چەند هۆکارێك هەن ڕێژەی گوێگرتن زیاد دەکەن:

١- ئەو بابەتەی کە قسەکەر باسی دەکات بابەتێکی گرنگە و گوێگر لێی تێدەگات، قسەکەری لێهاتوو ئەو بابەت و مەبەستانە دەردەبڕێت، کە دڵنیایە لە توانای گوێگر بۆشیکردنەوەو لێکدانەوەو تێگەیشتنی بۆئەوەی ڕێژەی گوێگرتن زیاد بکات.

٢- جیاوازی تەمەن و پێگەی قسەکەر.

٣- لەباری شێوازی قسەکەر، ڕاکێشانی سەرنجی گوێگر.

٤- گونجاوی بارودۆخی قسەکردن (نەبوونی ژاوەژاو).

بە پێچەوانەوە نەبوونی ئەم هۆکارانە دەبێتەهۆی کەمی ڕێژەی گوێگرتن لە لایەن گوێگر (گوێگران).

### ٢-١-٧- ڕاستگۆیی:

بەشێکی گرنگ لە کەسایەتی تاك پێکدەهێنێ، کەسی ڕاستگۆ لە کۆمەڵدا خاوەن پێگەی دیار و خاوەن پەیمانە و متمانەی پێدەکرێ زۆرجار دەگوترێ :

١- کەسێکی ڕاستگۆیە.

٢- ساحێبی قسەی خۆیتی.

٣- دەزانی چ دەڵێ.

### ٢-١-٨- درۆکردن:

بەپێچەوانەی ڕاستگۆیی کەسایەتی تاك لەکەدار دەکات، لە کۆمەڵدا بەسوك سەیردەکرێ، متمانەی پێناکرێ، گوێگر ئەگەر ئەو سیفەتەی قسەکەر بزانێ و شارەزای بێت، گوێی بۆ ناگرێ، لەکۆمەڵدا بە (درۆزن) ناو دەبرێ.



جگە لەمانە چەندییەتی و چۆنییەتی بەکارهێنانی زمان دەبێتە بەشێك لەکەسایەتی تاك، زۆرجار دەگوترێ کەسێکی (زمان پیسە، زمان شڕە، زمان دڕە، زمان لوسە، زمان بەربادە، زمان بازە، زمان بڕاوە، قسە ڕەقە، قسە زانە، قسە خۆشە، زمان شیرینە، زمان پاکە، بەگفت و لفتە، سەر کڕی بن بریانە و سەرکزی دڵ وریایە.........) [1].

### ٢-٢-کاریگەری پێگەی کۆمەڵایەتی لەسەر کارابوونی زمان:

براون Brown1970 دوو ڕەگەزی گرنگی دەستنیشانکرد، کە کاریگەری زۆریان هەیە لەسەر ڕەوتی قسەکردن:

١- پێگەی کۆمەڵایەتی قسەکەر و گوێگر.

٢- مەودای نزیکی دەروونی(خزمایەتی).[2]

چونکە ئەو پێگانەی تاکەکان لە کۆمەڵدا هەیانە دەبێتەهۆی لەبەر چاوگرتنی بیروڕاو بۆچوون و پێشنیارەکانیان، لە وروژاندن و ڕازیکردن و گۆڕانی ئاڕاستەی فکری کەسانی دی توانای زۆرتریان هەیە.

ئاشکرایە ئامۆژگاری کەران، قسەزانان، سیاسەت مەداران..هتد لە دەست بەسەر داگرتنی زمان سوودی زیاتریان وەرگرتووە و وەردەگرن ، هەندێ لەوانە لەم کارەدا ((ڕازیکردن و کاریگەری دروست کردن)) زۆر سەرکەوتوون [3]. زمانی ئەوان وەك فاکتەرێکی سەرەکی کاریگەری دەبێت لەپەیوەندییە کەسییەکان، کە لە توانای دا هەیە ئاڕاستە و ڕەوتی پەیوەندییە کەسییەکان بگۆڕێ بەهۆی ئەو کاریگەری و کاردانەوەی دروستی دەکات لەڕێگەی ئەو متمانە و هێزەی، لە کۆمەڵ دا پێی بەخشراوە، هەروەها

١- بڕوانە : نەسرین مەحەمەد فەخری (١٩٧٦، ٨٥-٩١)
نەسرین مەحەمەد فەخری (١٩٨٥، ١٨٧-١٨٩)

٢- موفق الحمدانی (١٩٨٢، ٢٢٨)

٣- محمد رضا باطنی (٣٥،١٣٧٤)

خزمایەتی و نزیکی دەروونی بەهۆکاری کاریگەر دادەنرێن لـە کاریگـەری دروسـتکردن. دەکرێ ئەو پێگانەی کۆمەڵ بەتاکەکانی دەبەخشی بەم شێوەیە جیابکرێنەوە :

**٢-٢-١- پێگەی سیاسی :**

سیاسەت، (یەکێکـە لـەو لایەنانـەی ژیـان، کـە بـۆ بـەجێهێنانی مەبەسـتەکانی، بەرادەیەکی یەکجار زۆر پشت بە زمان دەبەستێت، بەجێهێنانی ئەم مەبەستانەش لـە ئەرکە کۆمەڵایەتییەکانی زمانن)[1]، چونکە ئـەو تاکانـەی خـاوەنی پێگـەی سیاسـین دەسەڵاتیان تەنها لـە سـنووری حکومـەت و پەرلـەمان و دەوڵـەت نییـە بـەڵکو ئـەم دەسەڵاتە دێتە نـاو پەیوەندییـە کەسـیەکانیش بەتایبـەتی لەکۆمـەڵگای رۆژهـەڵاتی بەکۆمەڵگای کوردیشەوە .

سیاسەت لەدونیای ئەمرۆدا تەنها بریتی نییە لە دارشتنی پیلانی جـەنگ، بـەڵکو زیاتر لەوە بریتییە لە بەکارهێنانی گفتوگۆ و زمانێکی دبلۆماسی و تەمومژاوی، کـە تاکەکان دەتوانن بـەهۆی ئـەم زمانـە لـە پەیوەندییـە کەسـییەکانیش مەرامـەکانیان بەدەست بهێنن. کاریگەری زمانی سیاسیەکان دەشێ بگەرێتەوە بۆ ئـەو دەسـەڵات و هێزەی، کە لەپشتییەوەیە، کەواتـە سیاسـییەکان کاریگـەریان دەبێـت و دەبنـە هـۆی رازیکردن و ئاراستە گۆرین لەرێگەی ترسەوە، لە پەیوەندییە کەسیەکانیش بـەهۆی ئەو دەسەڵات و پێگەی هەیانە دەتوانن لەرێگەی زمانیان کاریگەری دروست بکـەن و بەرامبەریان رازی بکەن، جا بە هۆی هەرەشەبێت یا پێدا هـەڵگوتن بۆیـە زۆرجـار بـەر پرسـە سیاسـیەکان خۆیـان دەخزێنـە نـاو کێـشەو ململانـێ کۆمەڵایەتییـەکان، بەمەبەستی چارەسەرکردن یاگەرانەوەی بەرژەوەندی بۆ ئەو لایەنەی کە مەبەستیانە.

١- هێمن عە بدول حەمید شەمس (٢٠٠٦، ١٣)



**٢-٢-٢ پێگەی ئاینی:**

ئاین لە هەموو کۆمەڵگایەك دەسـەڵاتی هەیـە. هـیچ کۆمەڵگایـەك نییـە لـەم دەسەڵاتە بێبەشبێت، دەسەڵاتی ئاین جیا لە دەسەڵاتەکانی دیکە هـەڵگری بـەهای پیرۆزییە، چاودێریکە بۆ مرۆڤی باوەردار، ئەو تاکانەی خاوەنی ئـەو پێگەیـەن (مـەلا، شێخ، سەید،..) لە کۆمەڵدا رەچاوی بیر و بۆچوونیان دەکرێ لـە زۆر بۆنـە و کێـشە کۆمەڵایەتییەکان پیاوە ئاینییەکان بانگهێشت دەکرێن، رۆڵی چاکسازی دەبیـنن لـە ئاساییکردنەوەی کێشەو دیاریـدە و بـارە نـەگونجاوەکان، لـە پەیوەنـدی جـەماوەری و ناوەندیشدا، پەنا بۆ رۆڵی پیاوانی ئاینی دەبردرێت بۆ کاریگـەری دروسـتکردن بـەوەی کۆمەڵ کارێك ئەنجامبدات یا لەکارێك دووربکەوێتەوە، یابەشـداری خۆپێـشاندان، یـا رای گشتی بکات.

"موحەممەد رەزای باطنی" ئەم چیرۆکە دەگێرێتەوە کە (حـاجی شـێخ موحەممـەد) چۆن توانیویەتی بە وتارەکەی کاریگەری لەسەر ژن و منداڵ و پیاو دروسـت بکـات ، کە بتوانن باڵەخانەی بانکێکی قەرزکردنی گەورەی روسی لەماوەی چەند کاتـژمێرێك بروخێنن، کە لەسەر زەوی گۆرستانیك بینا دەکرا [1].

ئەوەی لێرەدا مەبەستە دیاریکردنی ئەو هۆکارانەیە، کە کاریگەری بە وتەکانی پیاوانی ئاینی دەبەخشن و پێگەیان لە کۆمەڵدا پتەو دەکەن. بێگومان ئـەو هۆکـارەی زمانی پیاوانی ئاینی کارادەکات بریتییە لە:

١- بارگاویکردنی وتەکانیان بەکۆمەڵێ بەها، کە لـە لایـەن گـوێگر پـیرۆزن، وەك بیرخستنەوەی رۆژی دوای و مژدە دان بە بەهەشت.

٢- پیـاوە ئاینییـەکان وتـەکانیان زیـاتر بریتییـە لـە ئامۆژگـاری، هـەروەها لـە چاکـسازی کۆمەڵایـەتی بەشـداری دەکـەن وەك ژن و ژن خـوازی و ململانـێ و دوژمنایەتی.

١- محمد رضا باطنی (١٣٧٤، ٣٦).

پێگە ئاینییەكان لە هەموو كۆمەڵگایەكدا كاریگەری و دەسەڵاتی بەرچاویان هەیە، پیاوە ئاینییەكان لە زهنی كۆمەڵگای ئێمە دا پێشینەیەكی باشیان هەیە.

تاكە ئامێری گەیاندنی مەبەستەكانی ئەم دەسەڵاتە، زمانە، كە دەبێتە هۆی گۆڕینی ئاراستەكان لەئایی بۆ نایی بەپێچەوانەشەوە، چونكە مەرج نییە سەرجەم كەسانی سەر بەم پێگەیە ڕۆڵی چاكسازی ببینن، بەڵكو هەندێ جار لە سێبەری ئەم پێگەیە زمان بۆ خەڵتاندن و شێواندن بەكاردێت.

### ٢-٢-٣- پێگەی ئابوری:

بنەمای ئابوری بەدرێژای مێژوو یەكەم هۆكاربووە جیاوازی خستۆتە نێوان دەسەڵاتی مرۆڤەكان، لە كۆمەڵگا دا ئەوانەی دەسەڵاتێكی ئابوری بەهێزیان هەبووە دەسەڵاتێكی زمانی بەهێزیشیان هەبووە، بەجۆرێك ئەو زمانەی چینە نزمەكان پێی دواون زمانی ڕەشۆكی و ئەو زمانەی چینە بەرزەكان پێی دواون زمانی باڵا و زمانی نوسین بووە.

ئەم جیاوازییە لە كۆمەڵگای ئێستا بەم شێوەیە نابینرێ، ئەمیش بەهۆی جێگیربوونی زمانی نوسین، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، دەبینرێ ئەوانەی مەیلیان هەیە بۆئاستێكی بەرزی ئابوری كۆمەڵایەتی پەنادەبەنە بەر بەكارهێنانی شێوازی دیاریكراو بە مەبەستی بەرزبونەوە (دەرخستنی دەسەڵات) لەسەر كەسانی دی. ئەوانەی مەیلیان هەیە بۆئاستێكی نزمی ئابووری كۆمەڵایەتی پەنادەبەنە بەر بەكارهێنانی شێوازی دیاریكراو بۆ جەختكردنەوە لەسەر خود یا بەرانبەر ڕاوەستان[1] ئەوەی مەبەستە ئەوەیە، دەسەڵاتی ئابووری چۆن بازاری زمانی تاكەكان گەرم دەكات یا لە كاریان دەخات "پیربۆردیۆ" پێیوایە ((ئاڵو گۆڕی زمانی ئاڵوگۆڕی ئابوریشە، كە جۆرێك گونجانی هێمایی لە نێوان بەرهەمهێنەری سەرمایەی زمانی و بەكارهێنەری بەرقەراردەكات، دەتوانێت جۆرێك سوودی مادی یا هێمایی بەدەست

١- موفق الحمدانی (١٩٨٢،٢٢٧)



بهێنێ)) [2] ئەم وتەیە بە بیر و بۆچوونی "پیربۆردیۆ" ئەوە دەگەینێ، كە ئاخاوتنەكان بەدەر لە گواستنەوەی واتا، نیشانەی سەروەت و تواناشن، تا لەگەڵ پێشوازیكردن و گوێڕایەڵی كردن ڕووبەڕووببینەوە ڕۆنانی كۆمەڵایەتی لە قسە بەدی دەكەین.[3] چونكە ئاشكرایە ئەوانەی پێشوازی گەرمیان لێدەكرێت ئەوانەن ڕۆنان و ئاستێكی بەرزی كۆمەڵایەتییان هەیە بەپێچەوانەشەوە ئەوانەی گوێڕایەڵی فەرمانەكانن ئەوانەن كەئاستێكی نزمی كۆمەڵایەتییان هەیە كە (پێربیردۆ) دەگەڕێنێتەوە بۆ نزمی ئاستی ئابووری.

زمان لەرێكلام وساخ كردنەوەی كاڵاكان ڕۆڵی كاریگەری هەیە، بەگشتی هەموو كۆمپانیا و فرۆشیارێك هانای بۆدەبات.

### ٢-٢-٤- پێگەی ڕۆشنبیری:

ئەو دەسەڵاتە دەگرێتەوە، كە تاكەكان لەرێگەی بڕوانامە و پلەی زانستی و ئەدەبی بەدەستی دەهێنن، جگە لەوەی كە كاریگەرن و جێی متمانەن لە بوارەكانی خۆیان دا، لە پەیوەندییە كەسیەكانیش لەبەر چاودەگیرێن، وتەكانیان وەك بەڵگە بۆ ڕازیكردن یا بەهێزكردن و كاریگەركردن بەكاردێت، ئەو مامۆستایەی لە پۆلەكەیدا توانای باشی هەیە لە گەیاندنی مەبەستەكانی بە زمانێكی پاراو و كاریگەر لە دەرەوەی پۆلیش ڕێزی بۆ دادەنرێ وتەكانی بەهەند وەردەگیرێ، هەروەها ئەو ڕۆژنامەنووسەی بابەتەكانی بەهێز و كاریگەرە لە پەیوەندیە كەسییەكانیش توانای كاریگەری دروستكردنی هەیە، چونكە خەڵك تێڕوانینیان بۆ وتەكانی لە ڕوانگەی بابەتەكانی ناو ڕۆژنامە و گۆڤار و تەلەفیزۆنەكان وە دەبێت ((هەر بۆیە دەشێ ڕێگای جیاواز بخریتەڕوو هەرچەند قسەكەر سەرمایەی زمانی زیاتری هەبێت (ئەو سەرمایەكە لە بنەڕەت دا هێمایە) كۆمەڵ دەتوانێت توانای تاك بەفەرمی

١- لوی-ژانكالو (١٣٧٤، ١٢٨).

٢- سەرچاوەیپێشو(١٢٨،١٣٧٤).

بناسێت))[١] چونکە کۆمەڵ بەر لەوەی سەرمایە و کردەوەی تاکەکان ببینێ لەرێگەی سەرمایەی زمانی هەڵی دەسەنگێنێ ، ئەم سەرمایە زمانییەش بریتییە لەچەندێتی و چۆنێتی ئەو وشە و دەستەواژانەی بەپاڵپشت لەگەڵ یاسای زمانەکە، کە لەیادگای تاك هەڵگیراوە، کە لە پەیوەندییەکانی دا پەنای بۆ دەبات بۆیە دەبینرێ ئەوکەسەی، کە لەنوێوە فێری زمانێکی تازە دەبێت توانای پەیوەندیکردنی سنووردارە بۆیە زیاتر پەنادەباتە بەر زمانی جەستە، هەروەها ئەو کەسەی کارەکەی ناچاری دەکات، کە مامەڵە لەگەڵ وشە و دەستەواژە و... دابکات وەك شاعیر و رۆماننووس و رۆژنامەنووس.......هتد زمانێکی پاراوتری هەیە لە تێگەیاندن و کاریگەری دروستکردن، بەپێچەوانەی ئەوانەی کارەکانیان هونەری و زانستی سروشتییە.

کەواتە تاکە هۆکاری بەدەست هێنانی پێگەی رۆشنبیری مامەڵەکردنە لەگەڵ زمان، ئەمەش دەبێتەهۆی کەڵەکەبوونی سەرمایەی زمانی (بە پاڵپشتی توانای گەیاندن communicative competence )، کە یارمەتی دەدات بۆ سەرخستنی پرۆسەی پەیوەندیکردن و کاریگەری دروستکردن جگە لە پەیوەندی جەماوەری و ناوەندی لە پەیوەندییە کەسییەکانیش دەسەڵاتێکی دیاریدەبێت.

### ٥-٢-٢ - پێگەی کۆمەڵایەتی:

ئەو پێگانە دەگرێتەوە، کە تاکەکان لە کۆمەڵ دا بەپێی پەیوەندی کۆمەڵایەتی لەگەڵ خێزان یا هاورێ یا بەپێی تەمەن و رەگەز هەیانە ـ

**خزمایەتی :**

پەیوەندی خزمایەتی بە یەکێ لە پەیوەندییە هەرە پتەوەکان دادەنرێت لە کۆمەڵگادا بەتایبەتی لە کۆمەڵگای رۆژهەڵاتی، لەبەرئەوەی سنووری هەڵسوکەوت و گفتوگۆ... هتد بەروونی یاسا و رێرەوی بۆ دیاری کراوە بە جۆرێك هەر لادانێك لەم یاسایە و رێرەوانە دەبێتەهۆی لە قەڵەم دانی تاك بەبێ رێز، زۆربەی کات منداڵ

١- لوی-ژانکالو (١٣٧٤، ١٢٩)



دەکەوێتە ژێر کۆنترۆڵی وتەکانی باوك و دایك، منداڵ (گەورە و بچوك) لە کۆمەڵگای ئێمەدا نابێ قسە بە باوکی ببڕێ، یادەنگ بەرز بکاتەوە، یا هەر هەڵسوکەوتێکی زمانی دی، بێ رێزی بنوێنی، ئەمە نابێتە لەسەر کچ زیاتر پەیرەو دەکرێ لە کوڕ، وەنەبێ ئەم بێ رێزییە تەنها خۆی لە دەنگ بەرزکردنەوە و قسەپێبڕین.. هتد بنوێنێ، بەڵکو لە جۆری بانگکردن و ناوهێنانیش بەدیار دەکەوێ، منداڵ (کوڕ، کچ (گەورە، بچوك)) بەزۆری ناوی باوکی یا دایکی یامامی یاخاڵی... هتد نابات بەڵکو بە (بابە، دایە، مامە، خاڵە....هتد) بانگی دەکات، لەگەڵ ئەوەشدا زۆرجار دایك و باوك و کەسە نزیکەکانی ناوی بچوککراو لە منداڵەکانیان دەنێن جا بۆ خۆشەویستی بێ یا بۆ عەیبدارکردنی، کە هەریەکەیان کاردانەوەی خۆی هەیە لەسەر دەروونی منداڵەکە، ئەم کاردانەوەیەش دەبێتەهۆی دیاریکردنی تێڕوانینی منداڵ بۆ دایك وباوك...هتد، کە لە هەڵسوکەوتی زمانی و کرداریدا رەنگ دەداتەوە.

**تەمەن:**

لە هەمو کۆمەڵگایەك رێز لەکەسی گەورە دەگیرێ بە (ریش سپی) ناودەبرێت. بەو واتایەی دونیادیدە و خاوەن ئەزمونی زۆرە لەژیان، بۆیە کۆمەڵ لەسەر تاك پێویست دەکات، کە رێز لە قسەکانی بگرێ و گوێرایەڵ بێت، هەروەها ئەو شێوازەی کە تاك لەگەڵ پیرێك بەکاری دەهێنێ پێویستە زۆر جیابێت لەگەڵ ئەو شێوازەی، کە لەگەڵ هاوتەمەنێکی خۆی بەکاری دەهێنێت. لەکۆمەڵگای رۆژهەڵاتی بە گشتی پیاو شێوازێکی گران و سەنگین و لەسەر خۆی هەیە کەم پێدەکەنێ، گونجاوە دەنگیان بەرز بکەنەوە لەکاتی قسەکردن لەگەڵ تەمەنە بچوکەکان بەڵام ناتوانن دەنگیان بەرز بکەنەوە لەپێش پیاوی تەمەن گەورە [١] هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو بەهایانەی کە لەنەریتە کۆمەڵایەتییەکان هەڵگیراون .

١- موفق الحمدانی(١٩٨٢، ٢٢٧)

## ٢-٣- کاریگەرییە گوتەییەکان:

ئەو بەهایانە دەگرێتەوە، کە لە خودی زمانەکەدا هەن بە هۆکاری ناوەکی دادەنرێن لە کارابوون و کاریگەری دروستکردن لە پەیوەندییە کۆمەڵاتییەکان دا:

### ٢-٣-١-بەکارهێنانی دەربڕینە قەدەغەکراوەکان (داپۆشراوەکان)(Taboo):

لە هەمو کۆمەڵگایەك کۆمەلێ وشە و بابەت و کردار باسکردن و ناوهێنانیان قەدەغەن یا داپۆشراون بەدەربڕینی دی، لەکۆمەڵگای کوردیشدا، کە کۆمەڵگایەکی داخراوە، گەر ئەم بابەت و وشانە زۆرتر نەبن کەمترنین، بەکارهێنان و باسکردنی ئەو بابەت و وشانە لەلایەن تاك دەبێتە هۆی هەڵچوون و توڕەیی لەلایەن گوێگر، یا بەکەم سەیرکردن و بەبێ شەرم لەقەڵەم دانی لێ دەکەوێتەوە تاك بۆ پاراستنی کەسایەتی خۆی لە کۆمەڵگا بەپێی توانا هەوڵدەدات ڕووبەڕووی توڕەیی کۆمەڵگا نەبێتەوە.

بەکارهێنانی ئەو وشە و بابەتانە لەسنووری پەیوەندییە کەسیەکان کاریگەرن و کاردانەوەیان دەبێت ، لەپەیوەندی جەماوەری و ناوەندییش کاریگەری خۆیان هەیە زۆرجار ئەو کاریگەرییە پەل دەکێشێ بۆ دادگا.

لە پەیوەندییە کەسییەکان بەکارهێنانی بەپێی تایبەتمەندیەتی گوێگر و قسەکەر دەگۆڕێ، ئەم تایبەتمەندیانەش بریتین لەتەمەن و رەگەز و جۆری پەیوەندی کۆمەڵایەتی نێوان قسەکەر و گوێگر.

وەنەبێ ئەم وشە و کردار و بابەتانە بەتەواوی باسکردن و ناوهێنانیان قەدەغەکراوبن، بەڵکو بە دەربڕینی دیکە داپۆشراون، ئەم دەربڕنانەش بەزۆری لە زمانەکانی دی وەرگیراون وەك (توالێت، سیکس، زواج...) ئەگەر وەرگێڕدرێنە سەر واتای حەرفی، زۆر لە وشەکانی زمانەکە خۆی قەدەغەکراوتر دەبن، بۆیە دەشێ دوای چەند ساڵێك ئەوانیش قەدەغە بکرێن وشەی دی جێیان بگرێتەوە [1] یا بەوشەی دی داپۆشرێن .

---

١- نایف خرما (١٩٧٨،٢٤٥)



قەدەغەکردنی ئەو کردار و بابەتانە دەگەڕێتەوە بۆچوار هۆکار :

**١- ترس:**

ئەم وشە و بابەت و کردارانەی هەڵگری بەهای ترسن، باسکردنیان ترس لەلای گوێگر دروست دەکات یا ترس نزیك دەخاتەوە قەدەغەن یا بەدەربڕینی دی داپۆشراون ـ

**أ- مردن:**

کارەساتێکی ناخۆش و دڵتەزێنە کاریگەری و ترسێکی زۆری لای زۆربەی ئەندامانی کۆمەڵ دروستکردووە، ناوهێنانی بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ تاك توشی هەڵوەستە دەکات، بۆیە هەوڵی سوککردن، یا کەمکردنەوەی کاریگەری ترسەکەی دەدرێت لە ڕێگەی شێوازیك کە ئەم کاریگەرییە کەم کاتەوە، ئەمەش پێوەستە بەجۆری پەیوەندی نێوان تاکەکانەوە بەتایبەتی پەیوەندی نێوان قسەکەر و کەسی مردوو یان گوێگر و کەسی مردوو. گەر پەیوەندی نێوانیان پتەو و بەهێز بووبێت، قسەکەر بۆی گرانە ڕاستەوخۆ بە گوێگر بڵێت (.....مرد) ئەگەر تاك بەگەیاندنی ئەم هەواڵە هەستا لەکۆمەڵدا دەربڕینی (دەم بەهاوار) ی بۆ بەکاردێت کە سیفەتێکی نەشیاوە، چونکە لەکۆمەڵدا دروست نییە تاك هەواڵ و هاواری ناخۆش ڕاستەوخۆ بگەینێ ، هەروەها ئەگەر کەسی مردوو لە کۆمەڵگا پێشینەیەکی باشی هەبوو کەسێکی ویستراوبوو ڕاستەوخۆ وشەی (مردن)ی بۆ بەکارنایێ، بۆ کەم کردنەوەی ئەم کاریگەرییە دەستەواژەکانی (گەڕایەوە لای خودا، کۆچی دوایی کرد، بۆ هەتاهەتا بەجێ هێشتین، چاوەگەشەکانی لێکنا، شەهید بوو، گیانی پاکی بەخشی، ماڵئاوایی کرد.....).

بەپێچەوانەوە ئەگەر کەسەکە لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە کەسێکی خراپ بوو زیانی بۆ گوێگر و قسەکەر و کۆمەڵگا هەبوو، دەستەواژەی (تۆپی، تۆپاندیان ، سەگ تۆپیان کرد، لەناویانبرد.....) بەکاردێت.

وەنەبێ تەنیا (مردن) داپۆشراوبێت، بەڵکو هەموو ئەو پێشبینی و خەون و...هتد کە هەڵگری واتای کارەسات و مردنن قەدەغەن، باسکردنیان گوێگر دەورژێنێ، بۆ نمونە لەو خەونانەی (ددان کەوتن.... هتد) گێرانەوەیان باش نییە و ترس دروست دەکات بۆیە زۆرجار دەستەواژەی (خوانەکا ! گوێی شیتان کەربێت...) بەکاردێت ئەگەر زیاتر پێوەندار بوو بەخودی گوێگر یا کەسێکی نزیکی گوێگر، گوێگر تورەیی دەنوێنێت دەستەواژەی (بەرەو رووی خراپە مەرۆ، پێشبینی شتی خراپ مەکە) بەکاردێنێت.

**ب- خورافیات :**

ئەو خورافیاتانەی کە لە کۆمەڵگا دا ترس هەڵدەگرن ڕاستەوخۆ باسناکرێن، بەزۆری ناوی تایبەتی شتەکە نابەن بە وشەی باش ناویان دەبەن، لەجیاتی بەکارهێنانی وشەی (جنۆکە ـ جن) وشەی (لەمە چێتر)لە ئێمە چاکتر، (شەوە)بەکاردێت، چونکە بەباوەڕی کۆن بانگکردنیان بە وشەی باش هێزی شەر دوور دەکەوێتەوە.

**ج- نەخۆشی :**

ئەو نەخۆشییانەی ترسناکن مردنیان بەدواوەیە باسکردنیان ڕاستەوخۆ بە ناوهێنانی نەخۆشییەکە بەتایبەتی لەلایەن نەخۆش یا کەسێکی نزیکی نەخۆش قەدەغەن یا داپۆشراون، باسکردنیان لەلایەن ئەو کەسانەش، پەیوەندیان بە نەخۆش نییە یا پەیوەندییەکەیان بەتین نییە بەوشەی : (دەردە پیسەکە، دەردە خراپەکە) دادەپۆشرێن .

**٢- شەرم :**

ناوهێنان و باسکردنی ئەو شتانەی پەیوەندی بە سێکسەوە هەیە، یا هەڵگری ئەو واتایەیە، قەدەغەن (داپۆشراون). باسکردن و ناوهێنانیان لە لایەن قسەکەر، کۆمەڵگا بەبێ ئابرو و بێشەرم لەقەڵەمی دەدات، تێڕوانینی گوێگر و کۆمەڵگا، تێڕوانینێکی



لاوازدەبێت، ئەگەر باسکردن و ناوهێنانەکە لەسنوور دەرچوو گوێگر هەوڵی پچڕانی پەیوەندی لەگەڵ قسەکەر دەدات بەو کەسە دەگوترێت: دەم پیس، جوێن فرۆش.

هەرچەند باسکردنی ئەم بابەتانە بەپێی قسەکەر و گوێگر دەگۆڕێ، بۆ هەندێ لە قسەکەر و گوێگر ئاساییە باسی هەندێ شت بکەن ، بەڵام بۆ گوێگرێکی دی کە تایبەتمەندییەکی کۆمەڵایەتی دی هەیە سەبارەت قسەکەر، ئاسایی نییە، ئەمەش بەهۆی پەیوەندی دووری و نزیکی و تەمەن و ڕەگەزی قسەکەر و گوێگر لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە.

ئەم قەدەغەکردن و داپۆشینە تەنها لەسنووری گوێگرێك و قسەکەرێك دانامێنێتەوە، بەڵکو تێڕوانینی کۆمەڵگا بۆ ئەو نوسەر و دەرهێنەر و ڕۆمان نوسانەش تورپی پێوەدیارە، کە بێ پەردە باس لەو کردار و بابەتانە دەکەن، زۆرجار دەشێ ڕووبەڕووی دادگا ببنەوە.

**٣- پیسی:**

هەندێ دەربڕینی دی بەهۆی پیسیی و شەرمەوە قەدەغەکراون یا بەدەربڕینی دی داپۆشراون، کە دەربڕینی (WC، ئاودەستخانە، ئەدەبخانە............ یان بۆبەکاردێت.

**٤- کوفر:**

هەموو کۆمەڵگایەك کۆمەڵێ پیرۆزی هەیە، کە هێرشکردنە سەر ئەم پیرۆزییانە کۆمەڵگا دەوروژێنێ کاردانەوەی خراپی بۆ قسەکەر دەبێت، ئاین یەکێ لە پیرۆزییەکانە، سوکایەتی کردن بەرەگەزەکانی ئاین (خودا، پێغەمبەر...) گوێگر دەورژێنێ و کاردانەوە و تێڕوانینی لاواز بەرامبەر قسەکەر پێشان دەدات. زۆرجار هێرش کردنە سەرقسەکەر و بەکارهێنانی دەستەواژەی (کافر، زەندیق، لەخوانەترس....) ی لێدەکەوێتەوە.

ئەوەی هەندێ جار لە بەکارهێنانی دەربڕینە قەدەغەکراوەکان تێبینی دەکرێ لەکاتی توڕەیی تێکچوونی پەیوەندی نێوان گوێگر و قسەکەرە وەك جوێندان و دوعالێکردن (خوا لەناوت با، بمری، شەوە بت باتەوە....) ئەمەش زۆرجار دەبێتە پێوەر بۆ کەسەیەتی قسەکەر، بەهۆی نالەبارەی باری دەروونی یا پەروەردەی کۆمەڵایەتی، گوێگر هەوڵی خۆپاراستن و کۆنترۆڵکردنی پەیوەندییەکانی دەدات لەگەڵ ئەم جۆرە قسەکەرە، یان هەوڵدەدات هەمان ئەو دەربڕینانە یا زیاتریش ئاڕاستەی بکاتەوە.

## ٢-٤- کاریگەرییە ناگوتەییەکان:

ئەم کاریگەرییانە لەڕێگەی بەکارهێنانی کۆدی ناگوتەییەوە دروست دەبن، چونکە بەکارهێنانی کۆدە ناگوتەییەکانیش بەستراوەنەتەوە بەو یاسایانەی، کە قسە پێکەرانی زمانەکە لەسەری ڕێککەوتوون، کە هەریەکەیان هەڵگری مەبەست و واتای کۆمەڵایەتی دیاریکراون .

### ٢-٤-١- بەکارهێنانی کۆدە ناگوتەییەکان:

کۆدە ناگوتەییەکان زۆربەی جار شان بەشانی کۆدی گوتەیی بەکاردێن بۆ گەیاندنی مەبەستی پەیام، کە شەش باری لێ جیاکراوەتەوە ((دووپاتکردنەوە، دووبارەکردنەوە، تەواوکردن، دژایەتیکردن، جێگرتنەوە، ڕێکخستن))[1] :

**١- دووپاتکردنەوە (جەخت کردنەوە) (Emphasis):**

لەکاتی توڕەیی، کەسێك بەرامبەرەکەی لە ژوور دەکاتە دەرەوە، شان بەشانی (بڕۆدەرەوە، بۆ دەرەوە) بەدەستیشی ئاماژە بە دەرگا دەکات و ڕێی پیشان دەدا، یا لەکاتی هەواڵ پرسین و بەخێرهاتن کردن و خواحافیزی و هاوسۆزی نواندن، شانبەشانی پەیامە گوتەییەکە (بەخێربێی، خوات لەگەڵ)، پەیامە ناگوتەییەکەش باوش

1- Pearson and et all (2003,104-105)



پێداکردن و تۆقەکردن و ماچکردنیش بەکاردێت، بۆ جەختکردنەوە لەسەر خۆشەویستی و ڕێزلێنان.

**٢- دووبارەکردنەوە (Repetition):**

کاتێك بەکەسێك دەگوترێ دانیشە یا هەڵستە، بە دەست و سەیرکردنیش دووبارەدەکرێتەوە.

**٣- تەواوکردن (Complementation) :**

زۆرجار پەیامی ناگوتەیی تەواوکەری پەیامە گوتەییەکەیە، ڕازی بوون و نارەزایی هاوکات لەگەڵ (نەخێر و بەڵێ) بەتۆنی دەنگی و ئاماژەی ڕوو چاویش دەردەکەوێت. لەکاتی توڕەیی و هەڕەشکردن لەپاڵ کۆدە گوتییەکە پەنجە لێ هەڵشەقاندن و چاوسورکردنەوەش بەکاردێت.

**٤- دژایەتی (Contradiction) :**

پەیامی گوتەیی لەگەڵ پەیامی ناگوتەیی زۆرجار لە دژایەتی دادەبێ، بەتایبەتی لەو کردار و ڕەفتارانەی، کە بەبێ ویست و ئارەزو ئەنجام دەدرێن، زۆرجار قوتابی لەمامۆستا دەپرسێ بەیانی بێین ؟ مامۆستا دەڵێ (وەرن) بەڵام بەجوڵانەوەی پەنجەکانی بۆدەرەوە، پێیان دەڵێ مەێن.

**٥- جێگرتنەوە (Substitution):**

پەیامی ناگوتەیی لەجیاتی پەیامی گوتەیی بەکاردێت، زۆرجارلە جیاتی هەڕەشە و نارەزایی چاو لە کەسی بەرامبەر سووردەکرێتەوە، یا کە یەکێ دەیەوێ قسەبکات و کایە وەرگرێ خۆی لەسەر کورسییەکەی دێنێتە پێش.

**٦- ڕێکخستن (Reguiation):**

بەپەیامی ناگوتەیی پەیامی گوتەیی ڕێکدێخرێت، بۆ نمونە کاتێ کەسێك دەیەوێ، قسە بە قسەکەر ببڕێ قسەکەر بەئاماژەی چاو و جوڵەی دەست پێی دەڵێ (هێشتا قسەم تەواونەبووە).

### ٢-٤-٢ — کۆدە دەربڕاوەکان:

### ٢-٤-٢-١- پارازمانی (Paralanguage

ئەو دەنگانەن لەکاتی قسەکردن دروست دەبن بەشێك نین لەفۆنیمەکان[1]، زمانی قسەکردنی پێ دەناسرێتەوە لە زمانی نوسین بەدەرناکەون، پێرسۆن (Pearson) پارازمانی بە سیمای دەنگی و ناوشەیی زمان ( non word) هەڵدەسەنگێنێ و دەیانخاتە ژێر چەتری پەیوەندیکردنی ناگوتەیی بەئاماژە ڤۆکالییەکان ( vocal cues) ناویان دەبات پێیوایە هەمو لایەنە زارەکییەکانی دەنگ دەگرنەوە، جگە لە وشەکان، کەدابەشی کردوون بۆ :[2]

١- ڕەوت (pitch): بەپێی تورەیی و شەرم و ڕەگەز و پێگەی کۆمەڵایتی و..... دەگۆڕێ.

٢- خێرایی و هێواشی قسەکردن (rate): بەپێی باری دەروونی قسەکەر و مەبەستی قسەکردنەکە و کات و باری قسەکردنەکە و.... دەگۆڕێ.

٣- گۆڕانی دەنگ (inflection) : تەندروستی قسەکەر و شلەژانی دەروونی قسەکەر و...کار لە گۆڕانی دەنگی قسەکەر دەکات ، هەروەها گۆڕانی ئاوازەی قسەکردن.

٤- گڕی و نەرمی دەنگ (volume) : ڕەگەز و تەمەن کاردەکەنە سەر گڕی و نەرمی دەنگ.

(1) Shams and Wiig(1982, 23)
(2) Pearson and et all (2003,119)



٥- زرینگەی دەنگ (quality) : هەر تاکێك زرینگەیەکی دەنگی یا لەرەیەکی دەنگی تایبەت بەخۆی هەیە، بەهۆی ئەم لەرەیەش هیچ دوو دەنگێك لەجیهان بەیەك ناچن، بەمەش دەتوانرێ دەنگی ناسیاو لە نەناسیاو ئاشنا لەنا ئاشنا جیابکەینەوە.

٦- دەنگە نا وشەییەکان (nonword sounds) : ئەم دەنگانە دەگرێتەوە کەلەکاتی قسەکردن دەریان دەبڕین، جا بەمەبەست بێت یا بێ مەبەست، وەك (ئحم، مم، ئم،...).

٧- دەربڕینی دەنگی (pronunciation) : چۆنییەتی گۆکردنی دەنگەکانە لەکاتی دەربڕیندا.

٨- هاوئاهەنگی ئەندامەکانی دروستکردنی دەنگ (articulation) : گۆڕینی دەنگ وەك:/ت/بۆ /ك/ یا /ڵ/ بۆ /ر/... ئەمەش بەپێی تەندروستی ئەندامەکانی ئاخاوتنی قسەکەر و شێوەزاری کۆمەڵایەتی و جوگرافی قسەکەر و تەمەنی قسەکەر (بۆ نمونە منداڵ) و...... دەگۆڕێ.

٩- ڕوونی دەنگ (enunciation): (پسەپسکردن و چپەچپکردن و مینگەمینگکردن....) دەگرێتەوە زۆرجار دەگوترێت (چپاندی بە گوێیدا، هەر مینگەی دێ، هەرپسەپسیان بوو تێیان نەدەگەیشتم،.....) کە بەپێی بار و کات و شوێنی قسەکردن و قسەکەر و گوێگر و بابەتی قسەکردنەکە دەگۆڕێ.

١٠- بێدەنگی (silence) : زۆرجار پەیوەندیکەر لەباتی قسەکردن یا هەڵوێست وەرگرتن یا وەڵامدانەوە یا بیرورا دەربڕین بێدەنگی هەڵدەبژێرێ، کە لەوانەیە ئەم بێدەنگییە بگەڕێتەوە بۆ ترس یا بەرزی پێگەی کەسی بەرامبەر یا نەبوونی هەڵوێست یا خۆ بێلایەن گرتن یا بەکەم زانینی بەرامبەر، هەروەك دەگوترێ (هەر وەڵامیشی نەدامەوە،خۆی کڕ کرد، نوقەی نەکرد...). لای "تراگەر" (١٩٨٥) : پارازمانی ئەو سیفەتە دەنگییانەیە (voice quality) وەك ڕیتمی دەنگ (vocal pitch) و بەرزی دەنگ، کە لە باوێشك و گریان و پێکەنین...هتد[1] بەدەردەکەوێ.

1- Shams and Wiig (1982, 23)

ئاشكرايه گريان و پێكەنينن دوو كردەن، كە مەبەستەكانيان دەتوانرێ بگوترێ لای هەموو مرۆڤێك هاو واتان، بەلاّم هەر بەو سادييەش نييە، كە گريان واتای ناخۆشی و پێكەنين واتای خۆشی بگەيەنێ، بەڵكو زۆرجار هەڵگری واتا و مەبەستی قولن جياكردنەوە و تێگەيشتنی ئاسان نييە :

گريان گوزارشت لەناخۆشی و خەم دەكات، بەلاّم زۆرجار بۆ دەربڕينی خۆشی بەكاردێ، تاك زۆرجار سەرسامی خۆی لە بەدەستهێنانی شتێكی گرنگ يا ڕووداوێكی گرنگ بە فرمێسك ڕشتن دەردەبڕێت.

هەرچی پێكەنينە دەشێ هەڵگری ئەم مەبەستانە بێت :

١- دەربڕينی خۆشی.

٢- گوتنی قسەيەكی نالەبار يا ئەنجامدانی كردەيەكی نالەبار بەرانبەر گوێگر يا بينەر، كەمكردنەوە و شاردنەوەی كاريگەريكەی بە پێكەنين، كە بەزۆری بەدەنگی بەرزدەبێت.

٣- گوتنی قسەيەك بەشێوازێكی پێكەنينی، كە لەبنەڕەتدا هەڵ گری شێوازی توڕەييە، ئەمەش بۆ شەرمەزاركردن و زياتر كاريگەركردنی پەيامەكەی بۆ گوێگر.

٤- پێكەنين بۆ سوكايەتی كردن بەگوێگر بەكاردێت، بەتايبەتی لەكاتی دەرخستنی نهێنی و كەم وكوڕی گوێگر ئەم پێكەنينەش بەزۆری بەدەنگی بەرزدەبێت.

٥- بزەيەكی كەم و بێدەنگی و هەندێ جوڵەی لێو و ڕوو و چاو و سەر و.... دەشێ واتای بێلايەنی يا ڕازی بوون بگەيەنێ.

"كريستال" هێز و ئاوازە جيادەكاتەوە لە تۆنی دەنگی پێی وايە، پارازمانی ڕەوتی هەناسەدان و لەرينەوەی دەنگ (creaky voice) و داهێزرانی دەنگ دەگرێتەوە، وەك لە قاقای پێكەنين لە كاتی قسەكردن بەديار دەكەوێت.[1]

1- Crystal(2003,335)



وەستان لەكۆتايی ڕستە، جياوازی ئاوازەی ڕستەی پرسياری لە هەواڵی و فرمانی، بوونی هێز لەكۆتايی وشە لە زمانی كوردی بريتييە لەو ياسا زمانييانەی، كە لادانيان مەبەست دەگۆڕێت، وەستان لە ناوەڕاستی ڕستە زۆربەی جاری دەنگ (ئەم)(مەم)(هەم) لەگەڵدادەبێت، كە وەستانی نارێزمانييە، يا كاتێك بەخێرايی قسەدەكرێ يا بەهێواشی هەندێ جاری دی، هەموو ئەو ئاماژە دەنگييانە ئەوەڕوون دەكەنەوە كە دەگوترێ، زانياری زياتر دەدەنە گوێگر زۆر واتا ئاشكرا دەكەن كە قسەكەر دەيەوێ بيشارێتەوە لە گوێگر لە وشەكان دەری نابڕێت[1]، چونكە ((قسەكەری هەر زمانێ لەكاتی قسەكردندا وشە و ڕستەكانی خۆی بەڕەوتێكی ئاسۆيی ڕێك لەزاراوە دەرناهێنێ. بەڵكو بەردەوام لە (بەرزی) و (نزمی) دادەبن، واتە لە (هەڵس) و (كەوت) دادەبن. جۆر و ڕادەوپلەی خێرايی و توندی و شلی ئەم (هەڵس) و (كەوت) انە بەپێی (مەبەست) و (ياساكانی زمانەكە) سەر هەڵدەدەن)) [2].

"ديفتز و ديفتز" پێيان وايە هەشت جۆری جياوازی دەنگی هەيە ئاماژە بە ميزاجی قسەكەر دەكەن بۆ گوێگر، كە بريتين لە بەزەيی، توڕەيی، بێ هيوايی، ڕووخۆشی، ئارامگرتن، دڵخۆشی، خەمۆكی، ڕازامەندی [3].

"بەڕای بلومفيلد" (ئاوازی قسەكردن)، كە لەوانەيە سكالاّ ئامێز يا توڕەيی ئامێز يا دەسەلاّت ئامێز، يا كێش دار ...هتد بێت لەڕاستيدا، لە دوای قسەكردن، كاريگەرترين شێوەی ئاماژە كردنی مرۆڤە.[4] هەروەها هەڵكێشانی هەناسەی قوڵ و درێژ واتای غەم و پەژارە و داخ خەفەتە.

هەرچی " جۆن سێرل"ە پێيوايە هەر هەناسەيەكی بيستراو، كە لە دەمەوە دەردەچێ دەشێ حوكمێك يا پرسيارێك ياشيكردنەوەيێك يا فەرمانێك يا

١- موفق الحمدانی (٢٠٠٤، ٢٣٥)

٢- وورياعومەر ئەمين( ١٥، ١٩٩٤)

٣- موفق الحمدانی (٢٠٠٤، ٢٣٥)

٤- ليونارد بلومفيلد (١٣٧٩، ١٦٢)

ئاگادارکردنەوەییێك یا داوایەك یا پەیمانێك بێت، یانیش واتای ڕاستگۆیی یا بێزاری یا فیڵکردن....هتد یا هیچ واتایەکی نەبێ[١]. ئەمانە یارمەتی گوێگرددەدن ڕەفتاری زمانی خۆی لەگەڵ قسەکەر بگونجێنی بۆ پاراستنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی، یا بەپێچەوانەوە.

زۆرجار ڕیتمی دەنگی گوزارشت لەتوانا و دەسەڵاتی قسەکەردەکات "ئەپل" Appel و هاوڕێکانی نیشانیاندا تاك، کە بەدەنگێکی بەرز قسەدەکات زۆر ڕاستی قسەکانی لەدەستدەدا، بەڵام قسەکردنی سەنگین و هێواش بەئاسانی شوێنی خۆی دەگرێت، بۆیە ئامۆژگاری سەرکردەی دەوڵەتان دەکرێ، کە بە هێواشی و دەنگێکی قوڵ قسە بکەن لەکاتی ڕووبەڕووبوونەوەیان لەگەڵ دەزگاکانی ڕاگەیاندن [٢].

ئەو وەستانانەی جێگەی تێبینینە، وەستانی ناڕێزمانییە لە کاتی قسەکردن، ئەگەر ڕێژەکەی زۆر بوو دەکرێ بگەڕێتەوە بۆ شڵەژانی باری دەروونی قسەکەر، نەبوونی متمانە، بوونی ترس، یا قسەکەر دەیەوێ لەڕستەی گونجاو یا واتای ورد بگەڕێ بۆ کاریگەرکردنی وتەکانی، یا وەك دەرفەت بەکاریبهێنێ بۆ بیرکردنەوە لە وتەکانی.

"مول" Mahl پێیوایە زۆری هەڵەی زمانی کاتێك ڕوودەدات، کە قسەکەر تووڕە بێت یا دڵنیا نەبێت لەو قسەی، کە دەیکا، گوێگر دەتوانێ ئەوانە درك پێ بکات لە قسەکانی قسەکەر [٣]، وەك پێوەر بەکاری بهێنی بۆ هەڵسەنگاندنی باری دەروونی قسەکەر و کەسیتی قسەکەر لەوێشەوە سنووری پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ قسەکەر دیاری بکات، ڕەوتی پەیوەندییەکان لەسەر ئەم بنەمایە بەڕێوەببات.

١- جون سيرل (٢٠٠٦, ٢٠١)

٢- موفق الحمداني (٢٠٠٤، ٢٣٥)

٣- سەرچاوەی پێشوو (٢٠٠٤، ٢٣٦)



هەندێ لە زمانەوانان پارازمانی تەنها بە لادانە دەنگییەکان دانانێن بۆنموونە "تراسك" Trask، پێیوایە پارازمانی بریتییە لە ئاوازە (intonation) و دەربڕین (expressions) و ئاماژە (gestures).[١]

### ٢–٤– ٢–٢– زمانی جەستە :

بریتییە لە جوڵەی جەستە و چۆنییەتی ڕاوەستان و دانیشتن و ئاماژەکانی ڕوو، زاراوەی گریکی (kinesics) بۆ بەکارهاتووە، کە بە واتای (movement) جوڵە دێت[٢].

جوڵەی جەستە یا بەشێك لەئەندامەکانی جەستە بەشێکە لە پێکهاتەی قسەکردن دەتوانرێ بگوترێ هیچ قسەکەرێك لێی بێ بەش نییە، زۆرجار بەشێوەیەکی بێ ئاگا بەکاردێت، بە ئاسانی نا ناسرێتەوە و دەربڕینەکانی زیاتر لەڕاستی نزیکن، هەروەها ئەم زمانە زۆر گرنگە بۆ پەیوەندی نێوان تاکەکان.[٣] ئاشکرایە، یەکێ لەگریمانەکانی دروستبوونی زمان، ئاماژەکردنە بەجوڵەی جەستە، (ڤۆنت و مار) باوەڕیان وایە، کە لەیەکتری گەیشتن لەناو مرۆڤدا لەبنەڕەتدا لەم جۆرە بزاوتنانەوە بووە لەدوایدا گۆڕاوە بۆ زمانی ئاسایی، "دافیدبرۆکرۆمبی" دەڵێ : ((ئێمە بە ئەندامی دەنگیمان قسەدەکەین ، بەڵام بە هەموو جەستە دەدوێین (پەیوەندی دەکەین)) [٤]، مەبەست لەدوانی جەستە جوڵاندنەوەی دەست و دەم و چاو لێو و برۆ....یە بەمەبەستی پەیوەندیکردن لەگەڵ خەڵکی دەورو بەردا.

پێڕەوی بزاوتن هەروەك پێڕەوی دەنگی پەرەزمانی (دەنگ بەرزکردنەوە و دەنگ گۆڕین) زۆربەی کات لەگەڵ زماندا بەکاردێ. هەندێ جاریش بزاوتن بەتەنیا جێگەی

1- Trask (1993,197)

2- (2003,108) Pearson and et all(

٣- زەیتۆ شێخانی (٢٠٠٧، ١٣٦)

4- Bell.T(1978, 68)

زمان دەگرێتەوە، بەواتای ئەوەی بۆ پەیوەندیکردن دەست دەدات [1]، هەرچەندە هەندێ لەو جوڵە و ئاماژانە ناناسرێنەوە ، چونکە هەندێ لەوانە دەشێ تاك خوی پێوەگرتبێ، بەڵام دەتوانرێ دوو ئاماژە لێك جیابکرێنەوە، کە هەندێکیان بایۆلۆژین و ئەوانی دی کۆمەڵایەتین، دووەمیان، کە مەبەستە لە کۆمەڵگادا تاك فێری دەبێت، کاردەکاتە سەرپەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی ناچاری دەکات بەکاریان بهێنێت و بیان ناسێتەوە، چونکە ((کۆدی نازمانی دەتوانێ تەواوکاری زمان بێت، یا بەتەنیا هەڵگری پەیام بێت))[2] یا لەگەڵ ئەو مەبەستەی بەزمان دەردەبڕدرێت بەتەواوی لە دژایەتی دابێت.

ئەو ئەندامانەی کەلە پەیوەندیکردن بەکاردێن ((بۆ دیاریکردنی پەیوەندی نێوان قسەکەر و گوێگر، دەتوانرێ لە شێوەی جوڵەی سەر، چاوەکان، چۆنییەتی سەیرکردن، باری ڕوو، جوڵەی دەست و پێ، چۆنییەتی ڕاگیرکردنیان لەکاتی دانیشتن و ڕاوەستاندا جیابکرێنەوە)).[3] دەشێ بەم شێوەیە دابەش بکرێن تەنها بۆمەبەستی زیاتر ڕوون کردنەوە :-

### ۲-٤-۲-۲-۱- دەربڕینەکانی جوڵەی سەر:

سەر لەو ئەندامە گرنگانەیە، کە لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان ڕۆڵی خۆی هەیە جوڵەی سەر دەشێ بۆڕازی بوون یاجەخت کردنەوە بەکاربێت، کاتێك دەیلەرێنینەوە لەسەروە بۆ خوار، یا واتای ڕەتکردنەوە بدات، کاتێك دەیلەرێنینەوە لەچەپەوە بۆ ڕاست یا بەپێچەوانەوە.

١- مەحەمەد مەعروف فەتاح (١٩٩٠، ٢١).

٢- نادر جیهانگیر (١٣٧٨، ٣٧).

٣- نادر جیهانگیر (١٣٧٨، ٣٢).



"الن بیز" پێیوایە ئەم بەکارهێنانانەی سەر سکماك (سروشتی) ن، چونکە ئەو مرۆڤانەی کە لە بنەڕەتدا نابینان یا کەڕن ئەم جوڵانە بەکاردەهێنن. [1] هەروەها لادانی سەر بەلایەکدا بەخێرایی و لە ناکاو لە کاتی گوێگرتن واتای توڕەیی و تۆران دەگەیەنێ.

دانانی سەر لەبارە جیاوازەکاندا مەبەست و ویستی جیاواز دەگەیەنێ کە جیاکراوەتەوە بۆ سێ باری بنەڕەتی[2] :-

١- ڕاگرتنی سەر بەشێوەیەکی ڕاست، لە هەندێ باردا کەمێ ئاماژەی لەگەڵ دایە، واتای بێ لایەنی دەگەیەنێ بۆ قسەکانی قسەکەر، وەك لەوێنەی (١)دیارە.



وێنەی(١) ڕاگرتنی سەر بەشێوەیەکی ڕاست بێلاینی نواندن بۆقسەکانی قسەکەر

٢- لارکردنەوەی سەر بەلایەك دا، کە لەوێنەی(٢) دیارە، واتای گرنگی دان بە قسەکانی قسەکەر دەگەیەنێ.

١- الن بیز (١٩٩٧، ٨٥)

٢- سەرچاوەی پێشو (١٩٩٧،٨٥)



وێنەی (٢)گرنگی دان بەقسەکانی قسەکەر

٣- لارکردنەوەی بۆلای پێشەوە بەرەو خوارەو، سەیرکردنی بەبنی چاو و هێنانەوەیەکی برۆکان واتای نارەزای و رووبەرووبونەوە دەدات، وێنەی(٣) ئەمەڕوون دەکاتەوە.



وێنەی (٣) ڕازی نەبوون بەقسەکانی قسەکەر



ڕەگەزی مێ جوڵەی سەر بۆ ڕاکیشانی سەرنجی بەرامبەر یا بۆ پۆزلێدان بەکاردەهێنن کاتێك بەجوڵەیەکی خێرا پرچی سەر ڕوویان لادەبەن، ئەم جوڵەیە هەر بۆ ئەم مەبەستە لەلایەن ئەو ئافرەتانەش بەکاردێت کە خاوەن پرچی کورتن.

لەباری دانیشتن دا ئەگەر کەسەکە لەسەر زەوی دانیشت بوو سەری بە هەرشێوەیەك لەشێوەکان لەسەر ئەژنۆی دانابوو واتای غەم و پەژارە دەگەیەنێ، ئەگەر لەسەر کورسی و مێز بوو نێوچاوانی لەسەر لەپی دەستی دانابوو دیسان واتای غەم و پەژارە دەگەیەنێ. هەموو ئەمانە و زۆری دیش یارمەتی قسەکەر دەدەن ، کە هەڵویست و باری دەروونی گوێگر بزانێ، بیکاتە بنەمای ڕێکخستنی پەیوەندییەکەی.

**٢-٤-٢-٢-٢- دەربڕینەکانی جوڵەی چاو Eye-movement :**

بە گرنگترین ئەندام دادەنرێت لە پەیوەندیکردن، دەربڕینە باوەکانی ناو کۆمەڵ ئەم ڕاستییە دەسەلمێنن، وەك (چاوی پێدەچێ، لەچاوی ڕادیارە، چاو بەرەوژێرە، چاوپیسە، چاوچنۆکە، چاومۆن، چاوتەنگ، چاوی لێ پۆشین، چاوی تێبڕیوە، چاوی سووربووە, چاوی ئەبلەق بوو, چاوی پێوەمابوو(چاوی لەدوابوو)..................)

چاو، ئەوڕاستیانە ئاشکرادەکات، کە تاك لە دەربڕینە زمانییەکانی دەی شارێتەوە و نایەوێ دەریببڕێ ، یا نەریتە کۆمەڵایەتییەکان ڕێگە بە دەربڕینی نادەن، جا ئەو دەربڕینە سۆز و خۆشەویستی، یا تورەی و ڕك و کینە و ڕەزیلی و بێزاری بێت.

سەیرکردن، بەسەرەتای دانانی یەکەم پەیوەندی و یەکتر ناسین دادەنرێت لە پەیوەندی کەسی، بەسەیرکردن مۆڵەتی دەست بەقسەکردن وەردەگیرێت لە گوێگر، هەر بە سەیرکردن جەخت لەسەر مەبەستەکانی قسەکردنەکە دەکرێتەوە، هەر بەسەیرکردن هەواڵ بەگوێگردەدرێت، کە قسەکان کۆتاییان هات.

"دوڤیدیو و ألیسن" (Dovidio & Ellyson 1982) پێیان وایە ئەو کەسانەی دەیانەوێ دەسەڵاتی خۆیان بسەپێنن لە کارلێکە کۆمەڵایەتییەکان، پشت دەبەستن بەتێڕامان لە گوێگر لەکاتی قسەکردن، ئەم ستراتیجیەتەش بۆ دەرخستنی دەسەڵات و

گەورەییە لە پەیوەندییەکۆمەڵایەتییەکان،[1] واتای متمانە بەخود دەگەیەنیّ، جگە لەمانەش (چاوزەقکردنەوە) و (چاوسورکردنەوە) واتای هەرەشەو ترساندن دەگەیەنن، بەپێچەوانەوە ئەوانەی هەست بەشەرم و شەرمەزاری و تۆران و تاوان دەکەن، کەمتر چاو دەبڕنە چاوی گوێگر یا قسەکەر، هەروەها چاوداخستن واتای لێبوردن و لێخۆشبونیش دەدات، کەواتە چاو، زۆر لەمەبەست و بیرکردنەوەکان ئاشکرادەکات، بۆیە یۆنانییە کۆنەکان لە کاتی گفتوگۆی بازرگانی و سیاسی...هتد چاویلکەی رەشییان لە چاو دەکرد بۆ پاریزگاریکردن لە بیر و مەبەستەکانیان.[2]

مەبەستی بەکارهێنانی چاو لە کۆمەڵێکەوە بۆ کۆمەڵێکی دی جیایە، کە پێوەستە بە نەریتە کۆمەڵایەتییەکان. پاشکۆکانی چاویش: برۆ و پێڵو کاریگەرییان هەیە لە دروست کردنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و گەیاندنی مەبەستەکان.

### ٢-٤-٢-٢-٣-دەربڕینەکانی ڕوو:

ڕوو، بە مینبەرێکی ڕاستەقینە دادەنرێت بۆ زانینی کەسایەتی و مەبەست و ویستی قسەکەر یا گوێگر، "بۆگنتال" (Bugental 1975) پێیوایە، پەیوەندیکەرانی سەر بەیەك زمان دەتوانن بوون و نەبوونی پەیوەندی لەنێوان ئەوەی دەری دەبڕن ئەوەی لەڕوویان دەردەکەویّ بناسنەوە[3]، بەمەش دەتوانن ڕاستی و ناڕاستی گوتەکانی قسەکەر درك پیّ بکەن، هەروەها ڕەزامەندی و ناڕەزایی گوێگر هەست پیّ بکەن، چونکە هەندێك لێکۆڵەرەوان پێیانوایە ئەو هەڵچوونانەی، کە لە دڵی مرۆڤ دەردەچن، لەسەر هەردوو لای ڕوو بڵاودەبنەوە، ئەو دەربڕینانەی، کە بە مەبەست ئەنجام دەدرێن زیاتر لەلای چەپی ڕوو دەردەکەون، بەمەش ویستی پەیوەندیکەر ئاشکرادەبێت کاریگەری و کاردانەوەی لەسەر ئەو دەربڕینانە دەبێت، کە

١- موفق الحمدانی(٢٠٠٤، ٢٢٨).

٢- الن بیز (١٩٩٧، ٩٥).

٣- نادرجیهان گیر(١٣٧٨: ٢٨).




قسەکەر دەریان دەبڕیّ، زۆرجار قسەکەر بواری ئەوەی بۆ دەمێنێتەوە، کە ڕەوتی قسەکانی بگۆڕێت، یا مەبەستەکەی ڕوون بکاتەوە...

"ئیکمان" و هاوڕێکانی (Ekman,et al 1972-1975) شەش هەڵچوونی بنەڕەتییان دیار کردووە، بەپێی ژینگەی پەیوەندیکردن لەسەر ڕووی تاك دەردەکەون کە (سەرسوڕمان، بێزاری-بێزبونەوە-، ترس، توڕەیی، بەختەوەری، غەمباری) ن، لەدوایی دا "پلوتچیك" (Plutchik 1980) دوو هەڵچوونی دی بۆ شەشە بنەڕەتییەکەی "ئیکمان " زیادکرد، کە (پێشبینی کردن و ڕازی بوون) بوو، بەمەش هەڵچوونە بنەڕەتییەکان دەبن بە هەشت، پلۆتیچك ئەوەشی سەلماند کە بە کارلێکی دوو لەو هەڵچوونە بنەڕەتییانە هەڵچوونێکی دی سەرهەڵدەدات بەمەش هەشت هەڵچوونی دی دروست دەبن، کە (خۆشەویستی، گەشبینی، دوژمنایەتی، ڕك لیّ بوونە-سوك سەیرکردن-، پەشیمانی، بیم، بیّ هیوایی، ملکەچی) ن، لە هێلکاریەکی بازنەیی ڕوونی دەکاتەوە بە ناوی (چەرخەی بلۆتچیك بۆ هەڵچوونەکانی سەر ڕوو) [1]، کە لەهێلکاری (٦) دا ڕوونە.

هەموو ئەم ئاماژانەی کە لەسەر ڕوو دەردەکەون بەرهەمی کاریگەری زمانی قسەکەرن لەسەر هەڵوێست و بۆچوونی گوێگر، جا هۆکارەکەی شەرم، ترس، ڕك، توڕەیی، بێهیوایی....بێت، زۆرجار لە دەربڕینە کۆمەڵایەتییەکان دەگوتریّ)لە شەرمان سوورهەڵگەڕا یا ئارەقەی کرد، لەترسان ڕەنگی زەردبوو، لەترسانالێوی تەتلەدەکرد ، لەتوڕەییانا پڕهەڵ مابوو..) هەموو ئەم ئاماژانەی ڕوو کاریگەرییان دەبێت لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، هەندێکیان بنەما و سەرەتای دروستبوونی پەیوەندین، هەندێکی دی سەرەتا و ئاماژەی پچڕانی پەیوەندین.

١- موفق الحمدانی(٢٠٠٤،٢٢٨).




هێڵكاری (٦) چەرخەی پلوتیچیك بۆدابەشكردنی هەڵچوونەكانی سەر ڕوو


**٢-٤-٢-٢-٤- دەربڕینەكانی جوڵەی دەست :**

جوڵەی دەست لە پەیوەندی نێوان تاكەكان هەڵگری بەهای لەباری و نالەباری پەیوەندی كۆمەڵایەتییە، وەك لە پێشوازیكردندا دەبینرێ: دەست بەرز كردنەوە، دەست بەسینگەوەگرتن یا لە خواحافیزی بەرزكردنەوە و لەراندنەوەی دەست لە هەوا، یا لە هەرەشە و كردنەدەرەوەدا، یا لەكاتی باوەشكردنەوە، لەپاڵ ئەمانەش دەست بۆ جەختكردنەوە و ژماردن و ئاماژەكردن...هتد بەكاردێت.

ئەوەی لێرە گرنگە ئەو جوڵانەیە، كە كاردەكەنە سەر تەوەری پەیوەندییە كۆمەڵایەتییەكان، كاریگەرییان دەبێت لەسەر پەیوەندی نێوان تاكەكان، ئەوەی لە



جوڵەی دەست تێبینی دەكرێ بەكارهێنانییەتی لەلایەن سەركردەكان، ئەم بەكارهێنانانە هەڵگری واتان لەلایەن جەماوەر ئەم جوڵەیەی (سەدام) بەكاری دەهێنا، كە لەپی دەستی ڕووەو زەوی دەهێنا و دەبرد كۆمەڵگا بەواتای (هەمووتان لەژێر دەسەڵاتی مننن)شی دەكردەوە، چونكە ناولەپی دەست ڕووەو زەوی بەدەستێكی فرماندەر دادەنرێ لەوێنەی (٤) دەبینرێ.




وێنەی (٤) دەستی فەرماندەر

لە پەیوەندیكردنی جەماوەری بەتایبەتی لە دیدارە تەلەفزیۆنییەكان لەبابەتە هەستیار و گرنگەكان، زوومی كامیرا دەخرێتە سەر جوڵەی دەستی قسەكەر، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ، جوڵەی دەست هەڵگری زۆر مەبەستی شاراوەی ناخی تاكەكانە، وەك شڵەژانی دەروونی، درۆ، متمانە،....هتد.

مەبەستمان لە جوڵەی دەست :جوڵەی پەنجەكان، ناولەپ، باسك ، قۆڵ...كە جوڵەی هەریەكەیان لەئاماژەی جیاواز هەڵگری بەهای جیان.

لەدەربڕینە کۆمەڵایەتییەکاندا  پەنجەکان هەڵگری واتای دیارن وەك (پەنجەی لەچاوی نا، پەنجەی لێ هەڵشەقاند، پەنجەی خۆی گەست (پەشیمان بۆوە)، پەنجەی بۆدرێژکرد....).

ئاماژەکردن بە پەنجەی گەورە بۆ دواوە، واتە نیشاندانی کەسێك، کە ئاماژەکەر نایەوێت ناوی بەرێت یامەبەستی پێ ڕابواردنە، کە لە وێنەی (٥) دەبینرێ.




وێنەی (٥) ئاماژەکردن بەکەسێك کەلەدەرەوەی پەیوەندییکەدایە بەمەبەستی گاڵتەپێکردن

جوڵەی دەست : مەبەست  لە دەست و لەپ هاورێ لەگەڵ پەنجەکان، کە لە تۆقە کردن بەکاردێت، تۆقەکردن هەرچەندە واتای بوونی هاوئاهەنگی و پەیوەندی دەگەیەنێ، بەڵام "الن پیز "پێیوایە تەوقەکردن هەڵگری سێ هەڵوێستی بنەڕەتییە، ئەم هەڵوێستانەش یا لە بێ ئاگایی یا بەهۆی ڕاهاتن یا بەئاگاییەوە دەگوازرێنەوە کە (کۆنترۆڵ کردن و ملکەچی و یەکسانی (خۆشەویستی)) ن :



**١-کۆنترۆڵ کردن:**

کەسی دەستپێشخەر لە تۆقەکردن هەوڵ دەدات کەسی دووەم (تۆقەلەگەڵ کراو) کۆنترۆڵ بکات، دەسەڵاتی خۆی پیشان بدات، ئەوەش کاتێك ناولەپی کەسی یەکەم سەبارەت بە ناولەپی کەسی دووەم (تۆقەلەگەڵ کراو) ڕووەو زەوی دەبێت وێنەی (٦) ئەم جۆرە تەوقەکردنە روون دەکاتەوە.




وێنەی (٦)کۆنترۆڵکردن لەتۆقەکردن

***٢- مکەچی لە تۆقەکردن:***

کەسی دەستپێشخەری لە تۆقەکردن  هەوڵدەدات ناولەپی دەستی بەرەو ئاسمان بەرێت بە پێچەوانەوە ناو لەپی کەسی دووەم  ڕووەو زەوی دەبێت  لە وێنەی (٧) دیارە. ئەو کەسانەی  لە تۆقەکردن ملکەچن، ئەوانەن لە کارەکانیاندا پشت دەبەستن بەدەستیان، وەك برین پێچ، هونەر مەند، مۆسیقار.. ئەم جۆرە تەوقەکردنە بۆ پارێزگاریکردن لەدەستیان بەکاردەهێنن.





وێنەی(٧) ملکەچی لەتۆقەکردن

### ٣- *خۆشەویستی وهاورێیی لەتۆقەکردن :*

کاتێك دووکەس تۆقەدەکەن لەگەڵ یەك، گەر لە یەك ئاستی کۆنترۆڵکردن دابن هەریەکەیان هەوڵدەدات دەستی بەرامبەری بگۆڕێت بۆ باری ملکەچی لە ئەنجامدا هەردوو دەست لەباری ستونی دادەبن بەمەش ململانێکە هاوسەنگ دەبێت و دەگۆڕێت بەڕێز و هاودەمی ئەم جۆرەتەوقەکردنە بۆتە سیمبولی هەندێك لەو ڕێکخراو و کۆمەڵانەی واتای یکبوون و یەکێتی و برایەتی و یەکگرتن دەدەن وەك (ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان). وێنەی (٨) ئەمەڕوون دەکاتەوە. [1]

(1)الن بیز (١٩٩٧، ٣٨)






وێنەی (٨) خۆشەویستی لەتۆقەکردن

تۆقەکردن یا تەنها بە دەستێکە یان بەدوودەست : ئەوانەی تۆقە بەیەك دەست دەکەن، جیان لە تۆقەکردن، بۆ نمونە هەندێکیان تەنها سەرەپەنجەکانی دەستپێشخەر دەگرن، ئەمەش بوونی گومان دەگەیەنێ بەرامبەر دەستپێشخەر، هەندێکی دی تەوقەکانیان زۆر ساردو سڕە بەجۆرێك هاوبەشی ناکەن لە هەژاندنەوەی دەستی دەستپێشخەر بڕوانە (٩)





وێنەی (٩) تۆقەکردن بەسەری پەنجە

لە هەندێ باردا دەستپێشخەر دەستی کەسی دووەم ڕادەکێشی ،" الن پێز "لەم بارەیەوە پێیوایە ڕاکێشانی کەسی دووەم لە لایەن دەستپێشخەر بەئاڕاستەی خۆی دەکرێ هەڵگری دووهۆکاربێت :

١- دەستپێشخەر کەسێکی (ئەمین) نییە.

٢- دەستپێشخەر کەسێکە لە هەرێمێکی بچوك پەروەردە کراوە، ئەمەش ڕەفتارێکی ئاساییە کە لە وێنەی (١٠).[1]




وێنەی (١٠) ڕاکێشانی تۆقەلەگەڵکراو لەلایەن دەستپێشخەر

هەرچی تۆقەکردنە بە بەکارهێنانی هەردوو دەست لەلایەن دەستپێشخەر دەرخستنی دلسۆزی و متمانە و هەستی قوڵە بە ئاڕاستەی کەسی دووەم[1]، بەکارهێنانی ئەم جۆرە تەوقەکردنە لەلایەن دەستپێشخەر پێویستە، کەسی دووەم باش بناسێ و نزیك بن لەڕووی دەروونی ئەگەرنا کەسی دووەم گومانی دەبێت لەمەبەستی دەستپێشخەر.

١- الن بیز (١٩٩٧، ٤٣).

٢- الن بیز (١٩٩٧،٤٣).



**لێکخشاندنی دەست:**

زۆرجار دەبینین تاك هەردوو دەستی لێك دەخشێنێ لە هەمان کاتدا پێدەکەنێ بەپێی ژینگەکە لێکدانەوەی زۆر هەڵدەگرێ دەشێ ئەو کەسە لە پیلانی فێڵێك سەرکەوتبێ یا دەشێ بە ئەنجامدانی کارێك یا بڕیارێك دڵ خۆش بێت، لە ژینگەی سارد واتای خۆگەرمکردنەوە دەدات.

لێك خشاندنی پەنجەی گەورە لە سەرە پەنجەکانی دی واتای داواکردنی پارە یا بەخشیش دەدات، هەروەها دەستخشاندن بەسەری منداڵ واتای ڕێز و خۆشەویستی دەگەیەنێ.

گەشکە گرتن، کە بریتییە لە کۆکردنەوەی پەنجەکانی دەستێك یا هەردووکیان لە شێوەی کەوانە، ئاڕاستەکردنی بە خێراییەکی لەناکاو ڕووەو بینەر، واتای دوعالێکردن (توکلێکردن) و جوێندان دەگەیەنێ، دەشێ ئەمە زۆرجار بۆ خۆشەویستی بەکاربێت.

جوڵەکانی دەست لەڕووی چەندێتی زۆر و لە ڕووی چۆنیەتی لەیەك نزیکن، لە کاتێك کەسێك پەنجەکانی هەردوو دەستی لەیەك دەئاڵێنێ و هەردوو پەنجە گەورەکەی بەدوای یەك دەخولێنێتەوە ئەوە دەگەیەنێ، کە ئەو کەسە لە چاوەڕوانی دایە یا کاتێك پەنچەکانی هەردوو دەستی بەرامبەر یەك دەکات لە شێوەی هەڕەم، ئەو کەسە لەبارێکی متمانە بەخۆبوون دایە، پێی وایە هەمووشت دەزانێ، "آلن بیز" ئەم شێوە جوڵەیە دەکاتە دوو جۆر :

هەڕەمی سەر بەرەو ژوور: ئەو کاتەی تاك قسەدەکات بیرو ڕاوبۆچوونی خۆی دەردەبرێت دڵنیایە لەقسەکانی و متمانەی بەخۆی هەیە وێنەی(١١) ئەمەڕوونتر دەکاتەوە:



وێنەی (١١) متمانە بەخۆبوون لەکاتی قسەکردندا

هەڕەمی سەر بەرەو خوار : بەزۆری ئەو کاتە بەکاردێت کە تاك گوێ لە قسە دەگرێ لەبارێکی دڵنیایی دایە بەرامبەر قسەکەر  کە لە وێنەی (١٢)دیارە [1].



وێنەی (١٢) متمانە بەخۆبوون لەکاتی گوێگرتندا


(1)الن بیز  (١٩٩٧، ٤٨)



کاتێك تاك هەردوو دەستی لەسەر چۆکیەتی بەتوندی جلەکانی دەکوشێت ئەو تاکە دەیەوێت ئارام بگرێ و زاڵ بێت بەسەر ناخۆشی و بێ دەسەڵاتی و توڕەییەکی زۆر، یا کاتێك دەستێك دەباتە باری مشتەکۆڵە و لەناو لەپی دەستەکەی دی دەدات، واتای بیرکردنەوەی بە پەلە دەدات یا بەگشتی لەبارێکی ئاڵۆز دایە.


لە کاتی ڕۆیشتن یا ڕاوەستان گرتنی هەر دوو دەست لە پشتەوە  لەبارە جیاوازەکان واتای جیاواز دەبەخشێت کە بۆ سێ بار جیا کراوەتەوە :

١- دانانی دەستێك لەناو لەپی ئەوی دی واتای بوونی متمانە و نەبوونی ترس و.....دەگەیەنێ  لەوێنەی (١٣) دیا رە.



وێنەی(١٣)متمانە بەخۆبوون ونەبوونی ترس

٢-گرتنی باسك بەدەستەکەی دی (لەپشتەوە) واتای زاڵبوون بەسەر توڕەیی و بوونی ترس دەگەیەنێ  لەوێنەی (١٤) دیارە.



وێنەی(١٤)        ترس وخۆکۆنترۆلکردن

٣-گرتنی قۆڵ بەدەستەکەی دی (لەپشتەوە) واتای زیاتر تـوڕەیی(لـەباری دووەم) هەوڵی زۆرتر بۆ زاڵ بوون بەسەر توڕەیی دەگەینێ لەوێنەی (١٥)[1] .

١- الن بیز (١٩٩٧،٤٩).





وێنەی(١٥)        ترس وخۆکۆنترۆڵکردن زیاتر لەوێنەی (١٤) دا.

وەستان و گرتنی هەردوودەست لە پشتێن واتای بێمنەتی و بێباکی و چاونەترسی دەگەیەنێ ئەم جوڵەیە لەلایەن ئەو ئەفسەرانە دەبینرێ کە هەڵگری چەکن[1]، لەم بارە دا هەرچوار پەنجەی هەردوودەست بەرەوپێشەوەن، پەنجەی گەورە لە هەردوودەست بەرەو دواوەیە.

بە دەست داپۆشینی دەم واتای درۆکردن و هەڵخەڵەتاندن دەگەیەنێ، پاککردنەوەی ددان بە پەنجەکان واتای بوونی فشارێکی زۆر دەگەیەنێ، لێدانی زلە لەناو چەوانی خۆی لە لایەن قسەکەر واتای لەبیر چوونەوە و خۆدزینەوە لە پێدانی زانیاری دەگەیەنێ، هەروەها هەڵتەکاندنی شانەکان هەندێ ئاماژەی ڕووشی لەگەڵدادەبێ واتای نەزانینی وەڵامی قسەکەر و گرنگی نەدان دەگەینێ، هەموو ئەمانە و زۆری دیش گرنگی دەست لە پەیوەندیکردن ڕوون دەکەنەوە، کە کاریگەری

١- سەرچاوەی پێشوو(١٩٩٧،٨٩).

یەکجار کارای هەیە لە کاردانەوەی گوێگر و قسەکەر، دروستبوون و پچڕانی پەیوەندی کۆمەڵایەتی، واتای جوڵەی دەستیش وەك جووڵەی ئەندامەکانی دی لەکۆمەڵگایەکەوە بۆیەکێکی دی دەگۆڕێت ئەوانەی باسکران لە کۆمەڵگای کوردی دا بەرچاون.

## ٢-٤-٢-٢-٥- جوڵەی پێ :

مەبەست لە جوڵەی پێ، پێ وقاچ و ئەژنۆ دەگرێتەوە، کە لە دانیشتن و ڕاوەستان، واتای جیا دەدەن. لە کۆمەڵگای ئێمەدا دانانی قاچێك لە سەر قاچەکەی دی لە کاتی دانیشتن بە هەرجۆرێك لە جۆرەکانی بێ ڕێزی و لە خۆبایی بوون پێشان دەدات، ئەم جۆرە ڕەفتارە لە پۆلەکانی خوێندنیش قەدەغەیە، لە کۆبونەوەی خێزانییەکانیش نابێت لە پێش کەسی بە تەمەن و پێگەی کۆمەڵایەتی بەرز بەم شێوەیە دابنیشین، ئەوانەی ئەم جۆرە جوڵەیە بەکاردەهێنن زیاتر ئەوانەن، کە ڕێز بۆ بینەرەکانیان دانانێن، کە لە بەردەمیانن یا لە تەنیشتیانن و پێگەیان لەپێگەی بینەرەکانیان لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە بەرزترە، هەروەها دانانی قاچەکان لە سەر مێزی بەردەم دیسان واتای خۆبەگەورەزانین و دەسەڵات بەرامبەر بینەر پیشاندەدات، گرمۆڵەکردنی قاچەکان و دەست لە ئەژنۆ وەرهێنان واتای داخ وخەفەت دەدات، کلیلدانی پێکان بەلەسەر یەکدی دانان لەگۆزینگەوە واتای دوو دڵی و گومان و ترس و بەرگری دەگەیەنێ بەپێی لێکۆڵینەوەکان ئەوانەی لە دادگا لێپرسینەوەیان لەگەڵ دەکرێ بەم شێوەیە پێیان کلیل دەدەن (لە لای گۆزینگیان) کاتێك پرسیاریان ئاراستە دەکرێ لەبارەی تاوانەکانیان هەوڵەکە دوپات دەکەنەوە بۆ زاڵبوون بەسەر هەڵچوونەکانیان [1].

١- الن بیز (١٩٩٧، ٨٠).



قاچەکان لە ڕۆیشتن واتای جیا بە جوڵەی جەستە دەدەن، ئەم جوڵانەش کەسایەتی تاك پێشان دەدەن کەدەشێ تاك بە هۆی ڕاهاتن یا چاولێکەری، یا بێ ئاگایی بە بەکارهێنانیان هەڵبستێ.

مەبەست لە باسکردنی ئەم ئەندامانە (چاو، ڕوو، پێ،.....) جیاکردنەوەیان نییە لەیەکدی بۆگەیاندنی مەبەستی پەیوەندیکردن، چونکە هەریەك لەم ئەندامانە هاوکاری ئەندامەکانی دی لەگەڵ دادەبێت، سەرتاپای جەستەش ڕۆڵی هەیە لە گەیاندنی مەبەست، تاك زۆرجار بەو قسانەی دەی کات راستی دەشارێتەوە کەچی ئاراستەی جەستە ڕاستیەکە ڕادەگەیەنێ کاتێك دەگوترێت (خەریك بوو لە خۆشیان دەفڕی) (بردیان بۆ بەندیخانە قاچەکانی لە دوای خۆی ڕادەکێشا)، (خۆی پێ ڕانەدەگیرا)[1]. پشت کردن لەکاتی ڕاوەستان یا دانیشتن،، ئاراستەنەکردنە قسەکەر و خۆخەریککردن بەدەستبردن بۆ کاتژمێر یا سەیرنەکردنی قسەکەر لەلایەن گوێگر یا بەپێچەوانەوە، گرنگی نەدانی پەیوەندیکەر پیشان دەدات، وێنەی (١٦) ئەمەڕوون دەکاتەوە.




وێنەی(١٦) گرنگی نەدان بەقسەکانی قسەکەر

١- موفق الحمدانی(٢٠٠٤،٢٣٢).

هەموو ئەوانە گرنگی تەنی لەش دەردەخەن لە پەیوەندیکردن دا زۆرجار پەیوەندیکەر بەبینینی ئەم جولانە ئاراستەی پەیوەندی و مەبەستی پەیوەندییەکەی دەگۆڕێت. پێویستە ئەوە بگوترێت زۆرجار ئەو جولانەی جەستە خۆویستن و بۆ نوکتە یا لاساییکردنەوە بە کاردێن.

**٢-٤-٢- ٣- مەودا و ئاراستەی جەستە :-proxemics**

یەکێ لە تایبەتمەندییەکانی پەیوەندی کەسی، کە لە پەیوەندییەکانی دی جیا دەکرێتەوە بەپێی ئەو تایبەت مەندییانەی "دین بارلد " دیاری کردووە، نزیکییە، بە جۆرێك گوێگر و قسەکەر یەکتر ببینن و گوێیان لە یەك بێت (بڕوانە ١-٥-٤ -١)، ئەم مەودایە فیزیکییەش لەنێوان گوێگر و قسەکەر بە پێی نەریتی کۆمەڵگا دەگۆڕێت بە جۆرێك کۆمەڵگا ڕێگە بەهەندێ گوێگر و قسەکەر دەدات ، کە لە پەیوەندییەکانیان تارادەیەکی زۆر لەیەك نزیك بکەونەوە دەستلێدان و بەریەککەوتنیش هەبێت وەك ئەو گوێگر و قسەکەرانەی سەر بە یەك خێزانن بەڵام بۆ گوێگر و قسەکەری دی سنوور دیاری کراوە کەواتە مەوداو شوێنی جەستە، بریتییە لە دووری فیزیکی نێوان پەیوەندیکەران، کە بە پێی کەلتور دیاردەکرێ، هەروەها ڕەگەز و تەمەن و هۆگریی و یاسای کۆمەڵایەتی، زۆر فاکتەری دی کاردەکەنە سەر ئەم دوورییە[1].

بەم پێیە دەکرێ مەودا و شوێنی جەستە لە پەیوەندیکردن بۆ زیاتر ڕوونکردنەوە دابەش بکرێ بۆ دوو جۆر :

**٢-٤-٢-٣-١- دەستلێدان(بەریەك کەوتن) :**

دەستلێدان جگە لە ئەندامانی یەك خێزان، بەزۆری تەنها لە نێوان هاوڕەگەزەکان دەبینرێ (لەکۆمەڵگای ئێمە)، کە خۆی دەبینێتەوە لە تۆقەکردن، دەستگرتن...هتد، کە هەڵگری ئاماژەی بە هێزی ناگوتەییە، هەندێ جار خەڵك بە واتای قول درکی پێ دەکەن[2].دەستلێدان

1- Crystal (2003,379)

٢- موفق الحمدانی (٢٠٠٤،٢٣٤)



لە زۆر باردا واتای نزیك بوونەوە و خۆشەویستی دەگەیەنێ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا زۆرجار بۆ هەڕەشە و ترساندن و گلەیی بە کاردێت.

هەرچەندە دەستلێدانی لە پەیوەندییەکان لە نێوان، ڕەگەزەکان (نێر، نێرە) (مێ، مێ) ئاساییە بەڵام ئەمەش بێ یاسا و نەریت نییە، تەمەن و پێگە هتد... کاری تێ دەکەن، ئەزمونی ژیان تاك فێردەکات و ڕای دەهێنێت، کە ئەگەر بییەوێ کەسانی دی ئازار نەدات و لە مامەڵەکردنی کۆمەڵایەتی سەرکەوتووبێت، دەبێ ڕەفتاری کۆمەڵایەتی گونجاو بنوێنێت بۆ نموونە ئەگەر هاوڕێیەکی لەسەر سەفەرکردن بوو پەیوەندی کۆمەڵایەتی لەسەری پێویست دەکات، کە دەستی لە مل کات و ماچی بکات، ئەگەر ئەو کارە نەکات لەوانەیە هاوڕێکەی بۆچوونی لە بارەی ساردی و خۆ بە گەورە زانین بێ، لەوانەیە بەم هەڵوێستەی ئازار بخوات، بەڵام ئەگەر بەڕێوەبەری کارەکەی (کە هاوڕەگەزی خۆشی بێت) بەڕێی کات بۆ سەفەرکردن تەنها پێویست بە تۆقەیەك دەکات [1] .

لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لە کاتی بەگژیەك داچوون و بوونی ناکۆکی تێبینی دەکرێ کە یەکێ لەپەیوەندیکەران یا هەردووکیان یەخەی یەکتری دەگرن بۆ هەڕەشەکردن و ترساندن، "هنلی" (Henley.1977) لە لێکۆڵینەوەکەی پێشانی دا، کە دەستلێدان دەشێ دەلیل بێ بۆ بوونی دەسەڵات و پایەی بەرز. بۆ نموونە بەڕێوەبەرێك کە قۆڵی (کرێکار، فەرمانبەرێك) دەگرێ و قسەی لە گەڵدادەکات دلیلە لەسەر ڕازی بوون یاگلەیی. زۆرکەم ئەوانەی پێگەیان نزمترە دەستلێدان بەکاردەهێنن لەگەڵ ئەو کەسانەی، کە پێگەیان بەرزترە [2]، لەکاتی پەیوەندیکردندا.

دەشێ دەستلێدان هۆکاری خۆشەویستی و ئاشت بوونەوە بێت وەك لە دەست لەملان کردن و ماچ کردن...هتد یا دەشێ نیشاندانی تێکچوونی پەیوەندی بێت وەك لە یەخەگرتن و ڕاتەکاندنی بەرامبەر........هتد

١- محمد رضا باطنی (١٣٧٤،٢٠٤).

٢- موفق الحمدانی (٢٠٠٤،٢٣٥).

له شوێنه گشتییەکان زۆرجار بەریەك کەوتن ڕوودەدات بەهۆی تەسکی جێگا و زۆری خەڵك، وەك لەناو پاس یا لە بازاڕ... ئەمانە نابنە هۆی تێکچوون یا پێکهێنانی پێوەندی کۆمەڵایەتی بە مەرجێ خۆویست نەبن.

**٢-٤-٢-٣-٢- مەودا و دووری جەستە :**

مەودای فیزیکی نێوان پەیوەندیکەران لەزۆر باردا مەودای دەروونی ڕوون دەکاتەوە ئەمەش لە بێ ئاگایدا ڕوودەدات، بە جۆرێك دەتوانین ئاست و ڕادەی پەیوەندی دەروونی پەیوەندیکەران بە پێی ئەو دوورییە فیزیکییەی لە نێوانیان دا هەیە بزانین، کە لەوانەیە لەزمانی قسەکردنیان درکی پێنەکەین، ئەم دوورییە لە کۆمەڵگایەك بۆ کۆمەڵگایەکی دی و لە ڕەگەزێکەوە بۆیەکی دی و بەپێی تەمەن و ناسیاوی و نەناسیاوی...هتد دەگۆڕێت لە کۆمەڵگای ئێمەدا ئەم دوورییە بۆ دوو هاوڕێی ڕەگەزە جیا، جیایە لەگەڵ دوو هاوڕێی هاوڕەگەز، لە کەسێکەوە لەگەڵ یەکی نەناسراو یا تازە ناسراو جیایە "الن بیز" مەودای نێوان پەیوەندیکەرانی بۆ چوار مەودای فیزیکی جیا کردۆتەوە:[١]

***١- مەودای پاراستن کە لەنێوان دووری فیزیکی (١٥سم _ ٤٦سم) دایە:***

گرنگترین مەودای فیزیکییە کە تاك پارێزگاری لێدەکات و بەیەکێ لەمافە تایبەتییەکانی خۆی دەزانێ، تەنها ئەوانەی لەڕووی سۆزدارییەوە نزیکن لێی ڕێگە پێدراون ئەم سنوورە ببەزێنن بێنە ناو ئەم ناوچەوە وەك خۆشەویستان، دایك وباوك، خێزان، منداڵ، هاوڕێی نزیك. بەزاندنی سنووری ئەم مەودایە دەکرێ لەبەر دوو هۆکار بێت :

***أ- هۆکاری خۆشەویستی :*** وەك ئەوانەی کە لەسەرەوە باسکران ڕێگەپێدراون بێنە ناو ئەم سنوورەوە لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە پەیوەندی باوڕپێکراو و نزیکییان هەیە .

١- الن بیز (١٩٩٧, ٢٢)



**ب- هۆکاری ناتەبایی :** لەم بارەدا ئەو کەسەی ئەم سنوورەی بەزاندووە مەبەستی پەلاماردان و هێرشکردنە.

***٢- مەودای کەسێتی کە لەنێوان دووری فیزیکی (٤٦سم — ١,٢٢م)دایە :***

ئەومەودایەیە کە تاك تێیدا ڕادەوەستێت لە ئاهەنگ و بۆنەکان یا لە چاوپێکەوتنە سۆزدارییەکان.

***٣- مەودای کۆمەڵایەتی کە لەنێوان دووری فیزیکی (١,٢٢م — ٣,٦م) دایە:***

ئەم مەودایەیە کە تاك تێیدا ڕادەوەستێت لە بەرامبەر کەسی بێگانە و ئەو کەسانەی کە لە بازار بەهۆی کاری پێویست ڕووبەڕوویان دەبێتەوە یان فەرمانبەرێکی نوێ یا ئەو کەسانەی بەباشی نایان ناسێت.

***٤- مەودای گشتی کە لەنێوان دووری فیزیکی(٣,٦م) دایە :***

لەکاتی ڕووبەڕووبوونەوەی تاك لەگەڵ کۆمەڵێ خەڵك ئەم مەودایە هەڵدەبژێرێت. یا لەکاتی قسەکردن بۆ کۆمەڵێ خەڵك.

بەزاندنی هەریەك لەم سنوورە فیزیاییانە مەبەست و هەستی سنوور بەزین دیاردەکات، بەمەش خاوەن سنوور هەڵوێستی کۆمەڵایەتی دەنوێنێت ئەمەش لەپەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیان ڕەنگدەداتەوە.

دەتوانین بڵێین سێ هۆکار کاردەکەنە سەر دیاریکردنی ئەو دوورییە [١] :-

***١- پەیوەندی نێوان گوێگر و قسەکەر :***

پەیوەندی نێوان گوێگر و قسەکەر و پەیوەندی کۆمەڵایەتییان، بۆنموونە، دووری نێوان دووهاوڕێ لە کاتی قسەکردندا کەمترە وەك لە دووری نێوان دوو کەسی نەناسیاو یا کەسێکی خاوەن پایە و کەسێکی بێ پایە.

١- محمد مەعروف فەتاح ( ١٩٩١، ٢١).

**٢- قۆناغی کارەکە:**

بۆ نمونە لە سەرەتای ئاخاوتندا گوێگر و قسەکەر زیاتر لە یەکدی نزیك دەبنەوە وەك لەناوەڕاست و کۆتایی کارێکدا.

**٣- شوێنی دانیشتنەکە:**

شوێنی دانیشتن کار لەو دوورییە دەکات بۆ نموونە لە شوێنی گشتی و قەربالغدا ئەم دوورییە کەم دەبێتەوە هەرچەندە لەوانەیە پەیوەندی کۆمەلایەتی لە ئارادا نەبێت..

**٢-٤-٣- کۆدە دروستکراوەکان:**

کۆدە دروستکراوەکان کەم تا زۆر کاریگەرییان هەیە لە پەیوەندییە کۆمەلایەتییەکان، وەك جل و بەرگ و هێماکانی سەر جل و بەرگ و چۆنێتی بڕین و هێشتنەوەی ریش و پرچ و پێشکەشکردنی دیاری و خواستن و داواکردنی شت ........هتد کە هەریەکەیان واتا و مەبەستی خۆی هەیە.

بۆنمونە پێشکەشکردنی گوڵ مەبەستەکەی بەپێی ڕەنگەکەی دیاری دەکرێ، کەواتە ڕەنگەکان واتای دیار هەڵدەگرن لەپەیوەندییەکان.

لە کۆمەڵگای ئێمە ئەگەر ئافرەتێك بەجلی ڕەنگاوڕەنگ بچێتە تازییە، تازییەدارەکە پێی ناخۆشە و نارەزایی خۆی زۆرجار لەرێگەی کۆدە دەربڕاوەکان دەردەبڕێ وەك جوڵەی چاو و ڕوو، لێکدانەوەی تازییەدارەکە بۆ ئەم ڕەفتارە، ئەوەیە کە دڵخۆشە بەو کۆستەی لە ئەو کەوتووە و هاوخەمی ناکات، لە بارە دەگوترێ :

- دیارە کەسی لێ نامرێ و لەکەس نامرێ. بەو واتاییەی ڕۆژی ئەویش دێت، کە هەمان ڕەفتاری لەگەڵدا بکرێتەوە.

کۆدە دروستکراوەکان تەنها جل وبەرگ و ڕەنگەکان ناگرنەوە، بەڵکو چۆنییەتی بڕین و هێشتنەوەی ڕیشیش و پرچیش دەگرنەوە، بۆنمونە بڕین و هێشتنەوەی ریش



واتا و مەبەستی خاوەنەکەی ڕوونەدەکاتەوە، وەك پێناسێکە بۆی، ئەمەش لەسەردەمێکەوە بۆسەردەمێکی دی و لە ناوچەیێکەوە بۆ یەکدی دەگۆڕێت، بۆ نموونە پێش ڕاپەڕین ئەوانەی کە ریشیان دەهێشتەوە زیاتر ئەوانە بوون کەپێشمەرگە بوون، لەپاش ڕاپەڕین بە چەند ساڵێك ئەم چەمکە گۆڕا بۆ ئیسلامی، کە هەر یەکەیان بەکاتی خۆیان پەیوەندی زۆربەی تاکەکان لەگەڵیان پەیوەندییەکی ئاسایی نەبوو. بۆ نمونە لەباری یەکەمدا تاکەکانی کۆمەڵگە لەم ریشدارانە دووردەکەوتنەوە بۆئەوەی لەگەڵ دەسەلاتدارنی ئەوکاتە ڕووبەڕوو نەبنەوەو بە(مخریب)ناونەبرێن. لەباری دووەمیشدا هەربەهەمان شێوە بۆئەوەی بە (جوندالاسلام, انصار الاسلام ) ناونەنرێن، بەکورتی لە هەردووبارەکەدا تاکەکانی کۆمەڵگە بۆ ئەوەی پەیوەندییان لەگەڵ دەسەلات لەباربێت پەیوەندی خۆیان لەگەڵ ئەم ریشدارانە دەخستە بارێکی نالەبار.

چۆنێتی کێشانی جگەرە دەکەوێتە ناو سنووری کۆدە دروستکراوەکان بۆ نمونە ئەوانە لەکاتی جگەرەکێشان سەریان بۆ سەرەوە بەرز دەکەنەوە و دووکەڵی جگەرەکە بەرەو ئاسمان هەڵدەدەن مەبەستیان خۆ بەگەورەزانین و پۆزلێدان لەتاکی بەرامبەر، ئەوانەی لەکاتی جگەرە کێشاندا سەریان بەرەو زەوی شۆڕ کردۆتەوە دووکەڵی جگەرەکە بەرەو زەوی و لەسەرخۆ فرێدەدەن ئەوانەن کە لەبارێکی غەمباری دان.

ئەم کۆدە دروستکراوانەش لە کەلتورێك بۆ یەکێکی دی دەگۆڕێن لەسەردەمێك بۆ سەردەمێکیدی هەمان کۆمەڵگەش دەگۆڕێن. لەکۆمەڵگای کوردی لەسەردەمێکی زوو پرچبڕین لەلایەن ئافرەت قەدەغە بووە ئەم وتەیە، کە وەك دوعالێکردن وایە (پرچت بەبڕین چی., سەرت بەتاشین چیێ ) لەسەرزاری بەتەمەنەکان ماوە، بەلام لەسەردەمی ئێستا پرچبڕین کارێکی ئاساییە کاردانەوەی نییە .

**٢-٤-٤- کۆدەکانی بارودۆخ:**

هەڵستان لەبەر هاتنی کەسێکی لەخۆ گەورەتر و چۆنییەتی پێشوازیکردن لەمیوان و بانگهێشتکردن بۆداوەت و بەدەمەوەچوونی داوەت...... دەگرێتەوە. کاردەکەنە ئاراستەی پەیوەندییە کۆمەلایەتییەکان، تاك هەوڵدەدات لەرێگەی ئەو کۆدانە

مەبەستی خۆی بگەینێ هەروەك چۆن هەوڵدەدات لەڕێگەی کۆدی گوتەیی مەبەستەکانی بگەینێ.

بۆ نموونە پێشوازی کردن لەمیوان و دانانی لەشوێنی باش و پاك و ڕێکخراو ئامادەکردنی خواردنی باش (کاتێك دۆست و هاوڕێیەکی خۆشەویست داوەت دەکرێت، هەوڵدەدرێ بەپێی توانا بەچێژترین خواردنی بۆی ئامادەبکرێ، تاوەکو بەشێوەیەکی نازمانی و ناراستەوخۆ دڵسۆزی و خۆشەویستی و ڕێز بۆ ئەو کەسە دەربڕێ، ئەویش لەبەرانبەر ئەوە لەو کۆدە ڕەمزییە تێدەگات، کە ئاراستەی کراوە، بەم جۆرە خواردن دەبێتە سیستەمێك بۆ پتەوکردنی پەیوەندی دۆستانە) [1] لەگەڵ ئەوشدا دەشێ خاوەن ماڵ مەبەستێکی دی هەبێ، خواردن بەکاربێنێت بۆ (دەم چەورکردن) بە نیازی جێبەجێکردنی کارێك، کە ئەو میوانە دەتوانێ ئەنجامی بدات، لەکۆمەڵگەی ئێمەدا دەشێ سێ مەبەست هەبێت لە پێشکەشکردنی خواردن :-

١- بۆ ڕێزگرتن لەبەرامبەر : تاك بۆ پێشاندانی خۆشەویستی و ڕێز و پتەوی پەیوەندی کۆدی خواردن بەکاردەهێنێ.

٢- بۆ خێرکردن بە بەرامبەر: تاك بە نالەباری باری ژیانی بەرامبەر دەزانێ لەڕێگەی خواردنەوە یارمەتی دەدات، دەبێتەهۆی پتەوی پەیوەندی.

٣- بۆ دەم چەورکردنی بەرامبەر : تاك بۆ سوود وەرگرتن لە بەرامبەر پەنا بۆ خواردن دەبات، لێرەدا مەرج نییە ببێتەهۆی پتەوی پەیوەندی، چونکە لەوانەی هەر دوای گەیشتنی سوودەکە پەیوەندییەکەش کۆتایی پێبێت یا لەوانەیە بمێنێت بەڵام پتەو نەبێت.

---

١- ڕێبین ڕەسول و دیارعەزیز (٢٠٠٤، ٢١١).

# بەشی سێیەم

# کارابوونی زمان لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا

### ٣-١- دانەزمانییەکان لە پەیوەندیکردن:

ئەودانە زمانییانەی، کە لە کارابوونی پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکاندا ڕۆڵ دەبینن بە پێی کات و بارودۆخ و جۆری پەیوەندیی کۆمەڵایەتی پەیوەندیکەران و مەبەستی پەیام دەگۆڕێن:-

**١- وشە:**

دەشێ تاکە وشە یا مۆرفیمێك ببێتە هۆی دروستبوونی یا لەبارچوونی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، وەك لە وشەکانی یا مۆرفیمەکانی (نا، نە،، ئا، بەڵێ، ڕازیم، نامەوێ، ناکرێ..) دادەبینرێ.

**٢- ڕستە:**

دانەیێکی زمانییە بەهۆیەوە دەتوانرێ زۆر شت لە مەبەستی قسەکەر ڕوون بکرێتەوە، چونکە (واتای ڕستە بریتییە لە (واتای وشەکان + کاریگەری ڕێزمانی)[1]. تێکدانی یاسا ڕێزمانییەکان دەبێتەهۆی شێوانی واتای وشەکان بەمەش کاریگەری زمانی ئاڕاستەیەکی دی وەردەگرێ وەك:

کورسییەکە هات.

منداڵەکە فڕی.

گوتنی ئەم ڕستانە ئەگەر بەئەنقەست نەبێ , گوێگر بەپێکەنین دێنێ، چونکە پێوایە قسەکەر بێ ئاگایانە قسەدەکات، یاگوێگر توڕەدەکات , چونکە پێی وایە قسەکەر پێی ڕادەبوێرێ، هەرچەندە ئەم ڕستانە لەڕووی ڕێزمانییەوە دروستن , کە لە کار و کارا پێکدێن, بەڵام لەڕووی مەنتقییەوە نادروستن , چونکە ئەنجامدانی کارەکان لەگەڵ توانای ڕاستەقینەی کاراکان ناگونجێن لەدنیای واقیعدا.

هەروەها لابردن و گۆڕین وجیگۆرکێکردنی نیشانە ڕێزمانییەکانی وەك (ئامراز،جێناو، نیشانەکانی ناسیاوی و نەناسیاوی و کۆ و بانگردن و کات............) ڕستەی هەڵە بەرهەمدێنێ:

١- عەبدولواحید موشیر دزەیی (٢٠٠٥، ٤٢).



- دەرسمان فیزیا نەخوێند.
- کتێب ئەدەب دەکرم.
- کوڕێ وەرە.
- منداڵەکەدەهەڵگرم.

کە کاردانەوەوی نائاسایی لەلایەن گوێگر دروست دەکەن.

**٣- گوتن:**

گوتن ڕستەی بەکارهێنراوە لەدەوروبەردا بۆیە "فرۆمیکن" (Fromkin) پێیوایە واتای گوتن بریتییە لە (واتای رستە + واتای دەوروبەر)[1] کاتێك دەگوترێت:

- ناتوانم لێرەبم.
- چایەکەت ساردە.
- دڵم دەگوشرێت.
- ئۆمەرە.

هەروەها گوتن ئەو گوتە و پەندانەش دەگرێتەوە لە بار و دەوروبەر و کاتی دیاریکراو دەگوترێن وەك.

- (یاری نەوسێ هەرزیزە).
- (پێڵاوت بە بەرەواژی پێ لە پێ دەکات).
- (هاوڕێی باش بۆ کاتی تەنگانە).
- (دەتباتە سەر ئاوێ ئاوت ناداتێ).

کە پەل داوێن و بۆ پراگماتیکی کۆمەڵایەتی، تاك بۆ تێگەیشتنی و لێکدانەوەی ئەو گوتان لەپاڵ یاسای زمانەکە و بارودۆخی پەیوەندیکردنەکە، پێویستە شارەزای واتا و مەبەستە کۆمەڵایەتییەکانیش بێت ، کە خۆی لەپشت وشە و ڕستەکان حەشارداوە.

١- عەبدولواحید موشیر دزەیی ( ٢٠٠٥، ٤٣).

### ٤- دەق:

بریتییە لە زنجیرەیەك ڕستە یا ڕستەیەکی تۆمارکراو دەشێ زۆربەی جار نووسەر لە خوێنەر دیار نەبێ یا هەر نەشی ناسێ، بۆیە خوێنەر بۆلێکدانەوەی واتاکەی پشت بە واتای وشەکان و یاسا ڕێزمانیەکەی و وشیاری خۆی دەبەستێ، دەق ناچێتە ناو سنووری باسی پەیوەندی کەسی، کە سنووری ئەو باسەیە.

### ٥- قسەکردن:

قسەیەکە لەنێوان دووکەس یازیاتر، کە بەئازادی بەڕێوەدەچێ [١]. لیڤنسۆن (Levinson) پێیوایە واتای ئاخاوتن لە ئاستی پراگماتیك دا لێك دەدرێتەوە لە پەیوەندی نێوان زمان و دەوروبەر، گرنگە بۆ تێگەیشتن [٢] . کەواتە لەقسەکردن دا ناکرێ گوێگر و قسەکەر ئەوپەڕی ئازادی وەربگرن، چونکە و دەوروبەر و بارودۆخی قسەکەر یا گوێگر، چۆنییەتی پەیام و مەبەستی پەیام زۆرجار دەبێتە بەربەست لەبەردەم بەڕێوەچوونی قسەکردن بە ئازادی.

قسەکردن بەدانەیەکی زمانی کاریگەر دادەنرێت، چونکە گوێگر و قسەکەر ئامادەییان هەیە، هەروەها جوڵەی جەستە و ئاوازە و پارازمانی ئەو کاریگەریە زیاتر دەردەخەن.

دانە زمانییەکان کاریگەریان دەبێت لە کارابوونی زمان زۆرجار پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لە ئایی دەگۆڕن بۆ نایی، یا بە پێچەوانەوە.

## ٣-٢ – کارابوونی زمان لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان:

زمان وەك هۆکاری گواستنەوەو گەیاندنی ئاشتی و خۆشەویستی و دادپەروەری، ئاشکراکردنی ڕاستییەکان کاردەکات، لە پاڵ ئەمەشدا زمان بە دیکتاتۆریکی مەزن

١- عبدلواحید مشیر دزەی (٢٠٠٥،٤٤).

٢- سەرچاوەی پێشو(٢٠٠٥، ٤٤).



دادەنرێت، هۆکاری دروستبوونی کێشە گەورەکانە، هەروەك مایکرۆسۆمێك ڕك وکینەو دوژمنایەتی نێوان نەتەوەکان و هۆزەکان و تاکەکان پشتاپشت دەگوازێتەوە، کەواتە زمان لەپاڵ ئەوەی، هۆکاری خۆشەویستی و هاوسۆزییە، هەروەها هۆکاری دوژمنایەتی و ڕکابەرایەتیشە.

لە پەیوەندییە کەسییەکان دا زمان زۆرجار هۆکارە بۆ تەبایی نێوان تاکەکان لە پاڵ ئەمەشدا زۆرجاری دی زمان هۆکارە بۆ ناتەبایی و دوژمنایەتی و تۆران و کوشتن و بڕین بەپێی ئەو بارگەیەی کە پێیی بارگاوی کراوە، جا ئەو بارگەیە (کۆمەڵایەتی، سیاسی ، ئابووری....) بێت کورد دەڵێ (زمان بە لای سەرە)، (زمان بوەستێ سەر ڕەحەتە)، (بە قسەی خۆش مار کەوی دەبێت) کەواتە ئەو کاریگەرییەی لە ڕێگەی زمان دا لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا دەکەوێتەوە دوو ئاڕاستە وەردەگرێ، ئایی و نایی.

هەرچەندە سنووردانان لەنێوان کاریگەری ئایی و نایی ئاسان نییە، چونکە زۆرجار بە هەڵە لەیەك گەیشتن دەبێتە هۆکار بۆ تێکدانی پەیوەندییەکان لە هەمان کاتدا ڕوونکردنەوەی ئەم هەڵەیە ، کە لە ڕێگەی زمانەوە ئەنجام دەدرێ پەیوەندییەکە ئاسایی دەکاتەوە :-

## ٣-٣- نموونەکان:

١- [١]

ا: (کاکەی شوان... کاکەی شوان داخوازیەکم لێتە..)

............................

((شوان...هۆشوان، لەگەڵ تۆمە....حاڵی بووی گوێت لێم نەبووە هێی ی ی ی... شوانەوەرە بۆ ئێرە...))

............................

١- یەشار کەمال (١٩٧٩، ١١٧-١١٩).

((شوانەکە..٠. شوانەکە... ئەرێ ئەوە من لەگەل تۆم نییە ؟....هۆ سەرەك شوان... لە گەڵ تۆمە.... گوێت لێ نییە ؟))

................................

ب: ((گوێم لێ بێ چ دەبێ و گوێم لێ نەبێ چ دەقەومێ.... هۆ هەرزەکار.....)

...............................

ئەم نموونەیە زۆر لەو هۆکارانە لە خۆی دەگرێ، کە ڕەچاونەکردنیان لە کاتی ئاخاوتن دا دەشێ پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان ئاڕاستەیەکی نایی وەربگرێت وەك :

- پشت گوێخستنی (سڵاو).
- پشت گوێخستنی دۆزینەوەی دەرفەتی دەست بەقسەکردن.
- ڕەچاونەکردنی دووری فیزیکی قسەکەر، کاتێك لەگەڵ گوێگرێکی نەناسراو قسەدەکات.
- ڕەچاونەکردنی تەمەنی گوێگر لەلایەن قسەکەر، یا خۆ بە گەورە زانینی قسەکەر.
- ڕەچاونەکردنی تۆنی دەنگی لەکاتی بانگکردندا.

هەموئەمانە دەبێتەهۆی بەکەم زانینی قسەکەر لەلایەن گوێگر یاکاریگەری نەبوون و نەبوونی وەلاَم بۆقسەکەر لە لایەن گوێگر. بەلاَم کاتێك شێوازی بانگکردنەکەی لە خۆبەگەورە زانینەوە دەگۆڕێ بۆ پاڕانەوە و ڕێز بۆ دانان ئاڕاستەی پەیوەندیەکەش دەگۆڕێ:

ا : ((مام شوان، مام شوان..... دا خوازێکم لە خزمەتتدا هەیە. یارمەتی و کۆمەکم بکەی زۆرت خێر دەگاتێ.))

ب : ((بڵێ ڕۆڵەکەم، بێژە چیت دەوێ ؟))

..........................

((وەرە بۆ ئێروکانە کوڕی خۆم، چییە، چی قەوماوە.....))

......................



کەواتە بەکارهێنانی هەڵسوکەوتی زمانی ڕێك دەبێتە هۆکاری ڕەفتار و هەڵسوکەوتی ڕێك.

پتەوی ناپتەوی پەیوەندیەکان زۆرجار هەر لە سەرەتای پەیوەندیکردن و ڕووبەڕووبوونەوەدا دەزانرێ، چونکە گوێگر و قسەکەر بەر لە گواستنەوەی مەبەستی پەیوەندیکردنەکەیان هاوسۆزی خۆیان بۆیەکتری دەنوێنن لەرێگەی هەواڵپرسین بەخێرهێنان و بەخێرهاتن کردن دا، ئەم هاوسۆزیەش بەستراوەتەوە بەمەبەستی قسەکردنەکە یان پەیوەندی پێشینە، جگە لە پتەوی و ناپتەوی پەیوەندی , تەمەن و پێگەو کات و شوێن و ناسیاوی نەناسیاوی ڕەنگ دەدەنەوە:

٢-[١]

ا- بەخێربێی مام وەسمان چایەکی....لۆ بینم یان شەکر و شیرەکی شەقەندەهری ؟

ب-چایەکەم لۆبینە ئەوەندەش لەوچەی مەکە.

ا-وەی بەسەر چاو.

لەم نموونەیەدا (ب) وەلامی هەواڵ پرسینەکە (أ) نادەنەوە ، ئەمەش جگە لە جیاوازی تەمەن و پایە، دەگەڕێتەوە بۆبوونی توڕەیی لەناخی (ب)،(لەو چەی مەکە) زیاتر ئەو توڕەی و لە خۆباییە ڕوون دەکاتەوە.

٣-[٢]

أ- مام وەسمان ماندی نەبی.

ب- بە خێربێی فەخریە خان .....بە خێربێی سەر ئەو چاوەم دوایی ئەو چاوەم، ئەمرکە فەخرییە خان.

أ- زالم ئەمرت لەسەرنەکاسەلامەت بی.......

---

١- فەیسەڵ موحەممەد ساڵح ،پێش ڕاپەڕین

٢- فەیسەڵ موحەممەد ساڵح ،پێش ڕاپەڕین

ئەم جۆرە وەڵامدانەوە لە لایەن (ب) هەڵگرێ کۆمەلێ بەهایە بە جوڵەی جەستەو مەودای فیزیکی و پەیوەندی پێشینەی قسەکەر و گوێگر و جیاوازی ڕەگەزی پەیوەندیکەران،مەبەستی (ب) بۆ خۆنزیك کردنەوە لە (أ) زیاتر ڕووندەبێتەوە:-

٤-[١]

ا-ماندی نەبی وەسمان.

ب- یافەتاح، یارەزاق، مار حەزی لەسیری نەدەکرد.....سەلامەت بی تەها.

ئەم جۆرە هەواڵ پرسینە لەلایەن (أ) لای (ب) هەڵگری کۆمەڵی بەهایە کە لە پەیوەندی کۆمەڵایەتی نێوانیان سەرچاوەدەگرێ، وەڵام دانەوەی (ب) بۆ(أ) لە جوڵەی جەستەو ئاراستەی جەستە و کۆدی گوتەیی (سەلامەت بی تەها) دا ساردییەکی زۆری پێوەدیارە (أ و ب) ش بەم ساردییە دەزانن (ب) دڵنیایە لەوەی کە (أ) مەبەستێکی هەیە لەو هەواڵ پرسینە :-

أ- سەلامەت بی چ زۆرە ڕوون زۆرە.....یان دەترسێم هەر لۆمن نەبی.

ب- ناکاکی خۆم لۆ ؟خۆدوژمنم نی..... تەها قاتی خۆ درۆت لەگەڵ ناکەم.

أ- ناوەڵا، استغفیرلا ئەتۆ و درۆ، بەس دەرێم پشت فەردە و مەردەکان باش بگەرێ...

ب-.................................

أ -سەلامەت بی ئاخر ئەمن بەچاوی خۆم دیتم ڕوون لەودوکانەی هاتە دەرێ و چووە مارەکی...

ب-کاکی خۆم تەها ئای لەبەر زمانت تەها. جارێ سەبرەکم لێ بگرە.....

(أ) لەم قسەیەی دەری دەخات، کە جێ متمانەی (ب) نییە (دەترسێم هەر لۆمن نەبی)، بەهەمان شێوە (ب) دەزانێ کەجێی متمانەی (أ) نییە (قاتی خۆدرۆت لەگەڵ ناکەم )، وەڵام دانەوەی (أ) بە (ناوەڵا، استغفیرلا ئەتۆو درۆ) شان بەشانی ڕیتمی دەنگی و جولەی چاو، پێچەوانەی کۆی واتای رستەکە دەگەیەنێ، (پشت

١- سەرچاوەی پێشوو.



فەردەو مەردەکان باش بگەڕێ....) توانج گرتنە لە (ب)، (أ) بە (ب) ڕادەگەیەنێ کەئاگاداربە بەو سیفەتەی ئەو، کە شت دەشارێتەوە.

أ- سەلامەت بی ئاخر ئەمن بە چاوی خۆم دیتم ڕوون لەو دوکانەی هاتەدەرێ چوەمارەکی...

ب- کاکی خۆم تەها ئایی لەبەرزمانت تەها. جارێ سەبرەکم لێ بگرە....

دەشێ مەبەستی هەواڵ پرسینی (أ) لە (ب) هاتنی بۆلای، هەرئەوەبێ کە ئەو توانجەی لێ بدات،کە (ب) ڕۆن دەبات بۆماڵێك لەوانەیە مەبەستێکی هەبێت ئەو مەبەستەش لە کۆمەڵ نەویستراوە بێت. وەڵامی (ب) (ئایی لەبەر زمانت) ئەو راستیە ئاشکراتر دەکات .

٥-[١]

ا- مام وەسمان کوی ؟

ب- ئەوەدەمبینی، دەبی کووبم ؟

أ- وەی بسمیلا، دەبینم بەلاکەپوو جوابم دەدەیەوە.

ب- زەمانەکە وای دەوێ فەخریەخان زەمانەکە وای دەوێ، فەرموو چ ئەشیات دەویست.

ا- وەللا زۆرم دەویست، بەڵام جواب دانەوەکەت وای لێ کردم هیچم نەوێ.

ئەم جۆرە وەڵام دانەوەیە بە پاڵپشتی جوڵەو ئاراستەی جەستە، بەسەرەتای پچرانی پەیوەندی نێوان (أ و ب) دادەنرێت.

٦-[٢]

ا- بەخێربێن.

ب- عەلێکەسەلام سەرچاو.

١- فەیسەڵ موحەممەد سالح ،پێش ڕاپەڕین.

٢- حسێن مسری (٢٠٠٤).

ج- مەمنونین.

ئەم جۆرە وەڵام دانەوە لەلایەن (ب و ج) بۆ (أ) کە خاوەن ماڵە و جیاوازی لەتەمەنی (أ) لەگەڵ (ب و ج) دادەبینرێ، هەروەها (أ)، (ب و ج) ناناسێ جگە لەوەش (ب و ج) میوانی ناوەختن، لەگەڵ ئەوەشدا شێوازی وەڵامدانەوەکەیان، ڕێزی خاوەن ماڵی تێدا ڕەچاو ناکرێ، دەبێتە هۆی کاردانەوە لە (أ) تورە بون و هەڵچون.

**٧-**[١]

ا- سەلامو عەلێکوم.

ب- سەلام، بە خێربێیەوە جەناب ئەوە لە کوێ بووی.

وەڵامی (ب) بۆ (أ) نالەباری پەیوەندی کۆمەڵایەتییان دەگەیەنێ (بە خێربێیەوە جەناب ئەوەلەکوێ بووی) توانجگرتنە لەلایەن (ب) وە بۆ (أ) یامەبەستی (ب) ئەوەیە قسەلە (أ) دەربهێنی، یا (ب) زانیاری هەیە بەو شوێنەی (أ) لێ بووە، ئەم شوێنەش قەدەغەکراوە .

بەوێڵ قسەکردن (توانج لێ دان) لەلایەن قسەکەرەوە ئاراستەی گوێگر دەگرێ، دەشێ لەبەر ئەم هۆکارانە بێت، کە قسەکەر ڕاستەوخۆ مەبەستەکەی نەداتە گوێگر:

١- لەترسی ئەوەی گوێگر دڵی بشکێ.

٢- لەوانەیە پەیوەندی کۆمەڵایەتی قسەکەر لەگەل گوێگر پچڕابێ، هەرچەندە گوێگر بوونیشی هەیە لەبازنەی پەیوەندیکردنەکەدا.

٣- قسەکەر پێیوایە لەڕێگەی توانجەوە مەبەستەکەی کاریگەرتر دەپێکێ.

**٨-**[١]

أ- مەخسەدم ئەتونییە حەسەن.

ب- ئەدی مەخسەدت کێیە ؟

١- ئوسامە جەمیل (٢٠٠٧).

١- فەیسەڵ موحەممەد ساڵح ،پێش ڕاپەڕین).



أ- ئەو گەجەروو گوجەرانە، ئەو ناکەس بەچانە، ئەو هەرچی و پەرچیانەی، کە لێرە غردەبنەوە.

ئەو کەسانەی کە (أ) هێرش کردۆتە سەر لەبازنەی پەیوەندییەکەدا ئامادەن، بەڵام (أ) لەرێگەی (ب) ەوە مەبەستەکەی خۆی ئاراستەیان دەکات ، هۆکارەکەشی پچڕانی پەیوەندی (أ) ە لەگەڵ کەسەکان، یا (أ) نایەوێ پەیوەندییان لەگەڵ دروست بکات.

**٩-**[٢]

أ- حەسەن لەکێیە ؟

ب- حەسەن کێیە، برێ وەستا حەسەن، چوزانم...

أ- دەترسێم ئەویش وازی لە چایە خانەکەی هێنابێ لەبەر پیاوی خراپ و دووڕوو.

ئەو پیاوە خراپانەی کە (أ) باسیان دەکات لەبازنەی پەیوەندییەکدان هەروەك لە تەمسیلەکەدا دەبینرێ، بینەر و گوێگرن بۆ (أ) مەودای فیز کێشان لەگەڵ (أ) لە مەترێك تێناپەرێت بەڵام لەرێگە (ب) مەبەستەکەی خۆی ئاڕاستەیان دەکات ئەویش زیاتر بۆ خاڵیکردنەوەی ئەو هەڵچوونەیە کە بە هۆی قسەو قسەلۆکی ئەوانەوە دووچاری بووە.

**١٠-**[٣]

أ- بەو زروفە ناخۆشەی ئی بەغدای نەبوو بەڵام دەی...

ب- باشترە لەوەی وەکی خەرکی لەدائیرەبی وەکی دەرۆزەکەران بژی.

ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ زنجیرە تەمسیلییەکە مەبەستەکەی زیاتر رۆشن دەبێتەوە (ب) لەرێگەی ئەم وەڵامە، جۆرێك لە سوکایەتی پێکردن لەڕووی ئابورییەوە ئاراستەی (أ) دەکات، دڵنیایە کە (أ) لەمەبەستەکەی دەگات و بەم توانجە بریندار دەبێ.

ب- خواسێبوریتان بدا بێ منداری گەلەك ناخۆشە، نازانم کوو دەحەوێنەوە ؟

٢- فەیسەڵ موحەممەد ساڵح ،پێش ڕاپەڕین).

٣- ئوسامە جەمیل (٢٠٠٧).

(ب) خالی لاوازی (أ) دەورژینــێ بـۆ کاریگـەر بـوونی قـسەکانی، هەرچـەندە لـەم نموونەیە واتای وشەکان وپێکهاتەی ڕستەکە، بەزەیی هاتنەوە دەگەیەنێ، بەلاّم ڕەوتی قسەکردنەکە و جولەی جەستە.... هتد، واتای توانج لێدان دەدەنە ئەم وتەیـەی (ب)، (أ) یش دەزانێ ئەم وتەیە سوکایەتی پێ کردن و توانج گرتنـە، وەنـەبێ (أ) تەسـلیمی توانجەکانی (ب) بێت ئەویش هەولّدەدات قسەیەکی وابکـات، کاریگەریـەکی کـارا لـە (ب) دروست بکات وەك تۆلّە:

**١١-**[١]

ا- فەقیر حالّ دەترسێم وەتێبگەی لۆ ئیشێ چوبیتە بەغدای؟

...........................

أ- بڕۆ فریایی کەوە بزانە لەبەغدایێ چ دەکات.

ب- ئەوەبەڕاستیتە ؟

ا- ئەرێ وەڵلاّ بەڕاستیمە، ئەدی ئەتو نالّێی پیاو هەزار پێچ و پەنای هەیە ؟

ب- خۆئەوەندەش وەیە.

گومان دروست کردن لای (ب) لەلایەن (أ) ەوە، کاریگەریەکی زۆری دەبێ لەسەر شلّەژانی باری دەروونی (ب) بەرادەیەك، بازنەی پەیوەندییەکە بەجێ دەهێلێ.

**١٢-**[٢]

أ-........ بەس ئەوەی راستی بێت، ئەو چەند رۆژەی خەریك بـووم، گـوتم ئـاخیر سالّمە، با لەکۆلّبیمەوە.

ب- کوڕی بابی خۆیتی ئیـشی خـۆی بـەخۆی چـاك دەزانـێ، خـۆ وەکـی ئـەولادی هەندەکەسی نییە.. هەربچێ لەدوئیشی خراپ بگەرێ.

ئەم قـسەی (ب) هـەڵگری کۆمـەلێ مەبەسـتە، توانجێکـە لـە کەسـێك، کـە (ب) بەجێناوی نادیار (هەنـدی کـەس) دەستنیـشانی کـردووە، کەچـی ئەوکەسـە لەبازنـەی

١- ئوسامە جەمیل (٢٠٠٧).

٢- فەیسەلّ مەحەمەد سالّح ، پێش ڕاپەڕین).



پەیوەندییەکـە بـوونی هەیـە و دیـارە، (ب) دەیـەوێ لەرێگـەی پێـدا هەلّـدانی (أ) بەوکەسەش بلّی (ئەمن ئاگادارم کە کوڕەکەت لـەدوایی ئیـشی خـراپ دەگـەرێ، وەك خۆت) واتە کوڕەکەی تۆش کوڕی بابی خۆیەتی.

پەیام ومەبەستی قسەکردن بەپێی کات و شوێن و قـسەکەر و گـوێگر دەگۆڕێـت , هەندێ قسە بۆ هەندێ گوێگر و قسەکەر کردنیان ئاسایی یە بەپێی پەیوەندی قـسەکە بە قسەکەر و گوێگر بەلاّم بۆهەندێ گویگری تر ئاسایی نییە... .

**١٣-**[١]

أ- چوارەم سالّی زانکۆم بوو بەلاّم دواتـر نـەمتوانی خوێندنەکـەم تەواوبکـەم بۆیـە وازم لێهێنا.

ب- جابۆ وازت لێهێنا ؟

أ- ____________ !

ب- ئەلّێم جابۆ وازت لێهێنا ؟

أ- هەندێ کێشەی خۆمان هەبوو لەبەر ئەوە نەم توانی.

ب- کێشەی چی ؟

ج- کاکە شەرمی ناوێ بـۆ ڕاسـتییەکەی پێنـالّێی ؟ کـاك فـەوزی گیـان کێـشەی هەژاری.

ب- هەژاری کێشەنییە نە عەیبە و نەهیچ.

(أ) کـە نـاتوانێ وەلاّمـی پرسـی (ب) (جـا بـۆ وازت لێهێنـا) بداتـەوە. بـەپێی گەرانەوەمان بۆ زنجیرە تمسیلیەکە هۆی واز لە خوێندن هێنانەکەی پەیوەندی هەیە بـە (ب) ش (ج) دەیەوێ ڕووپۆشی ئەو شلەژانەی (أ) بکات بە هۆکاری هـەژاری، چـونکە ئەو کێشەی وازهێنانەکەی (أ) دەزانێ، کە لەبەر مردنی هاوڕێ کـچەکەی بـووە، ئـەو کچەش کچی (ب)ە، بۆ پاراستنی کەسایەتی خۆیی (أ) و پاراستنی کەسایەتی کەسە مردووەکە لەکۆمەلّگایی ئێمەدا گونجاونییە باس لەو بابەتانـە بکرێـت بۆیـە باسـەکە

١- حسێن مسری (٢٠٠٦).

لەلایەن (ج) ەوە بەکێشەی هەژاری رووپۆش دەکرێت ئاشکرایە هەژاری ئەگەر هۆکاریش بووبێت هۆکارەکی کارانە بووە.

**۱٤-** [۲]

أ- ئەریٚ گۆران ئەمە خوشکییەتی ؟

ب- ئا ئا.

ئەم قسەکردنە یا پرس و وەڵامە بەدوورکەوتنەوەی (ج) لە بازنەی پەیوەندیەکە، دەست پێدەکات، بەهاتنەوەی (ج) کە برای کچەکەیە بۆناو بازنەی پەیوەندییەکە، کۆتایی پیٚ دێت. بەشداری پێنەکردنی (ج) لەم وەڵام و پرسە دەگەڕێتەوە بۆ هۆکاری کۆمەڵایەتی ئەگەربێتو (ج) بەم جۆرە قسەکردنەی (أ و ب) بزانیٚ لەوانەیە تێروانینی (ج) بۆ (أ و ب) بگۆرێت جارێکی دی مێوانداری (أ و ب) نەکات، یا بەتەواوی پەیوەندی کۆمەڵایەتی خۆی لەگەڵیان بپچڕێنیٚ بە گەڕانەوەمان بۆ زنجیرە تەمسیلییەکە مەبەستەکەزیاتر ڕووندەبێتەوە.

**۱٥-** [۱]

ج- هیچ...باوکت ئەیوت بۆنی لێیٚ.

أ- بۆنی چی دایەگیان ؟بۆنی عەتر؟

ج- بۆنی قوزەلقورت و زەهری مار.

.....................................

.......................................

أ- تێئەگەم باوکە حەزەکەم هەرچیەکت هەیە بیڵێی.

---

١- حسێن مسری (٢٠٠٤).

١- حسێن مسری (٢٠٠٦).



ب- ئاراس تۆ ئێستا پێویستیت بە نەسیحەت نییە، بەڵام لەوانەیە مرۆڤ پێویستی بە هاوریٚ و قسەکردن هەبێت، بۆیە من ئێستا وەك هاوڕێیەك نەك وەکو باوك، قسە لەگەڵ تۆیا ئەکەم. ئاراس ئەگەر خەوت پیٚ جێت ئەهێڵم.

أ- نا باوکە خەوم نایە منیش هەمیشە وەك باوك و هاوریٚ سەیری جەنابتم کردووە.

ب- کەواتە کێشەمان نابیٚ.

أ- نا کێشەمان نابیٚ.

ب- من هەمیشە ئازادیم بە ئێوە داوە، بەڵام گەڕانەوەی سەعاتی (۱۱) شەو، ئەمەیانم بەدڵ نییە.

أ- باوکە گیان ئەتوانم تکاییٚ بکەم.

ب- فەرموو.

أ— ئەتوانین ئەم موناقەشەی ئیستا هەڵگرین بۆ بەیانی.

(ب) لەرێگەی (تۆ پێویستیت بە نەسیحەت نیە، بەڵام لەوانەیە مرۆڤ پێویستی بە هاورێیەتی و قسەکردن هەبێت...) هەوڵدەدات رێگە بۆ ئەو مەبەستە خۆش بکات کە دەیەویٚ بیگەیەنێتە (أ). بەم وتەیە هەوڵدەدات ئەوە لە (أ) بیگەیەنیٚ کە ئەو نەسیحەتی ناکات، چونکە ئەو پێیوایە نەسیحەت لەکەسێکەوە ئاراستە دەکرێت کە خۆی بەخاوەن پایە و گەورەتر بزانیٚ ئەمەش وەك فەرماندانی لێدێت و کاریگەری نابێت بۆیە (ب) بیٚ خۆ فەرزکردن هەوڵدەدات مەبەستەکەی کە لەراستی دا نەسیحەتە بگەیەنێتە (أ).

(ب) لەرووی کات و بارودۆخی قسەکردنەکە لەجارێك زیاتر هەڵوێستی (أ) وەردەگرێت (أ) یش ئامادەیی تەواوی خۆی پێشان دەدات. (حەزەکەم هەرچیەکت هەیە بیڵیٚ ی، خەوم نایە...، کێشەمان نییە) بەڵام دەبینین (أ) هەوڵدەدات خۆی لەبازنەی گفتوگۆکە بکێشێتەوە کاتێك (ب) وتەی (گەرانەوەی سەعات (۱۱) ی شەوم بەدڵ نییە) ی ئاراستە دەکات بەم وتەیە هەروەك لە زنجیرە تەمسیلییەکە

دادەبینرێ  جگە لە کۆدە گوتەییەکە (ئەتوانین ئەم موناقەشەی ئێستا هەڵگرین بۆ بەیانی ؟) لە ڕوخسار و ڕیتمی دەنگیشی نائامادەیی خۆی نیشان دەدات، (لەسەعاتی (١١) ی شەو) دەکرێ هەڵگری کۆمەڵێ  زانیاری نهێنی بێت، یەکێ لەم زانیاریانە دایکی(ج) بێ ئاگاداری باوکی(ب) پێی ڕاگەیاندووە (باوکت ئەڵێ بۆنی لێیێ) ، کە لەوانەیە بە زانینی (ب) لە کەسایەتی (أ) کەم بێتەوە، یا (أ) نەیەوێ یا لەڕووی نەی ئاشکرابوونی ئەم نهێنییە لەزاری  (ب) ببیستێ. چونکە وەك (باوك و کوڕ) لەوانەیە مامەڵەی (ب) باوك لەگەڵ (أ) بگۆڕێت، بەمەش پەیوەندی نێوانیان نالەباربێت.

١٦-[١]

أ- فخریە خان، هەوکە زۆری لۆکەمی نەرێین، گوریێ، ئەوە مێردی کرد دەچێتە ڕێی خۆی.........................

ب- ئەوجا مەخسەدت چییە ؟

ا- ئەهاهە...دەمینێتەوە  ئەتو و سالاری کوڕت، ئەنگۆش هەرچنەبی لەبۆ ئەوەی مستەقبەلەکی تەئمین کەی لۆسالاری، پێویستیتان بە پیاوەکی هەردەبی ئەوە ئەمنیش حازرم و باوەشم لۆ تانکردیتەوە.

ب- ئەها تێبگە، جێ نینۆکەکی سالاری بەهەزار پیاوی وەکی تۆدەدەم جارەکی دیش گێم لەو قسە ساردوسڕانەبی دەتکەمە قەشمەری ئەو بازاڕەی، تێگەیشتی.

..........................

ب- ..........جارەکی دی نێمە بەر دوکانت ڕەبی سەرت خوا....

ئەم جۆرە داوایە لەلایەن (أ) لە کۆمەڵگای ئێمەدا نەگونجاوە، بەتایبەتی کاتێك خاوەن داوا خۆی قسەکەری داوای خۆیەتی لەگەڵ ڕەچاو نەکردنی کات و شوێنی پەیوەندییەکە، بۆیە ئەم کاردانەوە لە (ب) دا دەبینرێ بەگەڕانەوەمان بۆ تەمسیلەکە بە جوڵەی جەستە و بەرزکردنەوەی دەنگ و تووڕەیی....هتد ئاشکراترە هەتا

١- فەیسەڵ مەحەممەد سالح ، پێش ڕاپەڕین.



شڵەژانەکەی بەجۆرێکە لەبری ئەوەی بڵێت (بە هەزار پیاوی وەکی تۆ نادەم) دەڵێت (دەدەم). دوعالێکردن و جوێن دان، کە لە پەیوەندییەکانی دیدا بەگەڕانەوە بۆ فلیمەکە لەلایەن  (ب)ەوە نەبینراون کەچی لێرەدا بە هۆی نەشیاوی قسەی  (أ) ئەم کاردانەوەیە دەبینرێ و دەبێتەهۆی پچڕانی پەیوەندی (ب) لەگەڵ (أ).

زۆرجاریش پەیوەندیکردن دەشێ وەك هۆکاری دڵدانەوەو ورە بەخشین بەکاربێت :

١٧-[١]

أ- کاك سەفین خوای گەورە هەریەکەمان بە جۆرێك تاقی دەکاتەوە هەیە بەنابینایی هەیە بەلاڵی، هەیە بە کەڕی،  هەیە بە  هەژاری، هەیە بە دەوڵەمەنیش، هەیە وەك جەنابت  منداڵی ناداتێ جارێ، ئەوەی لەسەر ئێمەیە، پێویستە سەبر بگرین، شوکری خوابکەین.

..................

ب- بڕوات هەبێت ئەو قسە خۆشانەی جەنابت لۆمن هەمودنیایێ دێنێ، وەڵڵا هەرجارێ دێمە حزور جەنابت مامۆستا، جا چ لەماڵێ بی یان لە مزگەوتێ بێت، ئەمن دڵم زۆر ڕووناك دەبێتەوە دڵم فراوان دەبێ.

پێگەی (أ) لە کۆمەڵگادا ڕێزی لێ دەگیرێ کە (مەلا) یە بەمەش وتەکانی بۆ (ب) کاریگەری هەیە، کاتێك بارگاوی کراوە بە بیڕو ڕایەك،  کە بیڕو ڕای گوێگر (ب) یش پێکدەهێنێ، دروستکردنی پەیوەندی (ب) لەگەڵ (أ) یا بلێین هۆگربوونی (ب) بە (أ) تەنها دەگەڕێتەوە بۆ ئامۆژگارییەکانی (أ) کە کاریگەری  لەسەر دەروونی (ب) جێدەهێڵی چونکە (ب) بەهۆی ئەو بارەی تێی کەوتووە لە کۆمەڵ دا ڕۆژانە برینداردەکرێ بە وتەی (وجاغ کوێرە، نەزۆکە.....). ئەمە بەگەڕانەوەمان بۆ زنجیرە تەمسیلییەکە زیاتر  بەدەردەکەوێ.

١- ئوسامە جەمیل (٢٠٠٧).

زمان له زۆربـاردا بۆتێکـدانی پەیوەنـدی نێـوان تاکـەکان بـەکاردێت ، بەتایبـەتی ئەگـەر ئـەو کەسـەی کـە گلـەیی لێـدەکرێت یـا شـتی بۆهەڵدەبەسـترێت لـە بازنـەی پەیوەندییەکە ئامادە نەبێت :

**١٨-**[1]

أ- سەرت لە برادەرەکی دا یا سەرت لە مامت دا ؟

ب- ئەومومشکیلەی تو نییە تا تەداخول بکەی ؟

............

............

أ- لەباتی چاکەی خەمت لێ دەخۆم، دەلێم با توشی مشکیلەی نەبی لەگەڵ بابت.

ب- ئەمە هیچ مشکیلەمان نییە، ئەگەر ئەتو وازمان لێبینی.

پەیوەندی کۆمەڵایەتی (أ) لەگەڵ (ب) لە کوڕ و زڕدایک (باوەژن) خۆی دەبینێتەوە پەیوەندی ئەم دووەش لەکۆمەڵگای ئێمەدا بەگشتی لەبارێکی نالە باردایە ئەم وتەی (ب) (هیچ مشکیلەمان نییە، ئەگەر ئەتو وازمان لێبینی) جەخت لەسەر ئەو نێوانییەدەکات کە (أ) لە نێوان (ب) کوڕ و (ج) باوکدا دەی کات هەمیشە ئامێری ئەم نێوان تێکدانەش لەبەکارهێنانی زماندایە، (أ) (ماڵێ مام) کە لە لایەن (ج) قەدەغەکراوە بۆ (ب) دەکات خاڵی بەهێزی تێکدانی نێوان (ب، ج)، چونکە (ب و ج ) متمانەیان بەیەك هەیە تەنها لەو خاڵە دا یەك ناگرنەوە (أ) ئەم خاڵە وەك هێزی پاڵنەری تێکدانی پەیوەندی نێوانیان دادەنێ هەروەك بەگەڕانەوەمان بۆ زنجیرە تەمسیلییەکە زیاتر ئەم ڕاستییە ڕوون دەبێتەوە :-

١- ئوسامە جەمیل (٢٠٠٧).



**١٩-**[1]

أ- ئەوجا ئەگەر سەفەرت هاتە پێش دەبێ ئەمن بۆ ئاراسە فەنی بە جێبهێڵی ؟

ج- لۆ ؟ ئاراس ؟

أ- چی خراپە بەمنی کردیە هەزار قسەی بەمن وتووە.

ج- باوەڕناکەم.

أ- دیارە ئەمن درۆی دەکەم ؟

ج- مەخسەدم ئەوەنییە ئەمان ئاراس ئەوەی لێ ناوەشێتەوە.

...........

أ- ئێ خۆ من هیچم نەوت بەس ئەوەندەم وت لەبەر خاتری بابت هاتوچۆی ماڵێ مامت مەکە وازلەماڵی مامت بێنە.

ج- لۆ دیسان سەری لەمامی دابوو ؟

أ- تەبعەن لەبەر ماڵی مامی ئاگای لەهیچ مایە.

...........

ج- ئەوها ؟ ئەمن عیلاجی دەکەم.

أ- ئەوجا بتدیتبا کو لەسەر من هاواری دەکرد وەڵڵا کەس ئەو ها هاواری لەسەر دوژمنیشی ناکا

(ج) هەرچەندە دڵنیایە لە هەڵسوکەوتی (ب) کەدەڵێ (باوەڕ ناکەم) بەڵام پاکانەی (أ) (من هیچم نەوت بەس ئەوەندەم وت لەبەر خاتری بابت هاتو چۆی...) وەك هێزی ڕاکێشانی (ج) بەکاری دەهێنی، چونکە دەزانێ (ج)بەم هەڵسوکەوتەی (ب) دڵگرانە، لە ڕێگەی ئەم خاڵەوە (أ) ڕاستی قسەکانی بۆ (ج) دەسلمێنێ، کە لە ڕاستی دوورن. بەگەڕانەوەمان بۆ زنجیرە تەمسیلییەکە زیاتر ئەم ڕاستییە ڕوون دەبێتەوە :

١- ئوسامە جەمیل (٢٠٠٧).

٢٠- [1]

ج- هەی بێ تەربییت کوو درت هات ئەو قسانە بە شیرینی بڕیی، ها، شیرن ئەدی لە جێ داکت نییە.

ب- بابە بڕوات هەبێ قسەم پێ نە گۆتییە ئەو قسانە لەمن ناوەشێتەوە.

ج- بەس بت دیتبا هەرچاوەکی ئەوەندەلێ کردبوو قابیلە لەو گۆڕە، بوختانت پێ دەکا.....

قسەکانی (أ) لە نموونەی (١٩) کاریگەری لەسەر (ج) دروست کرد، کە ڕەفتاری زمانی خۆی لەگەڵ (ب) بگۆڕێ بەجوێن هەرەشەی لێ بکات.

---

١- ئوسامە جەمیل (٢٠٠٧).



## ئەنجامی لێکۆڵینەوەکە:

لەدوتوێی ئەم لێکۆڵینەوەیە ئەم ئەنجامانە بەرجەستە بوون :

١- چەندە دیاردە و بارە کۆمەڵایەتییەکان کاریگەرن لەسەر بەکارهێنانی زمان، بەکارهێنانی زمانیش ئەوەندە کاریگەری هەیە لەسەر دیاردە و بارە کۆمەڵایەتییەکان، هەمیشە لەکارلێکێکی بەردەوام دان.

٢- نالەباری باری دەروونی و باری جەستەیی شان بەشانی نەشارەزایی لەکەلتور و نەگونجاوی ژینگەی پەیوەندیکردن کاریگەرییان هەیە لەدروستبوونی ژاوەژاو و بەتەواوی نەگەیشتنی مەبەستی پەیام.

٣- پێوەرە کۆمەڵایەتییەکانی قسەکردن کاریگەری زۆریان هەیە لەسەر پەیوەندیکردنی تاکەکان:

ا- قسەپێبڕین , کە هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ:

- لێنەهاتویی گوێگر لەبواری پەیوەندیکردندا.
- بەرزی دەسەڵات و پلە و پایەی کۆمەڵایەتی گوێگر.
- زۆربلێیی قسەکەر، کە کایە نادات بەگوێگر.
- بریندارکردنی هەستی گوێگر لەلایەن قسەکەر .

کاردانەوەیەکە کە تاك لە ئەنجامی بوونی یەکێك لەو هۆیانەی سەرەوە پیشانی دەدات , وەك هەڵچونێك لەرەوتی کردەی قسەکردندا دەبینرێ کاریگەری هەیە لەپەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان.

ب- ئەگەر ڕادەی گوێگرتن لەلایەن گوێگر زیاد بێت پەیوەندی نێوان گوێگر و قسەکەر پتەوتر دەبێت ڕادەی گوێگرتنیش پابەندە بە :

- ئەو بابەتەی کە قسەکەر باسی دەکات .
- جیاوازی تەمەن و پێگەی قسەکەر.
- لەباری شێوازی قسەکەر، ڕاکێشانی سەرنجی گوێگر.
- گونجاوی بارودۆخی قسەکردن (نەبوونی ژاوەژاو).

٤- پێگە کۆمەڵایەتییەکان (سیاسی، ئایینی، ئابووری، رۆشنبیری، کۆمەڵایەتی ، نزیکی دەروونی، تەمەن) کاردەکەنە سەر چەندییەتی و چۆنیەتی کارابوونی زمان.

٥- هەروەك چۆن كار و پیشە و پایە دەبنە شوناس و پێناسە بۆ كەسایەتی تاك ، وەك (سیاسیە، دەوڵەمەندە، هەژارە، بەدینە، ڕۆشنبیرە،........) چۆنییەتی بەكارهێنانی زمانیش دەبێتە پێناس و شوناس بۆ تاك وەك (قسەزانە، قسەڕەقە، قسە خۆشە، زمان لوسە، درۆزنە، كەم دووە ، ڕاستگۆیە......).

٦- كاریگەری كۆدە ناگوتەییەكان كەمتر نییە لە كۆدی گوتەیی بۆ پچران و پتەوكردنی پەیوەندییە كۆمەڵایەتییەكان.

٧- كۆدەكانی بارودۆخ و كۆدە دروستكراوەكان، كاریگەرییان هەیە لە بە هێزكردن و لاوازبوونی پەیوەندییە كۆمەڵایەتییەكان ئەم كاریگەرییەش لە كۆدی گوتەیی كەمتر نییە ئەگەر زیاتر نەبێت.

٨- لەباری و نالەباری پەیوەندی كۆمەڵایەتی هەر لە سەرەتای دەربڕینی هاوسۆزی بۆ یەكتر ڕوون دەبێتەوە.

٩- زۆر بنەما هەن، كە ڕەچاوەنەكردنیان لەكاتی قسەكردن دەشێ ببنەهۆی گۆڕینی پەیوەندییە كۆمەڵایەتییەكان بەئاڕاستەی نایی :

- پشت گوێخستنی (سڵاو) یا دۆزینەوەی دەرفەتی دەست بەقسەكردن.
- ڕەچاونەكردنی دووری فیزیكی قسەكەر.
- ڕەچاونەكردنی تەمەنی گوێگر لەلایەن قسەكەر، یا خۆ بە گەورە زانینی قسەكەر.
- ڕەچاونەكردنی تۆنی دەنگی لەكاتی بانگكردندا.

١٠- قسەكەر لە بری ئەوەی ڕاستەوخۆ قسەبكات، ناڕاستەوخۆ توانج ئاراستەی گوێگر دەكات لەبەر ئەم هۆكارانە:

- بۆ ئەوەی گوێگر دڵی نەشكێ.
- لەوانەیە پەیوەندی كۆمەڵایەتی قسەكەر لەگەڵ گوێگر پچڕابێ، هەرچەندە گوێگر بوونیشی هەیە لەبازنەی پەیوەندیكردنەكەدا.
- قسەكەر پێیوایە لەڕێگەی توانجەوە مەبەستەكەی كاریگەرتر دەپێكێ.



## لیستی سەرچاوەكان:

### سەرچاوە كوردییەكان:

١- ئازاد ڕەمەزان عەلی (٢٠٠٥)، بنەما زمانییەكانی داڕشتنی هەواڵ لە ڕۆژنامە كوردییەكان (لەنێوان ساڵانی ١٩٩١-٢٠٠٠) ، نامەی دكتۆرا –بڵاونەكراوە- ، كۆلێژی زمان، زانكۆی سەلاحەددین، هەولێر.

٢- ئاڤێستا كەمال (٢٠٠٦)، پراگماتیكی ڕستەی پرسیار و فەرمان لە دیالێكتی كرمانجی خواروودا، نامەی ماجستێری –بڵاونەكراوە-، كۆلێژی زمان، زانكۆی سلیمانی.

٣- ئیبراهیم فەقێ (٢٠٠١)، پرۆگرامی زمانەوانی دەمارگیری و هونەری پەیوەندیكردنی بێ سنوور، كندا، و: كەمال عەلی (٢٠٠٦)،خانەی چاپ و پەخشی ڕێنما، سلێمانی.

٤- ڕێبین ڕەسول و دیار عەزیز شەریف (٢٠٠٤)، ئەنترۆپۆلۆژیا لێكۆڵینەوەی تیۆری ، دەزگای چاپ و پە خشی ڕێبین، هەولێر.

٥- زەیتۆ شێخانی (٢٠٠٧)، زمانی جەستە و ڕۆلی لە ژیانی ڕۆژانەماندا، گۆڤاری ڕامان، ژمارە (١١٩)، هەولێر.

٦- ساجیدە عەبدوڵا فەرهادی (٢٠٠٣)، ڕستەو پاش ڕستە (تێڕوانینێكی ئەركی) ، نامەی دكتۆرا - بڵاونەكراوە-،كۆلێژی ئاداب، زانكۆی سەلاحەدین، هەولێر.

٧– عەبدولواحید موشیر دزەیی(١٩٩٩)، پێكهاتی ئاخاوتن لەزاری هەولێردا، نامەی ماستەر-بڵاونەكراوە-كۆلیژی ئاداب،زانكۆی سەلاحەددین-هەولێر.

٨- عەبدلواحید موشیر دزەیی (٢٠٠٥)، ڕەهەندی دەروونی لە بواری ڕاگەیاندن دا، چاپخانەی شەهاب، هەولێر.

٩- كاوە عەبدالكریم (٢٠٠٧)، زمان وپرۆسەی پەیوەندیكردن، گۆڤاری ڕامان، ژمارە (١١٨)، هەولێر.

١٠- محمد مـەعروف فـەتاح (١٩٩٠)،زمانـەوانی، چـاپخانەی زانكـۆی سـەلاحەدین، هەولێر.

١١- میدیا (١٩٩٨)، سەرەتاییێکی زمانناسی، سلێمانی.

١٢- نەسرین محەمەد فەخری (١٩٧٦)، هەندێ زاراوە و ئیدیۆمەی کوردی لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەیان لە ڕووی زمانەوە، گۆڤاری کۆلیجی ئەدەبیات — زانستگای بەغدا، ژمارە (١٩)، چاپخانەی **(دار الجاحظ)**.

١٣- نەسرین محەمەد فەخری (١٩٨٥)، پەرەسەندنی واتای وشە و دەوری لە دەوڵەمەندکردنی زماندا، گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، ژمارە (١٠٧)، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی کوردی، بەغدا.

١٤- هێمن عەبدول حەمید شەمس (٢٠٠٦)، شێوازو دەربڕین لە بۆنەکۆمەڵایەتییەکاندا نامەی ماجستێر -بڵاونەکراوە-، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی کۆیە.

١٥- وریا عمر ئەمین(١٩٩٤)، هێزو ئاوازە، گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، ژمارە. ١٣٤، بەغدا.

**سەرچاوە عەرەبییەکان :**

١٦- ألن بيز (؟)، لغة الجسد (كيف تقرأ أفكار الآخرين من خلال إيماءاتهم)، ت: سميرشيخاني (١٩٩٧)، دار العربية للعلوم، بيروت.

١٧- جمال حسين العتابى (٢٠٠٦)، أهمية وسائل الاتصال في العلاقات العامة، مجلة تواصل، عدد الثامن، بغداد

١٨- جون سيرل (٢٠٠٠) , العقل واللغة والمجتمع (الفلسفة في العالم الواقعي) , ت:سعيد الغانمي (٢٠٠٦), الدار العربية للعلوم , بيروت.

١٩-حسن عماد مكاوي(٢٠٠٥)، الإعلام و معالجة الأزمات، دار المصرية اللبنانية، قاهرة.



٢٠- حسن عماد مكاوي و سامي الشريف (٢٠٠٠)، نظريات الإعلام، مركز جامعة القاهرة للتعليم المفتوح.

٢١- سميع أبو مغلي (١٩٧٨)، كتابات في اللغة، شريكة الأصدقاء للطابعة والتجارة.

٢٢- صالح أبو إصبع (١٩٩٩)، الاتصال والإعلام في المجتمعات المعاصرة، ط ٣، دار آرام للدراسات والنشر، عمان، الأردن.

٢٣- على الوردي (٢٠٠٥)، خوارق اللاشعور، منشورات سعيد بن جبير، إيران.

٢٤- فيصل دليو (٢٠٠٣)، اتصال المؤسسة (أثار —علاقات عامة —علاقات مع الصحافة)، دار الفجر للنشر والتوزيع، قاهرة.

٢٥- محمد على الخولى (١٩٨٢)، معجم علم اللغة النظري، مكتبة لبنان، بيروت.

٢٦- موفق الحمداني (١٩٨٢)، اللغة و علم النفس، طبع بمطابع مديرية الكتب الطباعة والنشر جامعة الموصل.

٢٧- موفق الحمداني (٢٠٠٤)، علم النفس اللغة (من منظور معرفي)، دار المسيرة للنشر والتوزيع، عمان.

٢٨- منى سعيد الحديدي و سلوى أمام على (٢٠٠٦)، الإعلام والمجتمع، ط٢، دار المصرية اللبنانية، قاهره.

٢٩- نايف خرما (١٩٧٨)، أضواء على الدراسات اللغوية المعاصرة، سلسلة عالم المعرفة، سلسة (٩)، الكويت.

٣٠- هادى نهر (١٩٨٨)، علم اللغة الاجتماعي عند العرب، دار الغصون، بيروت.

٣١- هدسن (١٩٨٠)، علم اللغة الاجتماعي، كامبريدج ، ت : محمود عبدا لغنى عياد (١٩٨٧)، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد.

**سەرچاوە فارسییەکان:**

٣٢ – لويى– ژان كالوه (١٩٩٦)، درآ مدى بر زبان شناسى اجتماعى، پاريس،ت : محمد جعفر پوينده، ١٣٧٩، انتشاران نقش جهان، تهران.

٣٣– ليونارد بلومفيلد (١٩٦٥)، زبان،ت : على محمد حق شناسى ( ١٣٧٩)، مركز نشر دانشگاهى، تهران.

٣٤– محمد رضا باطنى ( ١٣٧٦)، مسائل زبان شناسى نوين (ده مقاله)، چاپ ٤، مؤسسه انتشارات اگاه.

٣٥– نادر جهانگيرى (١٣٧٨)، – زبان، باز تاب زمان، فرهنگ و انديشه –، انتشارات أگاه

**سەرچاوە ئینگلیزییەکان:-**

36- **Bell, Roger T**. (1978), Sociolinguistics (Goals, Approaches and Problems) , 2nd ed , B.T.B Atsford LTD ,London

37- **Crystal ,D**. (2003) , Dictionary of linguistics and phonetics, 5th ed. United Kinddom.

38- **Pearson , J., Nelson.p , Titsworth , S. and Harter,L**. (2003), Human communication , McGraw-Hill higher Education.

39- **Rasul ,kawa Abdul Kareem** (2006),The syntax of Journalism with Refernce to English and Kurdish , salahddin University -Erbil,Master Degree.

40- **Shams, G. and Wiig , E**. (1982), Human Communication Disorders (An Introduction),U S A.



41- **Track ,R.L**. (1993) , A Dictionary of Grammatical Terms in Linguistics, Rutledge.

42- **Wardhaugh , R.** (1986) , Introduction to Sociolinguistics, GB T.G. Press Ltd, Pad stow.

**سەرچاوەی نموونەکان :**

٤٣- ئوسامە جەمیل عەلی (٢٠٠٧)، زنجیرە درامایکوردی (ئازارەکانی بارام) ، بەرهەمی تەلەفزیۆنی یەکگرتوو .

٤٤- حسێن میسری (٢٠٠٤)، زنجیرە درامای کوردی (خۆرنەوازان)، بەرهەمی تەلەفزیۆنی خاك.

٤٥-حسێن میسری (٢٠٠٦)،زنجیرە درامای کوردی (گوڵەکانی ماڵئاوایی)، بەرهەمی کەناڵی کوردسات.

٤٦- فەیسەڵ مەحەمەد ساڵح (پێش ڕاپەڕین)، چیرۆکی تەمسیلی کوردی (گەڕەکەکەمان)، بەرهەمی تەلەفزیۆنی تەئمیم.

٤٧- یەشار کەمال (؟)، ئەفسانەی کوێر ئۆغلی، و: شکور مستەفا (١٩٧٩)، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق، بەغدا.

## خلاصة البحث


(تفعيل اللغة في العلاقات الاجتماعيـة) وهـو عنـوان هـذه الرسـالة... تهـدف الى الاجابة على تساؤلات متعددة منها :-

متى وكيف يمكن تفعيل اللغة ؟ وهل للمتصلين دور في هذا التفعيل، ومدى قدرة اللغة في قطع وفسخ و توطيد العلاقات الاجتماعية.

تتكون الدراسة من مقدمه وثلاثة فصول وخاتمة موجزة فيها أهم النتائج وقائمـة بأسماء المصادر والمراجع : -

يتضمن الفصل الأول دراسة نظام الاتصال عـن طريقـه ثـم توضـع علاقـة الاتـصال واللغة وبيان مفهوم وأنواعه ونظرياته، من خلال التركيـز علـى الاتـصال الشخـصي و وظيفته وحاجة الاتصال الشخـصي و عمليـة الإقنـاع، وثـم توضـع عناصـر الاتـصال المتمثلة في المتكلم والسامع والرسالة والشفرة والتشويش، إذ إن لكل فهما تـأثير وردة فعل على تفعيل اللغة.

خـصص الفـصل الثـاني لدراسـة العوامـل المـؤثرة في تفعيـل اللغـة في العلاقـات الاجتماعية، وثم توزيعيها إلى عوامل، ذاتية للغة، وعوامل اجتماعية.

وفى محور العوامل الاجتماعية ثم التطرق إلى المبادئ والمعابر الاجتماعية للكـلام مـن خلال التأكيد على دراسة الثرثرة وقطع الكلام، قلـه الكـلام، رفـع الـصوت، إيفـاء الـسؤال، الاستماع، بالإضافة إلى دراسة تأثير الموقع الاجتماعية للمتكلم والسامع على تفعيل اللغـة، وبيان الموقع السياسي والديني واجتماعي والاقتصادي والثقافي ، لكل فهما.

وضمن مبحث التأثيرات اللغوية تم بيـان القـيم اللغويـة الـتي تـؤدى في حـال تحميلـها إحداث ردة فعل، في سلوك وتـصرفات المتـصلين ، ثـم أكـدنا علـى بيـان الكلمـات المحظورة اجتماعيا و اللغة الموازية وحركة الجسم و الاقتراب و اللمس و الموقف البدني.

الفصل الثالث والأخير فقد خصص لتطبيق المبادئ النظرية الموجودة في الفصلين السابقين، وتم أخذ العينة والنماذج من الأفلام والـدراما الكرديـة بعتـه الوصـول إلى المبتغـى والهـدف الأساسي وذلك عن طريق الوسائل المسموعة والمرئية.




## Abstract


Language Activity in Social relationship, is the title of this thesis. It is an attempt to answer the questions ,when does Language become active ?How does it become active? Do the Speaker and listener affect Language activity in Social relationship? Is Language a factor for weakening or strengthening of the Social relationship ? And so on.

The study consists of an introduction , three Chapters some conclusions.

First chapter deals with Communication system to illustrate the relationship between language and Communication. it also deals with the definition, types, and theories of Communication. The study is restricted to person Communication, and theories of Communication. Its functions, importance, satisfaction process and Communication components which include, speaker, listener, message code and noise.

Second chapter is about the factors that affect language activity in social relationship.the factors are of two types: Linguistic and social. Social factors include rules and conventions. Tallkative interruption , being rescued , raising voice , questioning are emphasized. It also deals with effects of political, religionus, cultural and social status of speaker and listener or Language activity. Linguistic factors deal with Linguistic values this accompanies Language and affect the behaviors of speaker and listener. Here, the concepts of taboo and paralanguage body movements, territory and accidentsareemphasized..

Third chapter is the applications of have two theoretical chapters. the data are taken from Kurdish films and plays in order to reach at our aim through voice vision of Communicators. The thesis ends in some conclusious and abibliography list ofreferences.